1998 _ 1996
کوردستان _ ئەڵمانیا

## زەمەنی فەنابوون بە دوای شیعرو چەند مۆرفیمێکی دەستپێک ... زانا خەلیل

-1-

"سەفەرەکان".. لە نیوە شەوێکی لێڵی عاتیفە ئامێز، لە کاتێکدا ئێمە مانەندی شەوانی ئافەریدەکردنی بونیادی "فیردەوسی بەفرەکان" بە یەکەوە لە سەفەری ڕۆچوون بووین ڕووەو ڕووکەشیی و، لەوێش بەرەو جەحیمێکی ئەفسوونکار، کە خۆمان ناومان نابوو فیردەوس.

لە بۆرەتارێکی عەشقئامێز، لەو چرکەساتەی ئێمە پێکرا خۆمان دەدایە دەم هەناسەی ـ با ـ و بە فووی نەسیمی ئێوارەیەکی بەهاری دەکەوتینە فەزاییێك بە ناوی سەفەر..

دۆگما یان ڕاستگۆ بووین و خۆمان دەهێنایە چەواشە یا نێو حەقیقەت.. ئێستەیش درەنگانی دەستی کۆنیاك و فەلو ڤۆدگا و مەرگ تکیلە دەگرین و تاوی لە بارەکان و دواتر لەبەردەم چوارڕیانی گەلەریەکان بۆ دەمی پەنهانی عاتیفە پرووکاوو، دڵە شەقبووەکانمان بە نهێنی لای گوێچکەی شەو دەدرکێنین و، بە نەستیش تا لای ((ئیسکان)) ی شەوانی تەخەییول گزنگ دەفرۆشین.

ئێمە خۆمان دەخەڵەتێنین و هەر بۆ ئەوەیش هاتین، خەڵەتاندن حەڵقەیەکی ئەڵماساوی لەززەتە.. ئەوەیان زەمەن فێری کردین و هەر ئاواش لە تەمەن فێربووین.. ببوورن گوناحی من نیە..

بەڵێ: ئەو بۆرەتارە گزنگاویەی زرنگانەوەی گلاسی وێسکی و، هەڵەمووتی ڕۆحمان دەرەزی برد و، ئێمەیش لە نێو تەنها چوار پێنج کورسی و مێزێکی لەت و پەتی شەکەت وەك ڕۆحی بێوڵەتی نیشتیمانم، ماراسۆنی عەشق و سەمای ڕۆندکمان بۆ یەك دەژمارد.. ئا.. ئەو دەمەبوو، هەر ئەو دەمەبوو، بۆ ڕزگاربوون لە سڕانەوەو فەنا و فەوتان دەستپێکی "سەفەرەکان" هاتە بوون و، بێئاگا لە هاوڕی شێت و شەکەتەکانم، لە دابڕانەوە یەکەم هەنگاوی ئەو سەفەرە ئەزەلیە خۆیکرد بە لەتێکی کۆئەندامی ڕۆحم و، تا ئێستایش چرۆ چراییێکی نەکوژاوەی پەنجەکانمە..

دوا بە دوای "کرنووش 1995" و "فیردەوسی بەفرەکان 1996".. ئەوەیان بە چاپگەیاندنی سێیەمین گوزارشتی کۆلەحەزاتمە لەو ئاتلایەی هەستکردنم بە بوونی خۆم.

من لێرەدا نامەوی باسی ئەو "سەفەر"ە بکەم، هێندەی ویستمە لە ڕێگای ئەو سەفەرەوە دیدی خۆم لەمەڕ دنیا نامۆو لێڵەکەی شیعر لە "ئێستا"دا بخەمە ڕوو.

چونکە لام وایە یەکی لە کێشە ئەزەلیەکانی سەرجەمی لایەنە ئەدەبی و شارستانیەکانی کورد، نەبوونی تەرحە لە هەر مەسەلەیەك، بۆیە ئەمەش کاری کردۆتە سەر نەبوونی دیالۆگێکی تێر و تەسەل و ڕشتەنان ڕووەو دۆزینەوەو هەڵکراندنی نۆژەن..

پاش زەمەنی ڕاڤە و ڕۆچوون و ڕەهەند، دوا بە دوای سەردەمی ئاوێزان و ئاوێتەیی لە مەستیی و ڕوئیا و شەونخونیی و.... هتد "سەفەرەکان" هاتە بوون و منیش چەند سەرنجێکم سەبارەت بە شیعر لە ((ئێستا)) دا بۆ هاتە گەلاڵە بوون.

-2-

گەر بێت و ژیانتکرد بە کۆتەڵێکی ئێمە ئاساو ڕۆچوونێکی فەلسەفی – فسیۆلۆگیت، نەشتەرگەریانە بۆ هێنایە وجود، ئەوا بێدڕدونگی پۆلێنیدەکەیت بۆ سەدەها و بگرە هەزارەها بوقعەو دەیخەیتە بەر بلاجکتۆری ڕامان.. ئەدەبیش بە درێژایی بوونی تاوەکو ئێستا، لقوپۆپی بە پێی قۆناغە سەیرەکانی ژیان و، پێویستیەکانی سەردەم و، حاڵەتە سایکۆلۆجیەکان و، فاکتەرە ڕامیاری و، ئابووری و

کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەکان و.... هتد.. پەرشبووەو هەردەمەو ڕەزمی گوزارشت و فۆرمێکی کردۆتە زمانحاڵی فەردو وایکردووە بە شێوازێك لە شێوازەکان کەڵوازو تۆف و شڵۆڤەی هەڵچووی ناخی هەناسەکانی دامرکێتەوە و ئۆخژن بگری.

لام وایە هێنانە ئەفراندن و تەرجەمەکردنی شتە ڕەنگاوڕەنگەکانی فەنتازیا و خەونەکان بۆ سەرزەمینی ڕاستی لە ئەتمۆسفێری تێکستێکدا گوێنەدانە بە ڕای گشتیی و شەکاندنەوەی بەیداخی زاتە لە ترۆپکی مەمکی رۆمانسیەت، کە ئەویش ڕاستەوخۆ دەبی سیمبۆلی سەربەستییێکی ڕەهای شاعیر بێ.... دەرئەنجامی کوژاندنەوەی چرای تاریکی تەواوی کۆتەکان و، هەموو پەیوەندییەکی تری مرۆڤ و سرووشت و کابوسە میتۆلۆژیەکان.. داهێنان و حاڵەتی نوی دروست دەبی.. دەبا ئێمەیش بۆ تاوی لەسەر ترۆپکی هەڵەمووتی خود بوەستین و هەریەکەو بۆخۆی ماراسۆنی عەقڵ و بێهۆشیی و سۆزو چرکەساتە نامۆکان بکا و سەمای قامکەکانی بێنێتە سەما.

- 3 -

لۆژیك بوونێکی کۆمێدیە لە پانتایی شانۆگەری وشەکان.. گەڕان بە دوای پێناسی شیعر وەکو گەڕانە بە دوای میتافیزیك و خوێندنەوەی چارەنووس و ئایندە بەڵام بە شێوەیەکی جیاتر..

دەشی دوای ئاسۆ تارماییێکی لێڵو ترسناك ڕەگداکوتی.. وە بۆ داچەسپاندنی کرۆکی هەر کۆتاییێك، شەفەقێکی نوێ و نامۆ ساحیرانە پێڵوەکانی بترازێنی..

سەیرە، زۆریش.. ! کی دەیزانی سەرجەمی تاقیکردنەوە خۆشەویستیەکان گەڵاڕێزان دەبی و، سەر لە نوی قەدەر دەتخاتەوە ئامێزی پەرجوو.. لەگەڵ سیحرێکی تر بە سیمفۆنیاییێکی رۆژهەڵاتیانە کرنووشی ئەڤینێکی شیعریانەت پێدەبا.. ؟

کی هەیە لەو گەردوونە بە فەشەلی ئەو عیشقەت بزانیو لەتێکی سینگی ئایندەت پێببەخشی؟ ویستمە بڵێم: کی دەیزانی تۆ دەبیت بە عاشقی شیعرو وەك ئومێدی خەوتن لە نێو پرچی سەرووی شوێن و کاتەکان دەبێت بە پێداویستییێکی تا هەتایی.. ؟ من لێرەوە لێدەگەڕێم خۆتان سەفەری بە نێو ئەو سەفەرەدا بکەن و لەنێو سەفەرەکانی ئەو سەفەرەدا سەفەربکەن...

سەفەرەکانی ئۆرشەلیم

# سەفەرەکانی ئۆرشەلیم

لە پۆل پۆلی ئەسپی ڕامانی سینەی بەفرو
میحرابی شەقار شەقابووی ئەندێشەی ڕۆحی - با - و
زەنگوڵ زەنگوڵی نەفەسی
ئەو ئەستێرەیە ئەرژەنگەش بخوازە
دەبا بارێزی {فوو}
بەسەر ئەو تاوەرانەی عەشقدا بپرژێنی
کە دوێنی لەسەر
لم
و
سارا

و
ئاودا
هەڵچوێنران.
لەو کۆترە بڕۆنزیانەی بەرائەتیش
{سوورکردنەوە}
لە گێژاوە بە هاشوهوشەکانی وەفاو
ئەو گەرداوانەی
براکانی فێری گومانکرد لە یەقین.
ئەو گەردەلوولانەی ڕۆح
بکە زونارێکی ئاورینگی و
بیخە بەر سیمای ئەو شەوانەی لە خەرەند دەکەون.
بڕوایشت بەو پێغەمبەرانە نی
کە لە پێستی
تاووس
و
سەحەر
و
سامالدان.
ئەی فیردەوساویترین سوتماکی گوناحی
من و یەزدان:
{ئەپریل دژوێنیترین مەوسیمە }
وەختی چۆڕانی شەونم شەونمی ڕۆح
فوراتە سیراتاویەکەی گزنگیترین ئاونگ بوو
سەفەریترین سەراب و
تلیاکی دۆزەخیترین عەشق بوو
شەوێنیترین باران و
باراناویترین بەفرو
بەفراویترین
پردی راهیبە بەفراویەکانی کڵێسە و
کڵێساویترین دارسێوە بێبەینەتەکانی یەزدان بوو
ئەی شەواویترین دارستان و
جەحیماویترین گوڵزاری حاڵەتەکانی من:
لە پشت ڕەحمی دەنووکی ڕەحمەت و
ئەودیوی بارانە وشکەبوو
و
ناو نسیب و
قەدەر و
قیامەت
یەك ئێوارە وەرە..

ئێوارەیەك ئەو چركەساتەی
كە مانگەكان نیگاكانیان لە پاپۆرە نغرۆبووەكانی
قامكیان نقووم دەكەن.
ئێوارەیەك..
ئەو چركەساتەی زەریاكان
لە گلێنەكانی پیرەمێردەكە دەژاكێن و
بە ناكامی دێنەوە..
ئێوارەیەك..
ئەو چركەساتەی
كە پەنجە شووشەییەكانی عەشق
نغرۆی زەلكاوی كۆچە و
بۆ هامشۆی گزنگی ڕۆحت دەبروسكێنی
ئێوارەیەك ئەی خودا تەنیا ئێوارەیەك
ئەو چركەساتەی..
بمبورە
ئەو ئێوارەی بەر لە موخبیریم مەبەستە
ئێوارەیەك..
لەسەر وردە ڕۆحی شلەژاوی
گلێنە برۆنزیەكان
گوناهێك خیانەتی ڕۆحانیت
بۆ دەنووسمەوە
خیانەتێك گوناحی زیكرت فێردەكەم
زیكرێك پەیڤی مەرگت پێشكەش دەكەم.
ئێوارەیەك..
ئەی بادەیترین هەمیشەیی
مێزێك هەلەمووت و
گلاسێك گوناح و
سەد ستران مزگەوتی وەرینت بۆ جێدێلم.
ئەی موقەدەسیترین میحرابی دلی ـ با ـ و
ئۆركسترای گول و
سەمای هێواشی ـ ئاو ـ و
مایسترۆی قەسیدەی من:
دەڕۆم و بەو غروبە
كەرنەڤالی گومانەكانی گەلایێك جێدێلم
دەڕۆم و بەو غروبە
ئەو كاولە ئیرەمەو هەیڤێك
ئا تۆی شەوەزەنگترین تاڤهەیڤ و
نووتەكیترین كاژێر جێدێلم
ئیدی پەریەكان بدە دەم تراویلكەی مەرگ

دۆزەخی حاڵەتەکان
بخە نێو سیمای ئەو پەریانە
ئا.. ئەو پەریانەی فریوی خیانەتیان داین
ئەو پەریانەی موخبیریان لێکردی
ئەو پەریانەی دوای سەفەرە ئۆرشەلیمیەکان
خۆیان دەکوژن..
ئەی دۆزەخیترین سەهۆڵبەندو
سەهۆڵبەندیترین باز
لەو ترۆپکی قەدەرە
ماسیە پولەکە وەریوەکەی نێو دیوانی دڵت
ئەو مەلەك تاووسانەیە
بمبورە.. ئەو تاووسە گوناهبارانەیە
بمبورە.. ئەو گوناهبارە خواییانەیە
بمبورە.. ئەو خوداوەندە بێبەینەتانەیە
بمبورە.. بمبورە.. بمبورە...
ئەی بادەی ئاڵئاڵی لە مەمك لەدایکبوو
ئێستا من ئەو فریشتە یەزداناویانەم
کە لە ئادەم فێربووم
ئۆپەرێتی مەرگ فێری ڕۆحم کەم..
لێمان زوویربەو
بە پلیکانەی گوڵستانێك حەسرەت
لە فیردەوسی چاوە فریودەرەکانی یەزدانان دابەزە
لە نوێژی ئەو قەشانەیش خۆت حەشاردە
کە قورئانی عەشقت پێدەڵێن.
منیش لەوی
لەوی لە بەهەشتەکانی جەهل و ئافات
بەسەر سینگی یەهوزاو باهۆزو ڕەشەبا هاتوومەو
چرستانی ئاوزینگت بەدیاری بۆ دێنم.
لە ڕەقسی ئەو ئاوانەم هەڵکێشە
ئەی شەوێنیترین بێهودەیی
بەو ساحیرە برۆنزیە
لە نەوای لەسەرخۆی
ئەو سکلانەم هەڵکێشە
ئەی ڕووباریترین نور
دەمانێك، بوراقی عاتیفەمان
چەن نازدار
موحەرەماتی لاکێشەکانی ـ با ـ ی جێدێلا
ئەودەم لەناو بوریای ئەو ڕۆحانە
چەند جددی

بە هێرۆگلۆفی عیشق
پاکیزەییمان هەڵدەکۆڵی؟
ئەودەم گلێنەکانت دەکوشیم و
بەو شارێیە
دەچووینە شانەدەر
ئەودەم باڵات دەکوشیم و
بەو ڕەهێڵەیە دەچووینە جیزە
ئەودەم ڕۆحت دەکوشیم و
بە فاکسێك دەچووینە نیادرتال
ئەودەم ئایندەت دەکوشیم و
خیانەتت دەفرۆشت و
پێکڕا دەچووینەوە لای خوا.
ئەودەم... ئای ئەودەم
هەوەسی تێکچڕژاوی بۆشاییەکان
شەماڵی خیانەت بوو لە ستۆم ئاڵا
ئەی بەلەنگازیترین بەختەوەری:
ئێستا بۆ کوێ دەچن
ئەو گلێنانەی
نیگایان دەکردە کەشتیو
ئەو کەشتیانەش
کە نیگایان دەکردە خیانەت؟
بۆ کوێ دەچن
ئەو پێغەمبەرانەی
کە بە ڕەنگی گوللە تۆپەکان
باربۆی چاوە برۆنزیەکانی باران دەکەن؟
بۆ کوێ دەڕۆن
پاکیزەیی ئەو گوناهانەیش
کە ئاویەتی شەیتانە ئاویەکان دەسڕنەوە؟
بـــۆ کـــوێ دەڕۆن.. ؟
بۆ کوێ دەڕۆن.. ؟
بۆ کوێ
دەڕ
ۆن
؟
لە گوناهم خۆش بە
ئەی پەلکە زێرینەترین فیردەوسی
دوێنێی عاتیفەم:
لە گوناهم خۆشبە.
من مەملەکەتێکم لە گەنجە بێئاگاکانی

کەهفو
خاچو
گوناح
لە گوناهم خۆشبە.
من بە شوێن ئەو تۆبە خواییانەدا دەگەڕێم
کە فریوی یەزدانیان پێدەدەم
لە گوناحم خۆش بە.
خۆڵەمێشی مەزاری جەستەی قلێشاوی
ڕۆحی ئەو ڕۆشنایەیش
بەسەر بەژنی ئەسرینی
ماسیە وردەکانی دیجلەدا ببەشەوە..
عەلقەمەکان بکە کاشانێك قژی کارێو
لە باسکتی بئاڵێنە
هەڵچوو، ببە تارمایی و زریان و
ئاوزینگ و مەرگ.
فرێمدە..
ئەی برووسکەیترین پێشهاتی
حاڵەتەکانی خۆکوشتنم.. فرێمدە.
با ئەو ئاسکە
بە سارای عەقڵی شوانەکانی
ئەو چرستانەم بسپێری..
با ئەو ئاسکە
سروودێکی تژی لە شیرو تیر
بکاتە گوڵێك و
لە سینگمی هەڵواسی؟
با ئەو شوانەیش
بمخاتە سەر تەختەکانی سوڵتان.
فرێمدە..
ئەی ترازاویترین ئەستێرەی خۆم
فرێمدە..
دە تۆش بدرەوشی
ئەی مەجەری گوناهکاری ڕۆحی خۆم
دە تۆش بکوژێوە
ئەی درەوشاوەیترین
سەمای برژانگی عەقڵی من
دە تۆش با خەو بتباتەوە
ئەی کەونی من
من زانیم لێرە بە دواوە
ئێمە ئاویترین

⇔

بوونەوەرترین.
من زانیم لێرە بە دواوە ⇔
ئێمەخائینیترین
بازنەی ترازانین.
من زانیم لێرە بە دواوە ⇔
خۆم ئەنانیترین
سەیادی مەمكە ئاوییەكانم.
بمبورن..
ئەی نێچیری سپی و ماسی ڕەش و
گەڵا گەڵای ئۆقیانۆسی قامكەكانم
بمبورن..
بمبورن كە دەتاندەمە دەم ژیلەمۆی
ئەو نەفسانەی ناویان هیجرانە
بمبورن كە دەتانخەمە سەر دەنووكی
ئەو تراویلكەیەی ناوی سڕانەوەیە.
ئەی ئەبەنوسیترین ئایندەی دڵی
ئەو بەهەشتە مەمك لە خاچدراوە:
تۆ هێوریت
لە قامكە ئەسمەرە ئەرژەنگەكانی
قەدەرەوە دابەزی.
تۆ بووی بە زناكو
لەوێش بەرەو ←
مەملەكەتی ئەو تاڤانەی كە ناخوێندرێنەوە.
با نەڕوا
ئەو بەڕووانەی لە بەیاندا
دەڤەرێك
ڕۆحیان داكووتا...
با نەڕوا
ئەو بارانەی لە سەحەر
باخچەیەك گەڕانەوەیان داكووتا...
با نەڕوا
ئەو مێزە خوێناویانەی لە ڕوئیاوە
لەززەتێك پێشهاتیان داكووتا...
با نەڕوا
ئەو دۆزەخانەی لای كڵێسە
كە فیردەوسی
جەهلو شەونمو لیمۆو شیعرمان
تێدا هەڵكۆڵی..
ئێستا ئەی جودایترین سەفەرو

ئەی موسافیرین پێشهاتی جێمان
هێوریت چۆتە نێو
ژیلەمۆی ڕیشی نامورادی.
منیش لێرە بە دواوە
دەڕۆمە
نیشتیمانی سەقەم و دوكەڵ
بۆ ئەوەی فێری گەڕانەوە بم.
منیش لێرە بە دواوە
بڕوام
بە پێڕەوی خاڵی و
نێوخۆیی قەرەجان هەیە.
منیش لێرە بە دواوە دەبمە ـ با ـ یێكی كوژراو.
منیش لێرە بە دواوە دەچمەوە ناو داستان.
منیش لێرە بە دواوە دەبمە قەرەج.
منیش لێرە بە دواوە پشكوتنی سینەی هەوەس ئالآمە
منیش لێرە بە دواوە دەستی ئێوەش دەگرم و
بە یەكەوە دەچینەوە لای خودا..
ئەی داستانی ئەفسونایی وجود و
سەفاحیترین سێوێكی ئاڵووالآ:
من لە نێوانی ئەقساو
ناكامیی گوڵێكی پەژمووردەدا
من لە نێوانی مەڵبەندێك بەرائەت و
ـ با ـ یێكی بێگوناهیتردا
من لە نێوانی خاڵە جەهەننەمیەكان و
دونیایی پەرژینی برۆنزیتردا
من لە نێوانی پێشهاتێكی ناپێشهات و
سەحەرێكی چاوەڕوانیكراویتردا
من لە نێوانی ئێوەدا
ئەی كلۆڵیترین كژەبارانەی ڕۆحەكان
پارچەیەكم لەو شەمالآنەی
بە پرووكانی دۆزەخەكانی خەون
دەحەسێمەوە
كەرتێكم لەو جەننەتانەی زریانەكان
لە تەزینیان بێزار نابن.
كۆڕێك پرسەم
بۆ " تاوسە موننەزیرەكانی خودا"
ئاهـ.. خوداوەندی ئێستەتیك و ئێستەتیكی خوداوەند:
بریا ئێستا لە ئۆرشەلیم بوومایە
ڕووبار و ڕووبارانە

هێور هێور
لەسەر ڕۆحە سەڵیبیەکان
پێکی ئەنگرەو جگەریی شکارو
مەزەیی عەبەسمان داگیرساندبوایە
ئۆوهـ پەپوولە قەشەنگەکانی ڕۆحی من:
بریا ئێستا لە ـ سینا ـ بوومایە
گوارەیەك خۆڵم بخواردایەو
ماچێکی سەوز سەوزم
لەو ژوانە نارنجیە بهێنابووایە.
من ئێستا
لە نێوانی ئەو ـ با ـ یەو
ـ با ـ یێکی جێماویتردا
تەرزەیەك سەفەرو
عاشقێکی ترازاوی سینەی بەفرو
هێڵێك سنووری تەکعیب و
تنۆکێك
بیرەوەریم.
ئاخ ڕۆحە نازدارەکانی خۆم چیبکەم.. ؟
نەدەکرا نەرگزە نامۆکانی
ئەو فەزایە یەکبوونایە.. ؟
سیانی کوی بکەمە
تاجی خۆرە زێڕاوییەکانی تاج.. ؟
ئاخر نەدەکرا بچینە ناو حەرف.. ؟
ئاە.. ئینجانە دووڕاویەکانی
ئەو سۆفیە خۆویستە
ئەوشەوە چەند سەراسیمەیە لە پرسیار.. ؟
ئەو ڕۆژە چەند یەقینە لە ڕاڕایی؟
ئاخر نەدەبوو بەژنی دۆڵەکان
بکرابوونایە دنکێك لە دۆژ.. ؟
من لە نێوانی ئەو بولێڵ و
ئاسۆیە ناوەختەدا
درەختێکم لە بەفرو زەنگیانە
هەمدیس سەفەرێکم لە سەراب و باران.
عاشێقێکی کلێبە ئاساش
بۆ خیانەتە ئاڵتوناویەکان..
ئەی سۆفیترین وەنەوز و
شەوێنیترین هاوڕێیانی کەوێڵی
بەرتەسکی ئاوەزی من:
نەدەبوو لەگەڵ ئەو خاڵانەدا

بە سەفەرە كراوەكانی قفڵدا ڕەتبووباین.. ؟
لەگەڵ گلێنە برۆنزیە قفڵدراوەكانیش
ئافەریدەی زەمەنێكمان كردبووایە.. ؟
ئێستە (كڵاوی جسرەكان)
بەردە نوێژمەو
سوژدە بۆ ئاوییەتی
ئەو سوڵتانە ئەنانیانە دەبەم
كە مەرحەبای مامزێكیان لاگرانەو
دواتریش لەو خاپورانەی ڕوكەشی دەچنەوە
من لە نێوانی شەفافیەتی
كۆتەڵە دەسەڵاتدارەكان و
ژێر دەستەیی رووبارێكی سەرسامیتردا
بتلێك ڕامان و ڕوئیای لە قۆدگام
لای بازاڕی نەشمیلەی ڕۆحت هێنا
كەونێك سفریش لای
ئەو وەزیرانەی
ئایندەی جوگرافیای مەمكەكانتیان بەدەستە.
خۆرێكی سەیاد
قەت بە بازگەی ڕەشبەڵەكی خاڵەكان و
ئەو دڕدونگی و ئەسرینانەی
سیاسیە دۆگماكان هێنایان تێپەڕ نەبووە
خۆرێكی نێچیر لە نێوانی ئێوەدا
دەبێتە زەماوەندی نامورادی دڵی خۆڵەمێشو
شەماڵە پیرۆزەكانی چاوی سەفەر.
باڵندەیەكی زاناش لەو تەنیاییە سەرخۆش و پڕەدا
بەدوای دۆزینەوەی دڵی خاڵ و
هێوریە پیرۆزەكانی چاوی شەماڵ و
سینگی ئاونگیی بڕۆنزیەتدا دەگەڕێ..
من پێم وایە: شەو ناتوانی قەت وا بە سانایی
بەسەر كێشەكانی دڵی گوڵدا ڕەتبێ و
ـ فەزان ـ یش بەسەر قافیە پەرژینئامێزەكانی
چاوی ئێوە..
ئەی چاوە سیحراوییەكانی ئەسمەریترین مانگ و
سەرابیترین گەڕیدە بەدوای سەراب:
دێم و لە لێڕستانی ئەو مەمكە ئاڵتوناویانەدا
بە زێدەوە بەشی هەمووتان دەكەم.
لەو دەمەدا ئیدی ـ ئاو ـ دەبێتە
پێناسی چاوە ڕۆشنو ترێیەكانی ئاونگ و
لەگەڵ ئیزدیواجیەتی ئەو مانگە دەستكردە وەریوانەیش

جەنگێکی شپرێو
لەسەر ئەو خاکانەی ساتی فەنا دەنەخشێنی.
دێم و لەو شەوەدا
دێم و لەو مارکێتە مۆدێرنەی مەمکەدا
دێم و لەو ئاگردانی لێستنەوەو مەمکی ئەوین و
کوشین و مەرگەدا
زۆر بە سانایی
بەشی هەمووتان دەکەم..
دە تۆش وەرە
دیرۆکاویترین دلۆپ دلۆپی بارانی من و
گوناهباریترین
ئەستێرەی چاوی خودا
من لە نێوانی گۆڕستان و
ئەو مەملەکەتە عاقڵانەی
پێش هاتنیان چوونەوە دەربازکە..
ئیتر چوار ستێرو هەندی بازو
یەك دنیا پڵپڵە و سڵسڵە دەخەمە سەر شانەکانم
دەرگا ئاوەڵابووەکانی گوڵستان دادەخەم
جەنەڕاڵە سێکسیەکانی کەنار سنووری هەرێمی ـ با ـ و
گلێنەی ئەو ئاوانەی لێیان بێزارم
بەدوای خۆم دەدەم..
لە سەنگەرە سامدارەکانی چارەنووس و
لەو خۆڵستانە داخراوانەی خوا
بەدوای داخرانێکی مەست و
بازنەیەکی مەستتر
وەك مەستیەتی سپێدانی سۆمای [S]و
شەوستانی ژێر دەوارەکانی ماچی [N]و
پێدەشتە سۆرپۆشەکانی سینەی یاخیبووی [M]و
ڕۆحی زایەندئامێزو
شەپۆلی نەواداری ئاژێرەکانی قوڕگی [B]و
سەما هێواشەکانی
شەقامی لێوە جەننەتاویەکانی [R]و
قاقا چەواشەکارەکانی دووشی بەر هەناسەی [H]و
بە جیاش گەورەیی ئەو خاڵانەی
قەدەر ناوی قافی لێنا.. جیهاد دەکەم.
جیهاد دەکەم لە پێناوی ئەو گوڵانەی
گیابەندی قەدپاڵی بزەیەکن..
یان گوڵدانێك باران و
درێژترین ئامبازی خاڵەکانی

سەر دوندەكەی دەستی منن.
بۆ سەهەندە بێڕەحمەكانی ئەو خاڵانە
بەكێش بووم
كە ئافەریدەی بە تراویلكەبوون دەكەن..
سەیركە
ئەو لێڕە كەنارگیرە
فێری گوڵپرژێنی ئاوەدانیمان دەكەن
فێر نەبووین لەو وشانەی شەڕ دەفرۆشن و
لەو شەڕانەیش
بەدوای تەقینەوەی چركەساتەكانمان دەبەن
ئاخر دەبوو ژوورەكانی زەمەن ئاوەژوو بكەین و
لەو دەمانە بهاتمایە:
كە قەیرە ژنەكان
بازنی لەززەتیان لە باسكبووایە و
لە گۆڕینەوەی عەقڵەكانمان
لە سۆفیەتی سەفەرەكان بگەیشتبوونیایە
لە نێوانی تێگەیشتنەكانمان
من ئەو سفرانەم كە لە ئەزلیەتی خیانەت ناگەم.
بڕوانە ئەو زەماوەندی لەبەینچوون و
وێكهاتنەوەی حاڵەتەكانی من
توخوا باڵای ئەو ژوورانەیش
بە پێوانگەی تۆڕەوانێك داگیرسێنە
كە دوێنی لە مەنفاكانی بەزینەوە هاتبوون
تۆی شكان و نەبەزین و بەزین و زەریاو زەماوەند
میزاج خۆی كرد بە باڵاتا
ئیتر تۆش لەو جسرەوە ڕامانت لای ئاو هێنا
ئێستا تۆش لە ئاو و هێمنیدا دەژیت
ئامار ناكری ئەو عەشقەی بۆ بیرەوەری
ئەو یادانەی كە دووریانێك ژەهرو
قەڵەمێك تلیاك و
تلیاكێك دوكەڵیان بۆ ڕەنیوهێنام
لە پڕ ئاماری ئەو ئەوینەی دوێنی چەند دژوارە؟
بە جیاش لەو دەمانەی
كە من لەگەڵ ئاوەكان تەریب بووم.
ئاخر ئەو كات
هەڵەیەكی زۆر ڕاست و
حەقیقەتێكی گەلەك ڕاستتری دۆگمابوو
ئەی نەسیمیترین نەوای ئەو دەرفەتانەی
گەڕان بەدوای پرسیارەكانی یەقین و

وردترین پەنهانی لای ڕاڕاییەکان
وا هاتووم و
بە ئاوەزی ئەو کوڕانە دەفکرم
کە دوێنی لە تارمایی ژێر پردەکانی
شۆڕش و کاملیەوە هاتبوون
خودا... خودای مێروولە شینەکان
عەشق بوو لە سێبەری ئەو دارکاژو
گوڵاڵە سپیەکانی ئەو کەژانەی داگیرساندم
ئاخر ئەی عەشقی ئەو پێدەشتی نەهاتنەوەو
چوون بەدوای ئەو بازرگانی حەزو
ئەو پێشهاتی نامەی بارانە...
بێئاگابووم
خودا لە پڕ پشکوتنی خاڵەکانی کردە
بونیادی بەدەنە لە قاڵبدراوەکانی ڕووبار
بێئاگابووم
پۆڵاو ڕەوەزایەتی بوو
لە دڵی سەفەرو
سەفەربوو
لە دەڤەری قەدەری هەڵایساندم
ئاخر ئەی ناوێزەبیترین تاووس
لەو مەملەکەتەی ئیلتیزام و
عەبەسەدا
من نەمدەزانی
تابلۆ ڕیالیزمیەکانی
ئەو خاڵانەی خۆشمدەوێن
دەمکەن بە فوجائیترین پرسیارو دیراسە..
گوڵاویترین خۆر لە باخچەکانی بەرەبەیان:
ئەوەی لە ئەزەلیەتی لەززەت و
ژوورەکانی فرمێسك تێبگا
با بڕوا سەفەرێك شێتیەتی بکاتە جەنتاو
باوەشێك جەنتاش
بە گوناحە نەپچڕاوەکانی بەرەڵایی
لەبەر دەوارێك گەڕانەوەو
سەفەرێك ژیاری
بە دڵگوشراوی داگیرساوم
نە تۆ و
نە تۆ و
نە تۆ
لە نامورادی کرانەوەی سکڵ و

نە باوکەکانیشمان
لەو گێژنە داخراوانەی خواو
موجازەفەی ئەو مایسترۆیانەی
داخوازی مەرگ و سەفەری لۆمبۆم لێدەکەن.. تێدەگەن!
وا هاتووم و
بازنێك دیرۆك و بتلێك پێشهاتی محەلیم
لای ئەشکەوتە نووتەکەکانی خود هێنا
بڕیاریشە هەر دەبی ئەو شەوە
بەدوای بە یاتریسەکانی بەفر و
ئەو کەنارە ئەفلاتونیانەدا بگەڕێم
کە ئەوێڕۆژەی
خوا بۆ ئێوەی هێنایە ئافەریدە
بڕیارەو لە خنخنۆکەی گلێنەی قەدەرەوە
بۆم هات
هەر دەبی ئەو شەوە
لەگەڵ ئەو خلودانە
ڕەوتی ڕووەو پاقژگە بگرم و
لەگەڵ ئەو برا مەسیحیانەش
تێر تێر لە ژێر سەهەندی
ئەو دار پرتەقاڵانەی خاڵدا بحەسێینەوە
کە دواتر هزرەکان لە شەپۆل و
شەپۆڵەکانیش لە نوێژیان هەڵدەکێشن
دەبی پەیمان بەو گەورانەیەیش بدەم
کە گوڵە مێخەکەکان لە ئایەت و
ئایەتەکانیش لە پاکیزەیی و
پاکیزە راهیباویەکانیش لە تەورات
دەنوسێنەوە.
بڕیارێکەو لە برژانگی دیرۆکەوە بۆم هات
ئیدی دەبی بازی حەقیقەتیش وەك دڵیمن
لەو شەوە نارنجیەدا
لەگەڵ واری ڕەوە ڕاستیە سپیەکان
جوتمکا.
وەختی هات بۆ ئەو خاڵانە
دەمارە مەستەکانی ڕۆحم جێبێڵم..
بۆ قەلەقی هەڵاڵەیی ئەو ناسۆریانەیش
کوپێك گومان.
بڵی چیت بۆ جێبێڵم؟
لە زاتێکی عاشق بەو لاوە زیاتر؟
لە ڕۆحێکی شینی لە خاچدراو زێتر بەولاوە؟

کاتی ئەوە هاتووە ڕەوە کەشتی عەشق
وەك گوڵاوی سەر پێی ئەو نازدارە
بە سارای ئەو ئاسمانی خودایە پەرشببی..
چیت بۆ جێبێڵم؟
لە ڕۆحی غەجەریانەی شاعیرێکی غەجەر زێتر بەولاوە؟
ئیدی منیش دەڕۆم و یەقینم
لەو (تاووسە مونەزیرەی) ڕاڕایی
ئیدی منیش دەڕۆم و ماڵئاوا
لەو خەتیبە گەورەی دڕدونگی..
منیش دەڕۆم و ماڵئاوا
ئەی باڵدارترین بوراقی مولتەزیم..
دە تۆش
ئەو دڵە کریستاڵاوییەی خۆتم بدی
با نیشتیمانی پیاوێکی قەرەجی تیا حەشاردەم.
لە نێوانی نیشتیمان و دڵی زێڕینی تۆدا
من بووم
بە ئەندازیاری
ژەنەڕاڵەکانی ژێردەستەیی غوربەت..
ئاااخ.. ئەی تاکو تەراترین ئەسپ
لە نێو ئارانەکانی ڕۆحی خۆم:
نەدەکرا دوێنی لەو شانۆیانەدا
خۆمان بە بەژنی ئەو زنجیرانە بسپاردایە
کە لە کازیوەکانی دۆزەخ
مەلۆتکە تاوانبارەکانی خود بۆیان هەناردین؟
ئاخر ئەی تاووسی عەشق و بەفرو زەماوەندی زریان
چۆن سەراسیمەیی ناخەنە نێو
ئەو هێلکاریانەی
عاقڵەکان شێتانە بۆیان کێشاین.. ؟
چۆنیش ئەو هەرزەکارە عاقڵانە
لە کەمفامیەوە بەرەو دارەبازەکانی فەلسەفە
بە کێشمان ناکەن.. ؟
ئاخر ئێمە لەسەر ئەو پردە عەباسیانەی پرسیار
چۆن وا لە پڕ دەگەینە زاخۆکانی وەڵام.. ؟
ئەی کورخانیترین بەفری ڕۆحی من:
لە ئۆخژنیتدا فێری هاژە هاژو
مەملەکەتێك عاقڵی و
ئیمپراتۆرییێك ڕاڕایی بووم
لە ئێستەتیکاشت گوڵدانێك عەشق.
ئەی ئۆرستقڕاتیترین گۆڤەندی ئەستێرەیی خۆم:

ئەز لەو دەڤەرانەی ڕووکەشی
زەبوورێك بزەو
تەوراتێك نیگا و
ئینجیلێك وشە و
قورئانێك ماچ و
مەسحەفێك ئیرۆتیك و
هەولێرێك فیردەوس و
بارتەقای سینەی ئەو ئاسمان و خودایەش
بڕۆنزیەتی گلێنەکانمت لەگەڵ ئەو مەلانەی ڕۆحم
بە بازی خەیاڵی
ئەو ئۆرشەلیمانەی نەماندیون بۆ دەنێرم..
ماڵئاوا تۆو بیرەوەری و
ئەو هەولێرانەیش کە فێر نابن
بۆ تەنیا جارێکیش
پشکۆکان بپڕووکێنن و
گڵۆپە نامۆکانی سەما داگیرسێنن
ماڵئاوا.. ئەی ئەو لەحزانەی تا دەمرم
توێکڵی عاتیفەمن..
لێرەوە ئا لێرەوە، دەخیلتم
ئەی بەیاتریسی گەردن
بەفرو
ئاورینگ و
چنار.. ڕامینی
چەند لە توڕەیی عەقڵی ئاویی
ئەو لافاوە دووفاقیانە توڕەم.. !؟
من درەوشاوەییترین شاڕێم
لەو شەقامە لووسە شیعریانەی ئایندەی دەبیست
ئاخر بە لەهی بوونی ئەو دوندانەیش گوناحێکە
دەرهەق بە پەپوولەکانی حەشر
لافاو
لافـــاو
لافـــــاو
چەند سەختن
ئەو تارماییە ئەزەلیانەی مەرگ؟
چیم لەدەست دی؟
جگە لە ناردنی ئەو ئامێزە کۆترە
باڵتیژانەی کەشتیەکەم نەبی؟
لە دووری دوورەوە
چاوەڕێم

زەیتونی لێوی کۆترێکی ئینسافدۆستم بۆ بی
زەیتونی لێوی ئەو کۆترانەی پێشتر
قەقنەسی نێو پشکۆکانیان ساردکردەوە..
چاوەڕێم وشکیەتی لافاوەکان تەڕبکاو
تەڕیەتیش خۆی بکا
بە بەژنی پەژموردەیی گوڵە قەڵسەکانی
ئەو کەژانەو
دواتریش سێسەد و پەنجا ساڵ
دوای ئەو لافاوە بژین و
بەشەرییەت تێکدەینەوە.
ئەبەد لەو دیمەنە غەریبیتر دانەگیرساوە
لێرە بە سەڕاحەتی گەردەن و
سەڕاحەتی ئەو سڕی جوانیەی پەرچەمت
ڕۆ
دە
چم.
کا بڵێ: چی هەیە
لە بەرپەڕی ئەو پەرتوکە حەفرم بکا.. ؟
ئەم کۆمبوون لەگەڵ
ئەو پۆلە ئاسکانەی ئاوەز سازدەکەین
کە لە چەمکی کاردانەوە ناڕوانن
سوڕانەوە ڕووەو سەدڕیانەکانی ئێرەم دەهێنی
لە مابەینی ئێرەو ئەوی
شوێنێك نیە دارستانی هزرو
گۆڕستانی ساتەکانمی تیا حەشاردەم.. !
بەژنم دەخەمە نێو فنجانی قاوەی
فاڵچیەکانی ئەو دەربەندی غەریبیە
بەڵکو ئی دنیایە
نمە نمەی چرایی هەڵبکاو
کابوسی دڵی ئەو دەیجورەی
لە ئافاتەوە دروست بوو
ڕۆشن بکا..
بەڵکو ئی دنیایە
چەتری چارەنووس
لەو مەتەرێزی قەدەرە هەڵمبگری و
بە سینەی ئاوەڵابووی
ئەو تەختە زیوینیانەم بسپێری..
ئێمە لەو کافتریانەی چارەنووس
پی

لەسەر
پێ و
جگەرەی ڕاڕایش بە لالێو
لەو دوکەڵ و هاشوهوشەی زەمەن
زریان دەڕفێنین و
لەو ترازانەیش
جەننەتێك ئەوین و یەقین..
هەوەسمە شەوپرژێنی
ئەو چرستانە تەڵبەندئامێزەی خود بکەم
ئیدی ڕەوە نێرگزی سووری قەدەر
لە ئۆقیانۆسی جەنگی هێڤی
غەرقمان دەکا..
ئیدی منیش سۆما لەسەر بژانگ و
برژانگ لەسەر ئاقارە فانیەکانی زاکیرە و
دڵیش لە نێو لەپی کورسیە سەقەتەکانی مەزندە
نازانم.. ئەی نازانمیترین فیردەوس
لە چاوەڕوانییێکی کەمئەندام
چیم زێتر بەولاوە.. ؟
ئەی مەوسیمێك لە ئەوین و
گەڵای نەسیمی
موولوولەکانی حاڵەتی یەئس:
بەو گەردەنە شووشەییە، شیعرییەت
پایزی ئەو نیلانەی چاوەڕوانی
زوێڵ
زوێڵ
کە.
باوەکو ئەو
مێگەلە ئاوەزە بێ ئاوەزەی دواشت
بەشێکی دانەبڕاوی جەستەت بن
وەرە بڕوانە
لەو سارایە
لم لە تێنویەتیدا سەوز دەبی..
ئەی گەردەن کریستاڵ و بەفرو تاووس:
قامکی سەوز سەوزت
بە دڵی ئەو گابەردانە ببەخشەو
پەلکەزێڕینەیی ـ ئاو- یش
لەو هەناسە ساردانەی بێدەرفەتیی بیناکە
هەڵوەشاندنەوەی ئەو تەونە
سەڕاحەتی دەوی.. مەرگیش.

چێکردنی فیردەوس
سەراحەتی دەوی.. مەرگیش.
بچۆ لە ترۆپکی ئەو تووڕانەی
بۆ قەناعەت هەڵایسێنران
بەبەر ئاپۆرەی
ئەو هزرە بنێسانەی فێری خیانەت بوون
بستێکی کەرنەڤاڵی ڕۆحتیان نیشاندە..
ئەی دەیانەی ئۆرشەلیمی گیانم:
نازانم نا
ئەوەیان بارانی پرووکانی
عاتیفەی حەرفەکان بوو
یا قەدەراویترین پرسیاری
گەڕان و گومان و مەرگ؟
نازانم
ئەوەیان چاوەکانی
ئەرژەنگیترین پێشهات و
چاترین ئایندەیە
یا ناکاویترین تۆفان.. ؟
هەرچیەك بی
ئیدی من کاتم نەما
لە کڵێسەو باخچەکانی شەڕ بتدۆزمەوە
ئیدی من کاتم نەما
لە کڵێسەو باخچەکانی شەڕ بتدۆزمەوە
ئیدی من کاتم نەما
لە زەماوەندی یاخیبوون و گۆشەگیریو
ڕامان بتدۆزمەوە.
ئیدی من چرکەم نەما
لە ئامێزی ئەو پەپوولەیە خانەدان و
ئەو کاولە فلۆرەنسایەدا بتدۆزمەوە..
من هیچ هیچم نەما
ئیدی ناتوانم
لەناو تۆڕی ماسیە خنکاوەکان و
لەناو بازنەی ژوان و موجازەفەدا بتبینمەوە..
ساتەکان بە یاڵ و
جەهەننەمی سیمام هەڵدەشاخێن
هۆ گوڵە شینەکەی
دڵی ـ با ـ و تراویلکە و حەقیقەت
وا دەهزرن
تۆ سەفەری مانەوەت پێدەوێت و

حەسانەوەیش لە لۆکەی
ئەو مەلەکەتانەی تەجرید !؟
ئەو دەروێشانەی سینەی بازی پاقژگەو
پەیژە ئەستەنگەکانی بیرەوەری غروب و
دەڤەرێك گەواڵ گەواڵی ئاونگە مۆمیاکراوەکانیش
بخە بەر دەفتەرە بەلەنگازەکانی فەنابوون.
کی لە [من] شیاوترە کی؟
لەو دەربەندی دەربەدەری و نادادوەریەدا
لەناو لماوی ئەو بیابانەدا
پەنجەکانت بڕفێنی و
سەمای چاو و
گەردەنەکان بسازێنی و
لە گێژاوە قەشەنگەکانی گەردەلوولدا
هەڵتبگری و
لەو هەڕەمانەیش
کە دەبن بە جەنتایی
گوناح و مەرگ
مۆمیات بکا؟
ئەی مونەزیریترین قەقنەس و
ڕاهیباویترین زەمەنی ئازمایشی من:
زووکە..
لە چڕترین ژاوە ژاوەی ئەو جەنگەڵی ڕۆح و
ئەو حاڵەتانەی تۆفان دەربازمانکە
زووکە زوو...
ئەو ڕیشە چناراویە زەیتونگرتوەت
لە بەژنم بئاڵێنەو
بەو ڕۆندك ڕۆندکی خوناوەیش
سیمامان لەت و پەتکەو دەربازمانکە.
دەربازمانکە ئەی کاتۆی مونەزیری من
دەربازمانکە.
ئێستا چەنی ژیلەمۆ
بۆ ئەو چرکانەی لە گوڵدانی خاك دەڕسکێنرێن
هەڵدەلووشم.. !؟
تێربوون لە ڕەتی ئەستێرەو مەرکان.. مەحاڵە
تێربوون لە کوشتنی حەرف و یاخیبوون.. مەحاڵە
تێربوون لە کوشتنەوەی خۆم و تاووس.. مەحاڵە
پێشوازیکردنیش لە تۆفان
سەحەرێکە لە ڕەحمەت.
هیچ هیچ هیچم نەما

لە گەڕان بەدوای لە چاڵنانی
ئەو گۆشەگیریانەی بۆخۆم کردم..
هیچم نەما
لەوە زێتر
بۆ خۆم بڵێم:
سەفەر بەرەو ئۆرشەلیم و
لەوێندەرانێش
سەفەرە پیرۆزەکانی ئۆرشەلیم.
ئەوەتانی شەقام شەقام
لە پەنجەرە ڕۆشنەکانی تەخەیول
ر.. ێـــ.. گـــــــ... ااااا... د.. ە... بـــڕم.
دەبی ئێستا لە کوی بی... ؟
تۆ..
ئەی ئەسپە مولتەزیمەکەی
نێو پێدەشتی کۆمەڵگای خاچ.
من وا دێم و
خۆم دەخەمە نێو ئەو زێیانەی بادەی سەبا
زۆر ترساوم لە شەوی ڕابرد
تۆفان ئەو ئیستەمبۆلانەی گرتبێتەوە
کە پێری لە ژێر کوڕژنی
یادەوەریتا دەیانبروسکاند
ئیستا نێوانمان کیشوەرێکە لە ڕەهێڵە
نێوانمان زەمەنێکە نزیکتر لە هەناسە، نزیکتر لە ئاو
نێوانمان تاڵەموویێکە زۆر بێزارتر لە خۆم.
من لە نێوانی ئەم تەمتومانی غوربەت حاڵینەبوونەدام
ئیدی لەو پێودانگەی بریتین لە لێرەوارو
حەڵقە سامدارەکانی نۆ
هەمئاهەنگیی لەگەڵ ئەو هزرانەی وا مەزنبوون
بە وجودیبوونەوەی دوای عەدەمە
پەیڤین لەگەڵ ئەو گەنجە جوانانەی
لە ڕەوتی چوون بەرەو چێژ سەردەنێنەوە
هەڵگوردیترین خەتەرو
خەتەریترین ڕابردووە.
منیش لەرزۆکیترین جەنگاوەرم
لەو سەنگەری خەراباتە
منیش ڕەفزکراوەییترین باڵندەم
لەو ئاسمانە قاوەییە
منیش کەمفامیترین ئەو چرکانەی جوێ بوونەوەم
لەو ئۆرشەلیمانەی غروب

بکارم دەرگای ئەو هۆڵە دەیجورانەی
سێبەرو دارستان
تێر تێر قفڵ دەدەم..
لەو ئوتێلە قوڵانەی تێفکرینیش
پەردە هەناریەکان دادەخەم..
ئیتر ئەو پەنجەرە دژوونانەی خەیاڵ ناسڕێتەوە
کە شەپۆلە جوانەکان
بۆ ئێرەیی و لاف دەیاننەخشاند.
لەو شارێی شارانەی هزر
قاسپەی سپێدەیەکی هەڵاڵەیی
لەو تاوەرە چۆڵانەی ڕوو بە ڕوو بۆندەکەم
لە دەنگە دەنگی ئەو ماشێنە تەمیزانەی تەئەمول
ئەو کۆچانە دەبیستم
کە سێوە جاهیل و
جاروبار
چرپە چرپی
خـــوديـــش
فێريـان کـــردم
تا ئـەمـئێرەيــەی
لە جوانيدا ڕۆمانێك پرسيارە
پەنجەکانم بە بی ماسك، مەلە لە نێو
درکە خەفەتئامێزەکانی مەککە دەکـــەن.
لەو منارە وردانەی بەيانی گوڵەکانی کەنار پەنجەمن
ئاقڵی دەخوازم.... لەو ڕيش درێژانەی مەرقەسەکانی
کونزەينيش... بڕوا هێنان بەو ئايەتانەی
لە گۆشەگيری و ديراسە
يەکترمان ناسکرد.
تەوراتی تەوێڵ و
ئەو کەنارە ئاپۆرانەی ياخيبوون...
سەمايە مەشخەڵاوييەکانی ئايندەو چارەنووس..
کۆچيترين هاتنەوەو هاتنەوەيترين هيجران..
سەفەر بەرەو ئۆرشەليمەکانی خوا..
مەرگ لە عوزلە و
ئينعيزال لە مەرگ
شەڕ لەگەڵ ئەو پەرتووکانەی نەمبيستون
خۆشويستنی گوڵێکی پشکتوی بۆرژوا
ئەوانە هەمووی جوزئێکن
لەو قورئانانەی زەمەن
بە قامکە زيوينيەکانی بۆی ڕۆچواندم

ئەوانە هەمووی جزوێکن
لەو ڕۆمانانەی قەدەر لە دەفتەرە مسوەدەکانی خوا
بۆی حەفرکردووم.
ئەوانە هەمووی
ئێستای ئەو قەڵبەزەیە سەراسیمەیەن
کە خۆشی نازانی کەی دەگاتە
ئەو مەدینانەی بینین و وەڵام.
ئیدی لەو دەمەوە ئێرەییم
بەو باڵاخانە شووشەییانەی ماچ و مووچی
ئێوارانی ئەو پارکانە دی..
ئێرەییم بەو سوپەر مارکێتانەی بژێوی و
هێوری ئەو کەوە کحولخۆرانە دی..
ئاخر ئەوانە کەی مانشێتی عونفیان
لەو رۆژنامانەی گوزەران خوێندۆتەوە؟
کە ڕۆژانە ئێمە خۆمان، لە ڕۆژژمێری مەرگ
هێڵی پیادا دەکێشن..
ئاخر ئەی جوانیترین جەرائەتی ئەو دەرچوونانە
تۆ بەر لە هاتنت لەو پارکانەدا هەڵدەکەیت
کە تاووسە سینگ ئاوییەکانی وەك تۆ
مەلەی مەرگ و لەززەتی
تیا دەسازێنن.
تۆ بەر لەهاتنت لەو مێرگی ئاسمانی ژیاریە ئارامگرتەی
کە حۆری ڕۆخ کەنارەکانی دڵی یەزدان
تێیدا سەمای گوناه دەخوێننەوە
ئەی پەریترین دیمەن و ڕەسم
لەم وێستگەی ماچ و
ئەتاکێت و
خیانەتە:
هەمدیس ماسیە پولەکە وەریو و زەردەهەڵاتووەکان
بەسەر لوولەی زریپۆشە حەسرەتاویەکانی
ئەو چەرخی جەننەت و عەشقە
قەشنگیترین تابان
لەو دەڤەرە زێراویانە و
لەو ڕەنگە خۆڵەمێشیانە دەرفێنن.
منیش هاتوم و لەو دەرفەتەی بێدەرفەتیە
بەژنی باتە و
سینگ و مەمکی "کزڵای"دێنمە تەماشا..
تۆ "ڕژان"یترین ئەڵماسێکی
بەسەر سینگی باڕووت و قەوان و

زریپۆشە حەسرەتاویەكانی تەمتومان
لەو مەوسیمانە هەڵدەكەی
هیچ مەترسە و ملوانكەی چاوەڕوانی
بمبورە.. پێكی چاوەڕوانی داگیرسێنە.
بارانەكەی قەدپاڵ، لەگەلڕ ئەو كەش و كانیەدا
كانیەكەی نێو لەپیشم
لەگەڵ شەرابی وەریوی ئەو خەیاڵانەدا
بارانبرەكانی قەدەر و قەلەقی
لە لێلاتی مەنفاكانی ڕۆحەوە بۆ هێنای..
پووشی یەقینی و جێگیریان پێیە.
ئەوەتانی درەخت درەخت وارێك لە ویسالڕ بینادەكەن
مەتارێك ڕەویش
لە هاتنەوە بۆ نێو فرۆكەی خاڵەكان..
بڕەوەم، تا لای ئەو ئەقسایانەی نایانگەمی
هەر بەرەو فیردەوسی دارماوی ئامێزت دێمەوە
تێنوم.. زۆر زۆریش
تێنوی دەنگی جەمی فرمێسك و
تێنوی چركە چركی بالاًی قەوان و
تێنوی دەنگی برسیەتی ئەو گەنجانەم كە نازانن بژین
بڕەوم تالای ئەو خوایەش كە ئێستە نایگەمی
هەر بەرەو كەندەلان و زەلكاوو سیمای قلێشاوی ڕۆحت
دێمەوە.
هەر بەرەو گۆڕستانەكانی كەنار مەرگ و
گەلەریە پەرپوتەكانی لێو نیگای یۆتۆپیات دێمەوە
دێمەوە ئامێزت
ئەی ئەو دەنكە گوفەكە ئالتوناویانەی لەگەلت ژیام
دێمەوە لات: ئەی ئەو پاركانەی سپێدە ئۆرشەلیم و
پەیوەندیەكانی غەیب و پەنهانی ئەشكەوتەكانمن
بەلی: ئەو ئەشكەوتانەی نەخوێندەوارەكان تێیدا
بوون بەو دارستانانەی هەنوكە ناویان دارەبازە.
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نكارای
لە ڕۆمانسیترین كەناردا
بەسەر گلاًسی حوبرو غرورو خیانەت هەلاًژیێین
نە بەو فرۆكە مۆدێرنانەی لاف و
نە بەو پەیژە ئەلكترۆنیا نامۆیانەیش ناسپێردری
بە هیچ یەك لەو گەنجەلی پارك و
كافتریا پلاستیكیانەش ڕەوانە ناكری.
ئەوەتانی پۆل پۆلی پەرسێلكەی
ژێر كاریتەی كەلاوەكان هاتوونەو

جەردەی مەحەبەتم بۆ دەکەن
پلیکانە دارەکان و ئەو جوگرافیایەش
موسافیریترین دوندم بۆ هەڵگەڕان و وەرگۆڕان پێدەخشن
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
لەو کەشتیە ژیلەمۆییەی نێو
بەفر و
زریان
ڕەقسی ڕۆح و ڕۆمانسیەت بنەخشێنین.
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
بەدەم مژینی شەپۆلی نەواداری شیعرو
چرینی موزیکی بۆنی خوناو و
هەورێك ناقوێی بەختەوەری بژەنین
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
بە وازیکردن لەگەڵ
ئەو ماسیە سەد ڕەنگانەی ئاوی ڕۆچوون
باغی سەنگەرێك بهاڕێنین
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
بەو گۆڤەندی بینینە
لەو دارستانە پەپوولەییانەی
ئەم ئیرەمی باغ و باڕووت و حەسادەتە
هەرنا سوراحییێك سێوی هێرۆ و
هەناری یاد و
زەیتونی عەشق بخۆینەوە
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
لانەی هەموو کۆترە سپیەکانی ئەڤین و گوناح و یاد
لە ڕشتە بەڕشتەی سینگ و
منارەی شادمانیش
بۆ لەقلەقەکانی ئەو سەرابانە
لە دەربەندی فەنابونیش بی بونیاد بنێین.
دروشمە پایزیەکانی کەم تەرخەمی و
لاپەڕە ئەزەلیەکانی ڕێساکان و یاساغ
لەو لافیتەو ڕۆژنامانەی
[تێنویەتی و، سەراب و، زەیتوون ]
دەمنووسنەوە
چرکەساتەکانی مردووانیش شەڕانگێزن
بانگی پیرانی ژیار دەکەن
تا بە ڕیش و بسکی سپیانەوە
بەردی جوان و دیمەنی جوان و
پەشیمانی جوانم بۆ بێنن

پیرەژنێکی چاو سەوز و پاکیزە لە کوی بێنم
بە گەسکی ئاوەزو ئارامی
دژوونی ئەو خیابانی کەرنەڤاڵ و دووکەڵە
تەمیز بکا؟
ئاهـ.. کۆترە جگەرەکێش و
ماسییە وێسکی خۆرەکانی ئەم دەفتەری تێکچڕژانە
لەو خەرەندی سەوزی و
لە مەنفاکانی ئەتاکێت و ئەوین و خودەوەش
خۆم و سەبەتە سەوزەکانی عاتیفەو نامورادی
ڕووەو باغی جەننەتی یاد ڕێگا دەبڕین
تا سەبەتەی لە خۆر پڕ دەبی
لە گلێنەو ماچ و باران.
لە بن سێبەری
ئەو ڕەجعیەتی فیردەوس و
مەدەنیەتی ئەوینە
بە خەیاڵ لەگەڵ
ئەو دوو وشانە زیندان دەگۆڕینەوە
بەو ڕەوە ڕەوەی ئاسکانەیش
ئەندێشە فەوتاوەکانی هەنگتان بۆ ڕەوان دەکەین
ئەی ئەسپیترین ئەستێرە
لەو پێدەشتی باووبۆران و زریان و جەننەتە
غەریبن ئەو مەلە رووتانەی لەوپەڕ
دوندی ئاسمانەوە
ڕەنگاڵەی شەمپانیا و کۆلا و مەرگمان
لای یەزدان بۆ دێنن
غەریبن ئەو حۆریە جگەرەگێڕانەی
لەو تەنکە ڕێیەی بەهەشت
فیراق دەخەنە نێو
دەفتەری ئاشناو ماڵی ئاشناو سپێدانی ئاشنا
ئێرە شوێنی ڕامانی ئەو شەیتانانەیە
کە ئەبەد نازانن هاوڕێیەتی
حەرف و خۆشەویستی
لەگەڵ ئەو پەریانەی دەبن بە کۆیلە سازبدەن
ئێرە شوێنی ماچی ئەو لەحزانەیە
کە دایك و خێڵەکانمان لێیان بێبەشن
ئێرە شوێنی ئەو پەنجەو
خەندەو سالاوانەیە
کە پەریزادەکان ئێرەیی پێدەبەن
هاتمەوە

بە باڵی هەناسەو خەیاڵی بەرجەستەی
ماسیە بێشەرمەكان
هاتمەوە
بە بوێری ئەو تیشكانەی لەگەڵی ژیام
هاتمەوەو دەشگەڕێمەوە
دابڕانم ترسانە لەو درەختانەی
پیاسەیی ڕامان و پێشهاتی تیا دەلەنگێنم
دابڕانم نقومبوونی فۆنیمە
لەو بەرپەڕانەی مەحەبەت
دابڕانم گەڕانە بەدوای بەدبەختی و
بەدبەختیشە بەدوای شیعر!!!
دابڕانم گەڕانە بەدوای
چێكردنی ئەو شەوانەی
بۆ ئاوەكان هەڵایسێنران..
لەناو جانتەكەتم نێو
بەرەو سندوقی پۆستی
ئەو دەوارانەی مناسا پۆڵێنم كە..
بمكە زەمینێك لەو مەنفای پێخواسی و
مەستیی و
سەرسامیەدا
با منیش بە ورشە ورشی ئارامیی بێم و
لەو نیشتیمانانە دابگیرسێم
با ئەو بەفرو گوڵانەیش
فێری سەمای گوناح و پێخواسی و
سەرخۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆشی بن..
با ئەو نامۆیانەیش
فێری راكشان لە پاكیزەیی و
ئاوەدانی بن..
ئەو ڕاقیاتیەم تەڵبەند دەكەم
با چیتر فیردەوس و خوناو و
پێدەشت نەیەنە ژووری..
ئای كە من بە تەنیا بۆ تۆ و
ئەوانیتریش هاتم و تەواو..
چیتر ناتوانم
پێشوازی لە ڕەیحان و
ئەو نەمامانەیش بكەم
كە ڕیزبەندانن و داوای هاوەڵیم لێدەخوازن..
ئای كە خۆم و تۆ و ئەوانیتریشم خۆشدەوی
گوناحی من نیە

چیتر ناتوانم
لەگەلڕ ژاوە ژاوی ئەو بەشەریەتە هەڵبکەم.
کە دنك دنکی باهۆز و
سەفەر سەفەری ڕوئیام بۆ بانگەشتە دەکەن
کە من بۆ تۆ و ئەوانیتریش هاتم بمبورە
خەتای من نیە.. !
ئەی یەزدانی ڕەنگاورەنگی من:
چیتر ناتوانم، لەو لەشکری ژەنەڕاڵانەی بەختەوەری
سەرگەڤاربم..
من بە ژێردەستەیی ـ ئاو ـ و دێر و گۆشەگیری
نەرسیسێکی ترم لە کەناری ئەو ڕووباری بەشەریەتە.
بمبورن گوناهی من نیە
کە من بۆ هەمووتان هاتم و
جارێکیتر تەواو.
سیمفۆنیای ئەو مۆرفیمانەی لە ڕۆحت چرۆ دەکەن
دیالێکتی نزای دایکمن
لەو مەوسیمەی دڵیمن..
لێرەش بە دووربیت: دەتهێنم و دەتکەم بە
ئەناناسێك و
بە سینەی خاچی یەکی لە پەیکەرەکانی
ئەو کڵێسە مۆمیاکراوانەی
تەك "ڕاین"ت دەسپێرم..
ئاااااااه ئەو کۆترانە چۆن کۆترێکی داڵدەدەرن
نوێژی عەتر و باخوسیەتت
لەو مەنفایانەی خودا بۆ دەهێنن..
تۆ بە "شتراسن بان"ەکانی کەڵواز و
ستێر و سەقەم و هەڵەمووت..
ڕێگای "بانهۆف"ەکانی یەقینی و چاوەڕوانیت گرت.
ئێستا منیش ئەو موسافیرە جێگیرانەم و
چاوەڕوانی هیجرانی ئەو تیشکە مونەزیرانەم
کە هەولێر جێدێڵن..
هەولێر ئێستا کزە مۆمێکە
لە ژێر برووسکەی هەوری بولێلڕ
هەولێر ئێستا مۆناتێك گڵاسی کۆنیاکە
هەولێر ئێستا ژنێکە لە دایکم دەچی
هەولێر ئێستا تۆیە تۆ..
ئەی ئەو فەزانەی نێو باخچەکانی
ئەو پەلکەزێڕینەی زێرابەدا
من بۆ ئەوە نەهاتووم

لەگەڵ ئەومیوانانەی ئێستەتیکدا
فێری بزەی برژانگ و قاقای قامك و
پێکەنینی لێوەکانم بم.
من بۆ تۆ و دۆژەن و مەرگ هاتم و
جارێکیتر عاشقتم.
دە لەو کەشکەڵانی ئەوینە ڕۆچوو
لە چرپەتی ئەو مەجەڕانەیش
کە لەوبەر
ڕەونەقی وەفا و سەوزیەتی دەبەخشن..
بەو درك بەندو كڵێسەبەندو شەوبەندەیش
تێرم هەڵنەمژی
داوای بوردن لەو کارمەندانە دەخوازم
من ڕەنگە پۆڵابەندو تاوێر ڕێزانی ڕۆحمم لا مەزنبی
ئای بۆ ئەو دەقیقانەی
کە خۆمم خۆشناوی و
لەو جسرانەیش دەبمە خەڵاتی ئەو نەهەنگانە..
بەڵی ئەو نەهەنگانەی
بۆ "نەینەوە"کانی یونس و دیجلە و حەدبام دەبەن
ئای کە من بەدەستی نامۆیی عەشق و ئەتاکێتەوە پرووکاوم.
من بۆ ئەو ئایندانەیش هەڵپرووکاوم
کە سێبەرە سپیەکان لێی دوورە پەرێزن..
فیراقە و فیراق.. ئەی ڤێلەیترین نمونەو تەلار
لەو جەنتای سەوزی و باغی مەرکانەدا
پسا تاڵ تاڵی ویساڵی نێوان
ئەو کەوە خۆشڕەوانەی ئەوڕۆ
لە پانتایی مەمکی مانگ و
کەناری کلکی تاووسە موفەکیرەکان
تەڕاتێنی نەبەزین
لەو مەراسیمی غوربەتە دەسازێنن..
ئەی غەریبیترین درەخت
لەو هەولێرانەی ئاتەش و دارستان و باڕێزەیەدا:
بێتۆیی کردمی بەو خامە رەنیوهێنەرانەی نێو
کارگەکانی ئیلهام و
مانگەشەویشی فێری بەرهەم و نەگیرسانکرد..
بێتۆیی کردمی بە مەرگ و تەواو.
ئێستا لەو دووریەدا
قەڵات و هەولێرم کردە
لەپکەیەکی ئاسمانیی و لە سینگتم هەڵواسی.
سەرچنارم کردە كڵێسەیەك و

تێیدا زەماوەندی غروب بسازێنە.
بابەگورگورم كردە ئەزەلیەتی پشكۆی
جگەرەیەك ئەوین بە لالێوتەوە.
ئەو جسرانەی عەباسیش
بە دوو حەڵقە لەو ملوانكەی گەردەنت.
ئێستا تۆ ناوێزەیترین وڵاتی
لە تۆ نەبی نەبی ئەی گیانی من
حەسانەوەم مەحاڵە.
من چەند لەو ئاوێنەیەدا خۆشحاڵ و دۆشداماوم**!؟**
چەند لەو ئاوانەیش
كە شەڕی غەواس و نەهەنگەكانی تێدا رێكدەهێخستری.
ئەی ئەو مەردومە سەیرانەی بۆ هەتایی
وەك ئەوپیرە مونعەزیل و تاقانەیە
فێری پێویستی ناپێویست دەبن:
ئێوە لەو باڵۆنانەی كۆتایی دەخوێنرێنەوە
كە دواتر بە گوللەی پیاوچاك و
مۆسیقای ڕۆحی ڕەبەنەكانی شەڕ
بە سینگ و مەمكی تەقیندا هەڵدەگەڕێن.
من هەڵزنان و ناشادیم پێدەوی بۆ شیعر.
من فەوتانم پێدەوی بۆ خاتری
خوێندنەوەی نەخوێندراوەكانی خوێندەواری.
من هیچم پێناوی بۆ پێكی تەمەن.
ڕۆخێكم هەڵبژارد جوانتر لەوەی
جریوەی مانگێكی ڕووت
لەبەر بارانی حەرفی دابڕانی ئەو خاڵانە
زەماوەندی غرور لەو مەغریبانە داگیرسێنی..
كەنارێك هەڵدەبژێرم
ڕۆمانسیتر لەو بەیاتریسانەی
بۆ ئەو چڕستانە سوورەی من هێنران.
ئاخ.. چۆن گۆشەیەكت لەوبەر
كەناری مەمكی تاووس و
لەو ئارانە گەورانەی گۆنای خۆریش بۆ دەهێنم؟
ئێستا منیش
لە گۆشەیەكی نووتەكی ڕۆخێكی "شام"دام
بۆ خاتری خوێناویترین كراس
ترۆپكێكم لە ئەشك دامەزراند.
لە كەناری دوورترین گۆشەیەكی غوربەتدام
چیبكەم؟ كاژێرێكم لە زام خولقاند.
ببوورن، گەر بڵێم: بێهودەم..

چونکە ئێرەش هەر سەرزەمینە!
ئێمە لەسەر ڕاکشان و
ڕاکشان لەسەر بالای
ئەو خوێن سپیانەی ڕقیان لێمانە
فەنابوونی مەرکان و خۆری حەقیقەتە نا حەقیقیەکانە.
قەت هەنگوینیەتی
ئەو ڕەوە ئەسپە سپیانەی
غارغارانێی عەشق و مەعریفە
لەسەر دەریاکانی سەراب دەجەنگێنن
لێوارێکی ئەو خالانەی قامکی ڕۆحی من و
ئەو بالۆنە بەرزەفڕانەی یادی من خاپور ناکا.
قەت پرشنگی
ئەو نەهەنگانەی فێری وازیی مەحەبەت بوون
سۆمای گەورەی گوڵ و
مەزناتی نازانمەکانی خود.. وێران ناکا.
نەمدیت من هێندە لای شیعر گەورەبم
نەمدیت من هێندە
پەپوولە حەسودەکان لە لەپیانم بئالێنن
نەمدیت من هێندە
کۆترە کێویەکان شەڕی نەفس و ڕۆح و خودام بکەن
نەمدیت من هێندە.. نا نا نەمدیت
لەگەڵ تابووت و شلۆقە و زریان و مەرگ هاوەڵبم.
ئاخر ئەو چرۆی ڕووبار و تاڤگە و مەزندەیە
زۆر بەرزترە لەو عاقلانەی
ئەوینیان دۆزیەوە.
زۆر بەرزترە
لەو بێئاوەزانەی ژیرن.
زۆر بەرزترە لەو ژیرانەی مەدەنیەتیان هاورد.
زۆر زۆر بەرزتریشە لەو وجودیانەی مولتەزیمن..
ئەی ئێوەکانی وشکیەتی
چیتان پێیە بۆ وجود؟
ئێستا بەشەریەت پێویستی بە شیعرە
منیش پێویستیم بە ئێوەیە
هۆ ئەو باخچانەی
تێیدا فێری شەڕی مەحەبەت بووم.
هۆ ئەو گلێنانەی تێیدا فێری ڕەسمی سەلیب و
نۆتە پیرۆزەکانی دەنگی ئۆرشەلیم بووم.
هۆ ئەو تاووسانەیش
لەناو قژەکانتانا

مەلەی پاکیزەییم دەفرۆشت.
ئاخر من نەمدیوە.. نە
وەك ئەو پیرە مونعەزیلە
فێری پێویستیە ناپێویستەکان بین!!
منی موتەشەڕید لەو کەرنەڤاڵی فیردەوس و
یاقوت و زامەدا
منی خلیسکاو
لە حەشری ئەو ئینجلانەی ئاوەدانی
منی هەڵچوو
بۆ ئەو بانهۆفانەی
سەراب و
ڕامان و
عەبەس
سوپاییێك چۆلەکەی هەڵلەرزیوی بەزیوم
لەو حەربی نەبەزینەدا
بارانێك گڵاسی ساماڵ و سترانیش بۆ خەزان
ئاخ، بۆ ئەو ئێستایانەی
کە خۆشم نازانم چۆن فێربووم
باهۆزیترین زەمەنە
ئەو یوسفە غەریبەی نێو درەختان
یوسفیترین غەریبیە
هیجرانی زەمەن و
ئەو ئۆپەریێتی درەخت و باهۆزانەی
یوسف و درەخت و باهۆز
لەو زەمەنی تێهەڵدانە کۆ دەکاتەوە
ئاخ بۆ من و ئەو ئێستایانەی
کە خۆشم نازانم چۆن فێربووم
موسافیربم بە دوای خوێندنەوەی خۆم!
من نازانم چۆن خۆم لەو دلفینانە بخوێنمەوە
کە دواتر دەبن بە گۆڕستانیترین چڕیەتی و
بە دنیاترین دارستان.
من ئێستا پێویستیم بەو وەڵامانە هەیە
کە ئەو سوکراتانەی ڕامان و وەستیان
ڕدێنە بەفراویەکانیان تێدا هەڵوەراند..
من لە تۆ زێتر
ئەبەد خۆم لە قەرەی هیچ بارانێکی تر نادەم.
ئەو پرسیارانە دەیان بارانی فێری مەرگ کرد
ئاخر من لە هەموو شتی گوێم لە دەنگی جوانیتە.
وا خولقام لە تۆش

ئەی ئەو زێرابانەی ئافات دەبێژن.
ئەورۆ جۆرێك لە جۆرەكانی ئێستەتیكت بۆ هێنام
ئەو بەردانەیش شێوازێك پەپوولەییان
لەبەر دەروازەی ماڵەكانی كانیاو و
ئەو ئاسكانەیش
غەڵبە غەڵبەڵیك لە غروبیان
لەسەر جێژوانی ـ ئاو ـ و بەفر و هێمنی ڕسكاند..
چریكانی ناكامەكانی منداڵیم مەسیح ڕفاندی
برووسكاندنی زامەكانی عومریش.. كۆتر
دەیلێمەوە:
ئەو ئێوارەی كە بۆ تۆ و خوا دەژیم
لە ڕەهێڵە و غرور و تۆڵە و ناكامیشدا جوانی دەبیستم.
دەپرسم: ئەو باڵندە دەنووك ڕەشانە بۆ هێنران؟
بۆ ئێوەیش ئەو دوو زنجیرە
پچڕاوەی ئاوێتەبوون
بۆ هەتایی نەژیان.. ؟
مادەم ئەی ئاوێتەیترین
نوێژ و میحنەت و میحراب..
بریا ئەو ڕەیحانە مەسیحیانە بووای
كە قەدەر و خواو ئێوەكان نایوەستێنی..
خارپرژێنی ئایندەمان بنووسەوە..
بریا بە حەرف و گوڵ و
ناقوسی سپێدانی ئەو "عەینكاوا"نەی نكاراین تێیدا
زەمەن لە دیواری كڵێسەكان بكوڵین
بمشۆرییایی و
فایلێك خۆڵم بە تەنەبوْ ْبخواردبووایە.
كەوابی من منداڵیترین گەورەییم
لەو ئاقاری گەردەلوولەیەدا..
بەفریەتی ئەستێرەی هەموو ئاسمان
بكشێتە نێو دەمارەكانی ڕەشیەتی پرچم
هەر بە چاوی منداڵی لێم دەڕوانی
بۆیە من هەمدیس
گەورەیترین منداڵیم
لەو پەژستانی گێژەلووكەدا.
تێنووم بۆتان.. زۆریش
تێنووی دەنگی چەمی فرمێسك و
دەنگی باڵای گوللە و
تێنووی سیمفۆنیای ڕۆحی ئەو گەنجانەم
كە هێشتا لە كتێبی تەمەن

دەرسیان نەگەیشتۆتە بابەتی ژیان.
ئەی فەزانیترین سەحەر و سەحەریترین تاووس:
لە دوورەوە
لەو مەنفای پێشکەوتنی کەمفامی رۆحەدا
کۆنیاکیترین گیان، لەو خەراباتی بوونەدا
ئا مەبەستم ئەو گیانە مەرهونەیە کە دوێنی
لەنێو لەپەکانت بەژنی بۆ گەورایەتیت داگیرساند
ئێستا ئاوازێکی سەوزی پڕ لە شانازییە لای تۆ
دە تووخوا
بۆ تۆڵە لەو باڵندانە و
دواتریش بۆ بانکەکانی یەقینی بنێرە
با دۆلاری عەشق ومالْئاوایی و حەقیقەتت بۆ بێنن.
ئەو نایەتەوە یادی کە پەیمانی
لەگەڵ سەفەرێك لە روئیا مۆرکردبی.
لەگەڵ ئەو قیبلانەیش کە دەواریان
لەو پێدەشتانەی جەنگ هەڵدابی
ئەو ئەوێکە بۆ خۆی..
بەڵام نازانم..
کەی لە قەڵاتی سیمای زریان
بەرەو سینگ و مەمکی "باتە"کانی بەفر رێگادەگری.. ؟
کەی ئەو منارانەی شەویش
ڕووەو ئاسمانی بۆرەتار رێگادەبڕی.. ؟
ئەو ئەوێکە بۆ خۆیی و تۆ و بەس.
سەحەران لەگەڵ کوڕێکی سیما تێکچڕژاوی یەزدانی
لەگەڵ مەلێکی سەراسیمە و مۆدێرنی خوا لێڕفێنراو
هەڵکوت هەڵکوتیانە و
دواتریش دەبنە چەپکی ساڵاو و
لەنێو بزرکاویترین مەرکاندا
بە قاقاوە دادەگیرسێن.
دواتر ڕادەمینێم
ئاخ غروری ئەو ماسیانە
چەند لە ڕووخساری حەقێکی شۆخ دەچی.. ؟
کە ئەو بارانە لە ئەرشیفی تەوێڵی دایمەزرێنی
هەڵکورمانی ئەو ئاسۆی تەماشایە
چۆن خۆراویترین حەقێکە.. ؟
کە ئەو دڵە دەرسی پێبفرۆشی
فلوت و فیغانی سیما، دوو تیۆری گەورەن و
ئەو گوڵستانانەیش موننەزیر.
منیش لەو دارستانە قەتیسماوانەی پێڵوەکانم

باڵندەیەكی بیستەرو
تاووسێكی جاهیل و
ڕووبارێكی وشكەبووی شەختەبەندم.
هێندەم پرسی:
لەو درەختە بەرزانەی ژیاری و
مەمكی ئەو گوڵانەی ڕۆمانسیەت
تا تەنزیراتی ئەو دوندە غرورەم بۆ ڕاڤەكەن..
هێندەم پرسی لەو شەهێنانەی مەزناتی دەبەشنەوە
خۆپارێزی مولتەزیم بوون
لەبەردەم ئەو مامزە شووشەییانەی عەشقیان ناوە
لە غارغارانێی ئەو باخچانەی ئێستەتیك
دیوانێك بەرپەڕی سواخدراو
بە مۆرفیمە بێئاگاكانی نەست هاتە بوون و
سینتاكسی ڕستەی عاتیفەیان بۆ كردم.
تۆ ئەی سكڵڵاویترین دەینونە:
ئەوە حیكایەتی ئەو پاركانەیە
كە حەزمە تێیدا پۆلابەندی
ڕۆح و تەماشا و زاتم
لەو لۆتۆی قەدەرە بۆ بچۆڕێنری.
بشمرم قەرارە هەر دەبی
ئێستا بێمە حزوری ڕامووسانی ئەو مەرقەدانە
مەلێكی خرخاڵ پایزیی لەوسەر
نزمە دەنگێك
دەخاتە نێو دووكەڵی ئەشكەوتی ئەو دەركراوە
ئەویش ئاژاشكەیی
دەكاتە زینو
دەیهاوێتە نێو جەستەی ئەو دەغرانەی
كە پرسیاری باڵندەكانیان كڕی
دووریت مەرگی سەحەرانم و
سەقەمی ئێوارانمە
كوشتمی.. ئەشكی ئەو دێرانەیش كە فێری
ئەشكیان كردم.
چاوەڕێیە
ئەوشەو درەنگانی
تاڵی مووی باسكم پەڕەمووچەیە و
ئەو درەختانەیش پلیكانەیەك ویساڵ.
چاوەڕێیە
ئەوشەو درەنگانی
بەنێو موولوولەی گۆپكەی مەمكی

حەرفە هەناسە سوارەکان و
دەنگە دەنگی چوارپەلەی ڕەوە ماینەژنی دێرەکان
لەگەلڕ دەریا
یەکتر لە ئامێز دەکەین و
ڕەهێڵەیەك ڕۆندك و بەینەتت بۆ پۆست دەکەین.
هاوارێك وەلام و جریوەیەك ژیانیش
یەك ئیمپراتۆریەت کەشتی وەفا و
دوو خەیاڵستان ئەلماسیش.
ئەو جارەیش
زڕەیەك زەنگی پیاڵە مرواریەکانی
کۆنفرانسێکم بیست
چی خاری تێهەلدراوی کەون هەبوو
تێیدا ماڵئاواییان لە عەبەس کرد
کۆمبونێکم بیست..
چی بێتۆیی هەبوو
سەفەری بە ئەندامبوونیان کردە بڕیار
ئەو ئێوارەی دادی
دێن و سکالای وجودی منیان پێیە
ئەو ئێوارەی دادی
دێن و فەرقانیان بۆ کەوتنی برژانگی من پێیە
ئەو ئێوارەی دادی
دێن و
نۆبلێترین حەرفیان
بۆحیکایەتی بالای فیردەوس پێیە
ئەو ئێوارەی دادی
دێن و قەراری مەرگی منیان پێیە
گولێك هات و
بازێکیش لەگەل هیجرانی بەستن جووتبوو
قەقنەسێك لە پشکۆی جێمانا گڕ نایگری و
- ئاو - لە خنکانا تەڕیەتی نایورژێنی و
کۆترێك لە ملوانکەی کۆترێکی تر ڕادەمینی و
پارچەیەك فرمێسکیش دەبی بە بەرد
منیش دەبم بە سەفەر
لەگەل ئەو چۆلەکانەی ڕقیان لێمە
ڕووەو ئۆرشەلیمەکانی شەو.
عاشقتانم ئەی ئەو بێزاریانەی سبەی
لە دەستنووسەکانی زەریا ناسم دەکەن..
بۆچی دەبی عەشق دەسگیرانی
ئەو گولە بارگرژانە بی

کە ئازیزان هەڕەتەی دواکەوتوویی مەدەنیەت دەکەن؟
لەو لاڕێی نەفامیە چاوم کەوت
بەو ژیارییەی نیوەی نەمامی ڕۆحمی خنکاند..
دوێنی لەگەڵ بڕۆنزیەتدا
بە ئاوەدانی کەوتمە ڕێ
من کۆتەڵێك بووم
لە مەزاهیب و
بە گۆچانی ئایدۆلۆژیا
ئەو تووڵە ڕێیەی نەستم دەخواردەوە
دەشی من بارگەم ڕووەو نێو دارستانی
ئەو ژمارانە تێکنێم؟
دەشی من ئاوێزانی پژووپۆی
ئەو سارایانەی سفربم و
هەنگاوەکانم ڕووەو وەستاندنی زەمەن دەسپێکەم؟
بۆ ناشی.. ئەی سەوزترین پەناهەندەی چاوەڕێ و
تاووسی برژانگ شۆڕەبی:
من و تۆ و زەریا هاوزەمەن بین
من و تۆ و زەمەنیش هاوقەدەر بین
من و تۆ و قەدەریش هاومەرگ بین.. ؟
سکاڵای مانگی قەترانیی گلێنەکانت
بە ئەبرۆی کام دوندێك هەڵدەواسی.. ؟
تەنکایی بینینت دەفرۆشیتە قوڕگی کام لێو؟
لۆکەی قژت دەخەیتە نێو مۆمی لەپی کامە ڕەوەز؟
بۆکوێت ڕاپێچ دەکەن.. ؟
بەشەرییەت بەربەستە..
منیش ئەو زنجیرە موقەدەرەم
کە خوا بۆ تۆی ناردم و بەس.
تۆیش ئەو شیعرە بێدوماهییەی
کە ئەو بێهودانە هەمدەم مەرجانی تێدا دەلەنگێنن.
دنك دنك دنك ئەبەدییەتت
لە قەراغی جۆگەی ئەو برژانگانەم داگیرساند
دنك دنك دنك هاژەت بۆ
لە ژێر مزگێنیەکانی مەحەببەتدا کۆکردمەوە.
دنك دنك دنك ئاژێری بێزاریش
لە سینگی ئەو ناقوسانەی پچڕان.
ئاخ گەڕانەوە بۆ تۆ
چزوو کردمیە چرۆ و
لەو پایزەی داهاتووش
لە بێتۆیی کردمیە پایزێکی هەڵوەریو

موشتاقم.... زۆریش
فێرمكە لە سارای بێتۆییدا نەخنكێم.
سبەی حسمكرد، نەخشەیێكم كەس نەیبیستووم.
هەستمكرد وەك ئێستا
زەمەن بوو بە وجودێك لە عەدەم
من بووم بە ئاوازێك تاریكیی
ڕووەو قوڕگی كلارنێتی ئافات
شیكاری ئەو ساتانە چین
كە خۆم و كەون دادەبەزینە ژێر ژمارەی سفر؟
شیكاری ئەو ساتانە چین
كە شەوبۆكان
جانتایی خوناوی باڕووت و
فڕۆكەیی بۆنی باڕووت و
فڕۆكەخانەیەك جوانیەكانی تەمتومانی باڕووت
دەكەنە بەیداخی گلێنەی ناخ و
لەسەر ترۆپكی لێوەكانمی پەرش دەكەن.
ئەی ئەو
چەقی گەردونە
ها ئێستا
لێرەش دەڕۆم
لەگەڵ تەنیایی، غەمبارانی
ویساڵ دەكەم.. / هـا ئێستـا
لێرەش دەڕۆم و / دەرسی نەهاتنەوەیەكی
ئەبەدیم بۆ بڵێوە.. / چۆن سەریحێكم.... ؟
ئەوەی گوتم: پارچەیەكی لەو ویژدانەم هێنایەوە
ئا بەڵی، لەو ویژدانانەی كە بەرەو ئەو
ئەو مەلەكەتانەی كەلاوەو ترس
ملی ڕێیان گرت.
من هەموو فەزام
لەسەر بلۆكی ترس و
زەمینی ترس و
حیكایەتی ترس بنیات نا.
ئەی خۆمیترین خۆم:
من چیت بۆ بڵێم؟
ئەی پێتم نەبێژی
ئەوەی كردم
فێڵ و گەمە و حەقیقەتە لەگەڵ زات
ئەوەی لە پێناوت دەبی بە دێر
چەواشەكردنی خۆمە

ئەوەی بە هەر شێوەزارێك دەیڵێم
خیانەتە
ئەوەش کە دەیکەم کوفرە.
هەمدیس
بۆ جـــاری
هەزار و نۆسەد و
حەفتا و شەشەمین جار
چـێـژبـارانـی ویـساڵـم کـە
خۆشمدەوێی و خۆشمدەوێی و خۆشمدەوێی
ئەوشەو رێگابگرە و پرسیاری پەنجەکانم
لە دەریا و دارستان و گەڵای وەریوی
ساتەکانم بسێنە
ئافات لێدە:
موشتاقم و
مـوشتاقـم و
مـوشتاقـــم و
فرمێسکەکانت بە "ڕاین"بسپێرە
پەلکەزێڕینەی ئەو مێوە زەرد هەڵگەڕاوانەی فیکر
لەناو گڵاسێکی ئاویی قایمکە و
کانییێك شەرابی وەرینم
بەسەردا بپرژێنە.
بۆ تاهەتایش ئەدرێسی رۆحم
لای ئەو پەریزادانە دەست دەکەوی
کە گەززەی لەزەتیان بەخشیە ئەو
لێوە لەتوپەتەم
بێزارم... زۆۆۆریش
وەك ئەو مەرجانانەی لە بێزاریـدا
بوون بە ئۆزۆ.. بێزارم.. زۆریش
وەك ناوقەدی زێڕینی ئەو گەڵایانەی
لە بێزاریدا بوون بە ئاسکێك تلیـاك
بێزارم و بێـزارم و بـێزارم و بــێزارم و
ئەی ئەو ئاسکە شووشەییەی تا ئەو ڕۆژە
فێری گەورەیی عەشقت نەکردم.
ئێستا لە نێو بەژنی ئەو درەختە
بەرزانەی ئاوێتە..
ئێستا
لەناو گەردەنی ئەو پەلکە بەفرانەی
جێژوان..
میـلـیـشیای غــوربــەت

دەستی خستۆتە نێو پەنجەكانی ئەو
زریپۆشە زریزەییانەی
جودایی لەگەڵ ئەو
لەشكری ژینەژان و
تەنهایی و ترسەیشدا
بەو مەغریبە ڕەوتی كەنار
زەریایانگرتوەو
ئەو ئێوارەیەش كە دادی..
دێن و تەمایان وایە
شارۆچكەی بیلبیلە بكەن بە كاروان سەرا.
تەپ و تۆز و گەردەلوولی ژێر پێی
ئەو ئەسپە سپیانەی گوزارشت
لە نێو ئەو تونێلانەی ـ با ـ م هەڵدەخەن و
ڕاپێچی تەنیایترین بێتۆییم دەكەن
كە زایەڵە لێوی ڕۆشنایی شەوەزەنگی برد و
پەنجەكانی بەفری ڕفاند
بۆ شیعر و ئێستەتیك نییە
بڵێن: بەرەو
كوێ؟
كە هەڵمەتی هەڵۆینی گوڵ و ئاسك و سپێدە و
كەنار شەراب.. كەوتنەڕی و..
لە مەخەری زەمەنە شەكەتەكانیان لادا
وشەكان بۆیان نییە بڵێن:
بەرەو كوێ.. ؟
كە هەولێریش بارگەی خستە سەر سینگی
كەحێڵی زریان
ئەشكی سوڵتانانەی دایكم ناڵی: بەرەو كوێ.
پەیامی من
ئافەریدەكردنی درێغایە
لە هەناری ئێستەتیك
پەیامی من بونیادی گوڵدانە
لە ئاتەشگای بێتۆیی.
بمبورن، پەیامی من ئافـەریدەكردنی ئێستـەتیكــە
لە هەناری بێتۆیی / پەیامی من بەشیــنــەوەی
لێشاو لێشاوی عاتیفە و / جەحیم جەحیمی
زریانە بۆ خۆم / پەیامی من قیامەت
قیامەت و حەشربارانی خۆمە
ئێستا ڕابووم / پرسیاری
چاوە فەوتاوەكانم

فرۆشتە شەو.
شەو
خستمیە نێو مەمکی ئەو بێتەڵانە و ڕاپێچی قەراغ
چۆڵەوانی کردم / سارا هات و تەنــهــایی گــۆتەوە
داری
شەکران هات و
موحازەری بێکەسی
کردە ئاژێر / خوا هات و
حیکایەتی غوربەت و ترازان و
مەرگی بێژی / تەنــهــام لەو ڕەوە
ڕۆندکانەی خودی خۆشــم تــــەنهاتر
نەزیفم لە بەرەڵاکردنی پـێشەنگی گوڵ و
لە ڕاوەدووی شەو.. نەزیفتر لە حاڵەتی خەلاتدان
نەزیفتر لە پەیمانی نێو تارمایی حاڵەتی دابڕان
دە ئێوەش هەڵوەرن وەك هەڵوەرینی قژی ئــەو
مـونـحــەریفــە
دە ئـــێــوەش
بـا مێــوانـــی
ئەو هێوریە سامدارە بن و
مـــالـــتَـان ئاوا.. / ســەرزەمـین
مانی ماسك و مەرگ و زامی گرت ژێر باڵ
سەرزەمین قولابی دەرەزو قـڵـیـشانی خستە
گەرووی ئاوەزەانی ئاسمانی باڵندەکانــی پێدەژیا
سەرزەمین خوناوێك بوو سەد و دە ڕۆژە ڕێك
ڕەشەبا وازی و دیلان لەگەڵ پەرەمووچەی
کلکی تاووسینی بە تورەیی دەنووسێتەوە
سەرزەمین.. زەخرەفەیەك بوو
سەد و دە ڕۆژە
ڕێـــــــك
بــە شــــەست
مـــــەتــــری
ڕووەو ئاوەسو ڕشتە دەخوێنێتەوە / سەرزەمین
سەد و دە ڕۆژە ڕێك، دەبا روخـــــاویترین بی.
من
لەوی
لە نێــو
حــەرفــە
جی لەقبووەکانی
زەمەنێکی دابەزیو هاتم و

گوتم: بەڵکو ئەو دەستکێــشەی
باوبۆران دادەکەنم. /گوتم: بەڵکو
خۆڵ و ئاو و تەنهایم لە قـاوغی سیما
لوولدراوەکانی ئەبەدیەتی عەدەم دەئاخنم
مـن لەوی لەنـێو ئـەو کاسـێتە هەڵکراوانەی تارمایی و
قووڵایی برینەوە هاتم /گوتم: بەڵکو مامزی کوێستانی
لمە بێکەنارەکان بەرەو لێوارێکی لە سیحرەوە هات و بە کێش
دەکەم.
من لەوی لە ئەوین و پڕوکانەوە هاتم، گوتم:
بەڵکو ئەو ڕێگایە دەبڕێتەوە
کە بڕانەوەی مەحاڵە.
چووم
لە پەنجەرەکانی پەیڤ و
لە ئەشکەوتە مۆدێرنەکانی گوڵاڵە
نەختێ ڕۆژنامەی سکوت و کامەرانی
لەو جەنجاڵیەدا بخوێنمەوە
شێفی لە دۆژەن و تەوێڵ تێکچڕژاو هات و وەدەری نام.
ئەگەر بلوی ئێستایش دەچم
بەسە ئیتر
نەختێ کتێبی سوتان
لەو تەیرە باڵ و قژ وەریوە ڕەنگاوڕەنگانە
وەردەگرم و
هەر لەوێش
لەسەر سککەی ژێر پردەکانی خوا دەیخوێنمەوە.
چارەنووسە و دەبێ سەفەر بکەم
چونکە شەوێنی ئەو بۆرەتارە
ژوانم لەگەڵ دەیانە و
لێزمە لێزمی شەپۆلی غوربەت و
گەواڵ گەواڵی پرسیارەکانی ئادەم هەیە..
دە تۆش ئەی قەشەنگیترین جوانەماینی بێپەرە:
ڕەوکە.. بە نێو گەردوگۆڵی ئەو خەزێمانە..
بەنێو تەمتومانی سپێدانی ئەوروپا و
لێڵاتی ئەو مەغریبانەی ئاتەش
ڕەوکە و ببا هانا.. ئەی تۆی مونەزیر
لاڕێی شەختەبەندی "ئاوتۆبان"ی لێوەکانت چراخانێکە
جلدێکی لە سیحرو
جگەرەیەکیشی لە فەنتازیا هەڵکێشاوە
تەبایی ناتەباییەکانی ئەو بۆرەتارانەی
نەغمەی کەمانی حوزن و

تەڵی هەناسەی فلوتێکی فیکرو
باخچەکانی پیاسە و ڕامانمە
کۆکیی ئەو ناکۆکیانەی
تیشکەکانی چوونەتە سەر
بیابانی لماوی پەنجەکانم
خۆیان لە خۆیاندا
لای چەپی کۆترە سینگ وەریوەکانی سیمامن
خۆیان لە خۆیاندا
ناوەندی کتێبی غروری عاتیفە منن
خۆیان لە خۆیاندا
لای ڕاستی ئێوارانی دەریاکانی دەریای تەبایمن.
ئەو شەوەی دادی
لە خەوما باخچەیێك هێوریم خستە
نێو کەزی ئاوەزەکانی
کە دواتر بوون بە پەڕو باڵی عاتیفە
دوێنی لە خەوما
گەڵا گەڵای
کوڵمی فەلەك هات و
بوو بە پەناهەندە و
لە وڵاتی پرچم لجوئی خواست.
پێری لە خەوما
هەڵۆییێکی مونحەریف هات و
حەفتا و شەش سەبەتەی
لە قژی سەرح و گوڵ و بزە و
تەئەمول بۆ هێنام.
ئەوێرۆژی لە خەوما
ئیرەمێك هات و ئیدیۆمێك هیجرانی بۆهێنام
ئێستا و ئێستەیش لە خەوما
سروودێك هات و
تۆ هاتی و
من هاتم و
باڵندەیەکیش بۆ دەمی فەنا..
پەشیمان نیم
جانتاکەم خستە سەر کۆڵی حەزارەت و بڕیارمدا
دوای ئەو خەونە
خۆم و سەفەرەکانی ئۆرشەلیم
بەڕێکەوین و
سەرێك لە ئۆرشەلیمی سەفەرەکان بدەین.
ئێوە ئەی سەفەریترین ئۆرشەلیم

من گوناحبار نیم
لەوەی دوێنی
دوێنی من بۆ ئێوە
لەو دەریای "هێرفۆردەرە"
دەستنوێژی ئەو مەلەیە ئەنتیکەم هەڵوەشاندەوە.
ئێوەش وەکو یەکێك لە ئارمەکان
بە یەخەمەوە نووساون
ئەی سەفەرەکانی ئۆرشەلیم..
ئێستا خۆمم لە کۆڵە و بەرێکەوتم
بمبورە ڕۆحی خۆم
لە بێتۆییدا گەڕامەوە
ئێستا مەودای نێوانمان ئێوارەیەکە
پڕ لە ئینزارەکانی حەربی چاخی منداڵیم
دووری لێم.... ....
هێندەی دووریی نێوان تاریکیی تۆفان و
ڕووناکی دەمارەکانی ڕۆحی پەرەسێلکەیەك.
دوور
دووریش بی
قــەینا / عـەتری
گــەردەنت
لای قژو
مــەمکی
ئەو ڕەوە
ماینە ڕووتانە
دەستەکەوی کە ئەو شەو دەچنە ژێر زریان.... .... .... ..
دوور دووور دووور دووووووریش بی قەینا.... .... .... .... ..
ئەدرێسی ئەبەنووسیی قژت لای کلکی ئەو
تاووسانە دەستەکەوی کە ئەو شەو
بە ئارامی دەچنە ژێر تۆفان.
دووری لێم دوور..
ئەو شەو ئەورووپا بوو بە پەرجوو.
دووری لێم دوور دوور..
ئەو شەو ئەورووپا بوو بە شیعر.
دووری لێم دوور دوور دوور
ئەو شەو ئەورووپا خەزانگرتی.
دووری لێم دوور دوور دوور دوور
ئەو شەو دەبا بڕوخی مۆدێرنیەت.
مەراسیمێك ترازان و ئاوەزم لە دیدگای
جێمانەوە خوێندەوە

ژیانم خستە نێو لەپی بارانێك و
لە وردترین شانەکانی رامام.
تۆ
ئەی خۆم:
ناوێرم خۆم
لە قەراغی خۆم بدەم
ئەو پەرێشانیەشم با هەر
لە بازنەی ڕۆحی خۆم گرێبدەم
لەو زامانەیش بێزارم، لەبەر تۆ نا ئەی خۆم
قەت ناوێرم خۆم لە قەرەی دەریاچەکانی خۆم بدەم و
پارچە زەمینێکی پاییزیش لە پایزدا بژیێنم
ئەو ئێستایانە بە قژی پشکۆ
هەڵزنـام و
تا تێربووم
لە شەرابی
کـفـن و
دێری عاتیفە و
لە کتێبی قیامەتم کێشا.
تاعون هات و
لەو ئێوارە بزرکاوانەی نێو موولوولەکانی ئاوەز
بۆتە شیرازەی بەردینی
ئەو مێرووولانەی بیری سەفا دەکەنەوە.
کەژی ویژدان و
عەقڵ و
فرمێسك و
بەفریەتیم دارما..
هەوەس دێ و کۆترەکانم ڕاودەنی
شەهوەت دی و گۆرانیەکانی
خۆکوشتن دەچرِی..
مەرگ دی و
هەوەس
دەبەخشی..
فەنا دی و مەدالیای
خلود دەکاتە ملی شەهیدێکی ئیرۆتیك
پەپوولە دی و دەبێتە ئەو سێوە سوورانەی
کە هەستەکان لە بازن و ستێری
سەر سینگ و مەمکی کابووسەکانی
هەزار ساڵەی وڵاتم دەئاخنی
ئەوەتانی ڕەنگاڵەی ئەشکم پرووکا..

سەیرکە ئەو باڵدارانەیش تیژڕەو تیژڕەو
بە نێو مانگەکانی فەناو غوربەت و نەست تێپەڕ دەبن.
چیدەکەین لەو شەوانەی کە ئێمەی جێهێشت و
خۆشیکرد
بە ئەسپێکی عاشق بۆ باوبۆران؟
چدەکەین لەوکۆترانەی سەفەر
کە ئێستا بوون بە بورکان؟
تێهەڵدراین تا تاجی قژمان
بوو بە ئاژن و دڕك و زام.. تێهەڵدراین.
تێهەڵدراین
تا هەموو گڵاسەکانی ڕووناکی خاڵیبوون
تێهەڵدراین.
بێبەشبووم
لە ڕامانی گۆڕستانە فیردەوساویەکان و
لە هەموو گوڵستانەکانی جەنگ و جێژوان و
لە پیاسەی سەر هەموو شەقامەکانی
خودی خۆشو بێبەش بووم.
ئەی خودا من چەند بێبەش بووم.. ؟
زۆر بێبەش بووم زۆر زۆر
زۆر بێبەشبووم
ئەی ئێوەکانــی
گەردەلوول وخەرەند و لم
من لە بێبەشیا / ئەشکەنجەیترین
سێوێکی چەلاکم و بەس
بۆ خۆم خانەقاییێکم لە گەلیی
خــود هـێـنـایـە وجـود
دابەزیم و ساپساپانێی کەنارگیری
بە قامکەکانم وەردەسوڕێنم
قژی سووری خەڵوەتبازە
مەشروبخۆرەکانی بەدەنت
وەبەر پەلـــکە گـــڕی
سەهۆڵبەندانی تەنهایــم
دەدەم... دەستی لەرزۆکی پێڵوەکانیش بە تیشکی
ئاڵتوناوی گزنگانی شۆڕش و مزگەوتە سپیەکـــان
دەسپێرمەوە.
ڕەنوو بە دەم باڵای قەڵبەزەوە
بەڕێکەوتن و/غوربەتێک نەیگوت مـــەرحـــەبا
میدیایێك گڵاسی "نەخلە" بە ورشــە ورشـــی هــەناسەی
خوناو، خۆی نمایشدا و سەحەرێك پڕ بە چاوانی نەیگوت

مەرحەبا / ڕێچكە ڕێچكەی بێتۆیش لەگەڵ نەسیمی
ئەو مەوسیمە ڕاكە ڕاكە ڕێگایگرت
بۆیە ئاباد قەت و قەت نەیگوت: مەرحەبا
چریكەیەكم بیست دەینالاند
ئەوین هەنگاوێكە بەرەو
سرانەوە و سەراب.
فیراق
سەفەرێكە بەرەو فەنا.. كۆچ سروودێكە ڕووەو مەرگ
سەفەر كۆلێك خیانەتە.. كاتێك دەفتەری تەوێڵم
ئاوەلاكرد و نیشانی چاوە مەراقاوییەكانی ئاژێرم دا
لێی هەڵكۆڵرابوو: تۆ ئەو پەرژینە موقەدەرەی كە بۆ
گەڕەكی حەرف و شاری دێرە قورسەكان و نیشتیمانی
كاری هاتیی و ماڵت ئاوا..
گەڕام و قامكم بخەمە ژێر باڵی پارچە خۆڵی
لەو حەشاماتی سەرزەمینە
لەپی پێچرا كردی بە هەنگامە
زەردیەتی گیانی ئەو كەرنەڤاڵی كلارنێتانەیش
بە یەك دەنگ وتیان: نەْ.
مە
زراكان
سینگیان
هەڵزڕاند و
ڕەقسیان بۆ
ژینەژانی ئەو
قەسری "خاروان" و
چڕستانەیش
داگیرساند.
كە سەرم بۆ مەنزڵگای
پێیە شەكەتەكانم
دابەزاند.. بینیم
سەرزەمین پارچەیەكە
لە زریان و تەزین.
جەنازەم خرایە سەر
دارەبازەی دەنووكی ئەو پاساریانەی پێغەمبەرن.
ئاە.. چەند بەختەوەرم؟ ئێوە ئەی جەننەتیەكانی
ڕۆحم بۆ ناشادن؟ ئەوەتانی دایكم لەو ئۆرشەلیمانە
چاوەڕێیە.... كفنی لە زەیتون و خۆڵی لە چرۆو
وەلامی لە بەفرو، كێڵی لە خلودو، مۆمیای لە شیعرو
ئەلحەدیشی لە ئێستەتیك بۆ داناوم.

ئەوەیان مەراسیمی كۆچی ئەبەدیمە..
فلوت داگیرسێنن..
ئەی ئێوەكانی جەننەت بۆچی هێندە ناشادن.. ؟
بمبورن كە دەڵێم: ماڵئاوا.
بەڵام چیبكەم؟ بڕیارە و هەر دەبی بڕۆم...
چونكە ئەو شەوە ژوانم لەگەڵ بەیاتریس و ڤەرجیل و
مەسیح لە حزوری خودا دایە.. خۆمان و نمە نمەی
مەحەببەتی قەتیسماوی لێوەكانمان چووین و بڕیارماندا
فیراق پرۆتۆكۆلێكە لەگەڵ شێنەیی مەرگێكی
بە عەزاب. ئاهههە جێهێشتنی جەسەد
چەند رەهایە.. ! ئێوارەیەكە درەنگ
من لەبەر دەرگای ئەو كلێسانەدا لەگەڵ
دوو ئەسپی قژ بڕاوی پشت كوتراو
تابلۆی شەپۆلی ڕماو و تارمایی
سینە / تابوت لە پێشكەوتندا
لەسەر ئەو مەرمەڕە
ئاوێنەییانەی درۆو حەقیقەت و شە و
بێدەنگی و خۆكوشتن و دەمی پچڕان هەڵدەكۆڵم
نیورانەیەك دی درەنگ من لەناو ئاپۆرەی بازێڕە
رەنگاورەنگەكانی ئەوروپا دەسڕی ڕادەخەم و یەك هەیڤ
بۆ دەرۆزەی دیدار كەمانی یاد دەشەكێنمەوە.. سپێدەیێكیش دی
زوو زوو من دەستدەكەم بە بڕینی "كۆنتۆ"كانی بەشەریەت و
گلێنەكانی هەولێری پێڕادەكێشم... ئاخر چیبكەم.. ؟ ئێستا
من و شیعر و گوڵخەندەرانی بژۆڵ وەریو، ڕێدەگرین و دەڕۆین
تا لەو كەناری بەحری خەندەقەی بۆ خۆم، بانگەشتەی شینایی
ئاسمان دەكەین و تا تێر دەخۆینەوە.. ڕیشەی بەدبەختی خۆمان
تێهەڵدەدەین.
تا تێر دەبیـن
لە خاچە لوولدراوەكانی
نەسیم هەڵدەلووشین
ئاە.. من پەرەسێلكەیەكی
چەند بێدەماغ و
كونزەینم لە
ئیرۆتیك
ئاە.. من پەپولەو باخچەیەكی چەند جێماوو ڕەجعیم
لە ئەڤین... ؟ ئاە من خۆشم نازانم چەند موحیبم بۆ
باڵندەو بۆ سەفەرو بۆ مەرگ.. ؟ ئاخر چۆن ڕاوەدووی
ئەو وشانەیش نەنێم كە ئەلف و بێی تارماییان فێری
خوداوەندە دوورەكانی دورگەی ـ با ـ و مەڵبەندە

خولگەییەكانی نزماتی كرد ... ؟ ئەی تارماییە
جوانەكانی وجود لە بۆ تێمناگەن.. ها .. ؟
ئەو ئێوارە قژ خاوە دووجار تەمەننا
لەگەڵ سیمام هاتە دوان
جارێك تەمەننای ڕیزبەندانی
ئەو كەوە سیاسیانەی ویستیان
بە جگەرلاەی لالیۆ و
دەربەدەری حەسرەت
نەسیماویترین پێوەندی عەشق ئیدعا بكەن
جارێكیتریش تەمەننای ئەو تاریكیانەی
بۆ تەمەننا هاتن
سەفەر ناكەن باڵی ئەو كابوسانەی
كە خودا
بە عەكسی چاوەكانی ئیزابیلی هێنان
ئەی چاوی تارماییە جوانەكان:
بۆ تێمناگەن؟
دە بەیارمەتی ئەو شەوە وەكو ئادەم
شۆڕبنەوە
ڕووەو سەفەر
ڕووەو ئاو
بەرەو سەراب
بۆ دواین جاریش بەرەو نێو دەروازەی
پرچی هەورە ڕووكەشەكانی
سینگی یەزدان.
بەڵی.. ئەی فرمێسكە باڵسوتاوەكانی
هەڵۆی ئیحساس.. بەڵی
ئەوەتانی چڕنووكم خستۆتە
مەمكی قەدەرو
نمایشی
ئایندەی لێدەڕفێنم
بە پەیژەی لێوەكانی سیحرو
دڵەكانی ئەفسوون
لە زیندەخەوی نێو بەزمگای دەوەن و بەفر
پرسیارێك هات و بوو بە پرسیاری
زەمینە فەوتاوەكانی دوێنێی ئاوێزان و
پرسیاری ئاڵقە سوتاوەكانی نوێژی عەدەم و
پرسیاری بە چەرخبوونی تەمەن و
فەوتان لە مەراق..
بوو بە پرسیاری ئێستا

ئێستای ناكاو
لە گەیشتن بە وێستگەی مەلەفەكانی تەوێلڕ.
لە بەنێچیربوونی تنۆك تنۆكی
ئەستێرە بەدبەختەكانی دوسبەی.
لە بە كەنداوبوونی دلۆپە دەستكردەكانی مەریەم
لە بە هەڤاڵبوونی خیانەت و زەمزەم
ئۆۆۆە یەزدانی خۆم:
تۆ بۆچ ئەو دەڤەرە ناناسی
كە ڕەیحانی ڕەش و چرۆی ڕەش و
فرمێسكی ڕەشی تێدا گەش گەش دەگەشێتەوە؟
ئا تۆ.. زۆرم لا سەیرە
كە دەڵێی من ئەو نیشتیمانە هەناراویە ناناسم
كە خاچ تێیدا گوڵ پەروەردە دەكا و
ئەفسوونیش تێیدا خەزان.. !
ئا.. بەڕاست
سەفەر ناكەی لەگەڵم بۆ ئەو زەمینەی
كە ئیمارات ئیماراتی درەختە سەوزەكان و
حكومەت حكومەتی بەهارەكانیان
لەبەر ڕەهێڵەی دالان نغرۆ دەبن و
پرتەقالی نارنجی نارنجی بریقەداری شادمانی
بنێس دەكەن..
دە بە ناسكی بمسوتێنە و لەگەڵم وەرە
بۆ ئەو بەهەشتەی شەڕ و خیانەت تێیدا سوڵتانن
دەی لەگەڵم وەرە
بۆ نێو زیخی ئەو زێیانەی
مرواری پێناسیان
بە دووكەڵی هەناسەی
ئەو بەتریقانەی دڵمیان دایە بەر حەپەی سەگ و
دەوی دۆڵێك تەواو ژاكا..
ئێستا هێزی گوزارشت و
حوكمی شەپۆلی زەریای ناڵین تەواو ژاكا.
پەرژینی تابلۆی تیمار ژاكا..
سێوی سووری حەوشەی جەسەد و
لیمۆی ترشی ماڵە هێمنەكانی چاوت ژاكا..
ئـا... خۆمان و خۆرهەڵاتیش
باشە پێم ناڵێی كام ئاشنا نایەتە گۆڕان؟
من بۆ ئەوە موسافیربووم
یەڵیبی بخەمە باسكی ڕاست و
بازنی ئاوەز لە دەستی چەپ و

ئێوارانیش دەگەڵ حۆریو مەرجانان پێکرا
گەشتێك بۆ نێو بەلەدە سەوزەكانی
دێران بخوێنمەوە
من بۆ ئەوە موهاجیر بووم
حەڵقەیی بخەمە گوێو دەگەڵ
سیناریۆی ئاوازداری سواڵكاران
نەختی ڕۆنیشینو هێدی هێدی
فەلو حەشیشی ڕامان
بۆ تەخەییولی سەحەرێكی فیردەوس
هەڵمژین
ئاهـ
حەسرەتی دوورو درێژی سیەكانم
ڕۆژ هەڵات فێرنەبوو
بەرد بخاتە دەستی تارمایو
خوازبێنی ئاسۆ و تریفە و شەراب بكا
ئاهـ بوركان: هۆزاكی كانگای ئارامیم
گەردون و جیهان و ڕۆژهەڵات
نیشتیمان و هەولێر و شۆڕش
ماڵمان و دایكم و
دواتریش خۆم
فێر نەبووین تەڵاق بفرۆشینە دووڕویی
زەمەن و
شاڵاوی ڕەشەبا
فـێریـش
نـابـیـن
پتـرۆڵـی گزنگـو
تـروسـكەی
مـەرگـی ئـەشـكـەنجـە
لـەو زەمینـە هەڵـكـرێـنـیـن.
زایەڵەی دۆزی بەهەشتە بڵندەكانی سەنتەر
دونیای تێگەیاندو خواش نەهات بەهانامان؟
ئێمەین ئەو كرۆكە پرِوكاوانەین لەواگایی
داڵدە و چاوەڕێ
بێبەشین
بێـ
بە
ش
ئێمەین ئەو زەمینە لێدراوانەی مژدەیەك
بۆمان نایەتە بەر دەرگا و

خۆرێكیش دەستی ناخاتە سەر برژانگەكانی
هەڵوییێك پەنجەرەی
خولیاكان ئاوەڵا ناكاو
شەوێك دەسەسرِی نەست و
خەرابات دانابارێنی
ئێمەین ئەو قاسپە نازسوتاوانەی
مۆری گەردانەی سۆزمان وەریو
تۆ نەهاتی
بە ملوانكەیی ستۆی داڵی ئارایشەكەی
پەرییێك نەهات بە بزەیی روخساری داڵی ئارایشكا
پێغەمبەرێك نەهات بە ئایەتی
نەغمەی داڵی ئارایشكا
خواییێك نەهات
بە ئینجیلی
رۆحی پرِ لەتاوانی داڵی بە لێبوردن ئارایشكا
ئێمەین وا هاتوین و بێدیالۆگ
چارەنوسە و
هەردەبی لەو پێستە تێهەڵدرێین
دەی شەنگیترین تاقانەی ژێر كلێسەكانی گومان
لە شابازی هەنگاوو
هەڵفرِینی ئاگایی
پشت گۆرِەپانی نمایش بە دووربە
هەڵوەستەیش لەسەر كەشتی وشەكانم مەكە
رابردوو.. شارێكە تەفروتونا
ئەوەی هاتە بوون..
موئامەرەنیە لە خۆم و بڵندایی سەرنج.. !
ئەوەی هاتە بوون..
توانەوەی ئەرشیفی لاولاوە هەڵچوەكانی
رەوشت نیە
ئەوەی هاتە بوون..
بومەلەرزەی دوندی دەنوكی بۆیەكانی عەشق نیە
ئەو برووسكەی هاتە بوون و
ئەو پێتەختە ناشرینەی جوانیش كە دێتە بوون
ئەی خۆمی نێو دورگەكانی گومان
لە كانیەتی عەشق بەو لاوە
هیچ هەورێكی بەهاشوهوشیتر نیە
ئیتر توخوا پەروباڵ و گوَناو نۆكەندی سینەت
ئاوەلاكە
رێدان بەرەتبوونی پاپۆرەكانی چێژو

گەرداوی شەرابە تێنوەكانی لێو
بەوجودیكردنەوەی ئەو بەهەشتانەیە
كە نەتدیون
دە لێگەڕی با بۆ دەمی میترۆی پەنجە ناكامەكان
بە هێڵە بێكۆتایەكانی بەدەنت وەسوڕێو دواتر
لە وێسگە سەراباویەكانی لێوت ئۆقرە بگری..
بۆچ چین چین میحرابی گرێت هاورد.. ؟
تۆ ئێستە لەو كەناری بەحری
گرێو گومانو پرسیارە هەڵدەكەی
منیش لە نێو ئەو چۆڵەوانیانەی
ڕوو لە كێو دان
منیش لەنێو ئەو تەمتومانەی
بەیانیانی هاتنی تابوت
منیش لەنێو ئەسرینی نەواداری ڕۆحی
پەژموردە گرتوی گلێنەی یەزدان
دەبا تەمەن پیاڵەیەكبی
لە ئاوی خەستو شەرابی سەختو حەقیقەتی مەستو
هێرش هێرشی بومەلەرزە سەوزەكانی قاچەكانم
شەوێكبوو درەنگ لە قوژبنی چاخانەیەكی خەونو
ترۆپكی تاوەرێكی تراویلكەییدا
خۆمان بە هەوری ترازانو
شەقامە ملیارمیلەكانی سێوكێشان ئاشناكرد
با تەمەن كۆنترۆلی شاشەكانی ئامبازیش بی
پاش مەغریبێك بوو درەنگ
وەختی سی كتێبخانەی حەرف وەریو و
گڤە گڤی سەلاوی ڕووبار
گشت بە دەنی چاوەكانیان كرد بە ئیلهام
من ئەودەم لە ڕۆشنایی قولای ڕۆحەوە ترازام
ئەویش خۆی بۆ نەگیراو ماڵئاوایی لە بەفر كرد
ئێمەیش چووین
لە سەحەریترین تەقسێكی ئەو هۆرتنانەی شادمانی
ئا.. دە وەرە و واز لەو ڕەقسانە بێنە
كە دەفی ئایدۆلۆژیا
فێری جوانەكانی فیردەوسیكرد
وەرە لەگەڵ سیما و
ڕەشیەتی داوداوی پرچی ئەو بەختەوەریە بلەرزە و
قاقا بفرۆشە دیوانی هەڵزڕاوی باوكەكانمان و
ماچیش بۆ ئەو پەنهانیەی
لە ڕووبار بوو بە تێنویەتی

وەرە و لەسەر كورسی ئێوارە ڕۆنیشە و
گلاَسی كوڵای كریستاڵو
دەستەیەك چەنگاڵی یادو
گلۆپێك ئایسی ئایندەش هەڵبواسە
چەپكی سترانی بەختەوەریش
بخە نێو ئەو مەزهەریانەی
سەرمێزەكانی تەنهایم
خۆزگە بۆ تاوی دەهاتیو
لە بازنەی ئەو دەرزیانە
بۆ چۆڵەوانی سێنترۆمەكانی
ئەو كەلاوانە تەئەمولت دەكرد
خۆزگە بۆ تاوی دەهاتیو لە باڵكۆنی
سینەی ئەو بازانەی ئاوزینگی ئادەم
بۆ تاوی بە بارانی تەنهاو سەقەمی تەنهاو
سوتانی تەنهاو ئەوروپای تەنهاو یەزدانی
تەنها ڕادەمایو منی ئاپۆرەبیترین تەنهاشت
دەكردە سوڵتان، خۆزگەم بەو شەوانەی لەسەر
لێوی پیاڵەی ـ ئاو ـ و سفرو مێرگو وەسفدا كازیوەمان
دەكردەوەو چرۆ چرۆی دەسگوشینی خەلاَتە
هەڵكورماوەكانی خوا و بە پەیژەی قامكەكان ڕووەو
سیمای یاخیبووی ئەو كوكوختیو ڕەشۆڵە بێگوناهانەی
بەر لەبوون نەفرەتیان بەركەوت هەڵدەزنا..
خۆزگەم بە پەلك پەلكی بەژنی ئەو چركانەی
من ئێوارەیەك بووم لە داڵدەو سەهەندو
گوناح بۆ ئەو سەفەرە جێگیرانەی
منیانكرد بە خەندەقێ لە فرمێسكی وشكو لە
پێدەشتی وشكو لە بیبانێكی بێحدودی وشك
لێرە: لە پازپازانێی پەیكەری شازادە مەستەكانی
دوێنێی گەزافو ئارایشی مەسیرە تێنوەكان ورد ورد
مەبەوە
بەخێربێن ئەی ماڵئاواییە پیرۆزەكانی عەشق
بەخێربێن ئەی ڕۆژمێری چركەی كاتژمێری مەرگ
ئەو زەڵكاوانەیش
كە بۆ یەقین و ئینتیقام و چەواشە هاتن
گەیشتن
سوپاس بۆ ئێوەو خوا...
لە دەفتەری وەفا ناوەكان بسڕنەوە
ئەوەیان بۆ دزینی بالاَی ئەسپێك بوو
كە ئایندە

کامەرانیی نیگای
لەو دیوو پەنجەرەکانی ئەمەك وەك لێشاوی هاتنی
کاروانی عەشق چەند شەوێك لە دەرگای گلاسێکی
کریستاڵی
بریسك
بریسك
ئەو ڕۆژنامە تراژیدیەی گلێنەکان دەبریسکێن
ویستمە لە لەوحەی مزگەوتەکانی بەدبەختی
شێوەی بزەیی بارزکەم
لە ئاستەنگی جۆگەلەی خوێن ڕامکرد
بە فرمێسکەکانتان ڕامهەژێنن
دەبا لانکی قەدەرە قاوەییەکانی قەدەرم بسڕێتەوە
لەگەڵ بروسکـەی ـ با ـ ی باڵی هەلَوَی وەداع
شکۆفە قفڵدرا .. تراویلکەیەکی سوور سوور هاتو
زوڵفی ئافتابوو ئاسۆی نەفسی ڕماند
سەحـــەر ڕمـا
شـــەو ڕمـــا
ئاسودەییش
تێلگرامێکم پێگەیـی لە مەسیحەوە
دوا هەواڵی لێزمەی ڕمانی لێنوسرابوو
ئەمرۆ دەقەیەك پێش لە دایکبوونم لە هەولێر
پشکوتن ڕما
دوێنی چەرخێك پێش زایین.. لە خود
پێشبینیەکانی مەلەکی تاووس ڕما
خوێندەنەوەکانی تاووسێ مەلەك هەڵوەرا
عەقڵی مانگو چاوی ئەیوبو
سینگی یەزدانیش.
کچێ ئەی
قاقاکانی
دڵی ڤینۆسو پاکیزەیی باسکی نەسیـم:
ئێمـە کەی توانیمانە بۆ تا ئەبـەد
لە وڵاتی درەختە سەوزەکانو
بەفرو مێرگو کوێستان هەڵبکەین.. ؟
ئێمە کەی توانیمان بۆ تا ئەبەد
ڕۆژباش لە دەستە دەستەی گۆرانی ڕۆحانی
خواوەندە بەختەوەرەکانی ڕەزی گوڵاڵان بکەین؟
ئێمە کەی توانیمانە کەی.... بۆ تا ئەبەد
تەمەننای مەرگدۆستی
سەرابکەین.. ؟

لە ئاوزینگمو ڕووەو ڕۆحی دارستانو گۆڕ هەنگاوم نا
لە کوی دەمدۆزنەوە.. ؟
بەرەو کفنی شەهێنە چاوتۆکمەکانی یەزدان
ڕۆیشتم
کەی دەمدۆزنەوە.. ؟
ئەی لەپکە جوانەکان:
مەگەر شەوانی پێشمەرگ
لە فرمێسکی وشەکانتانەوە ڕابنو
لە دڵی یەکە یەکەی زامەکانم ڕۆچن
ئاە: کە فێرنابین سێوی شەفەق
لەقژی ڕەنگاوڕەنگی
ئــەو دارانـــەی
سەرزەمین
هەڵکرێنین
ها لەکوی هاتیت.. ؟
لە سێبەری دارە تاریکەکانی خودێك هەڵقوڵاویت
یا تەقینی ناکۆکیەکانی گزنگو تارمایی؟
ها لە کوی هاتیت.. ؟
تۆ باوەڕت نیە
بە بوونی کۆترێك لە بەفر
لە ئەشکەنجەی فەزای عەقڵت
کەڕاهیەتی تاوانە ئاوریشمەیەکان بەڕێوەن
خۆت نەخەیتە ڕیزی شۆڕشی هێزە دەسکردەکانی
ئاو
بڕۆ بڕۆ بڕۆ بۆ ناو تاریکایی حەقیقەت
بڕۆ بڕۆ بڕۆ بۆ ناو ڕووناکیەکانی درۆ
بڕۆ بڕۆ بڕۆ بۆ ناو چڕستانی گوناح
خۆت لە بروسکەی شەڕانگێزی
تەجاهول بڕەڤێنە
لەودیو برژانگەکانی حوبر
دوا بڕیاری بازە دۆڕاوەکان بەفەلەك بڵێ
بە بێ دەنگی هاوارێك سەڵاو
بە بەژنی مەلی ئارامیی هەڵگەڕێنە
لەسەرخۆ ئازارمدە و
شاڵاوی زامبارانی
دەمی فیراق بسوتێنە
ئەی خودایمن: واز لەو خاکە سام لێنیشتوانە بێنە
زنجیری ئەو زەمەنە داکەنە
کە هێرۆینی فیغانی

خستە قامکت
چیتر مەرحەبای سێو فرۆشەکانی بەهەشت مەکە
بڕۆ بڕۆ بڕۆ خۆت لە تەنییاییە پڕەکان ئینتیحارکە و بزانە
چۆن... چۆن لەگەڵ بازنەکانی
دڵی ئایندە هەڵ دەکەی؟
ئەمڕۆ ڕۆندکی سەرمەستی بانگکە و
زوو زوو دەگەڵ هەوری تەنهایی وەڕێکەوە
ئەی خودایمن:
واز لە تارمایی دڵی ئەشکەوت بێنە
بەو مەغریبە لەجێیە
لەو مەخەرانەی
ئاهەنگی
شارەکانی ڕوخساری گوڵ
با بەتەنهایی خۆمانو گڵاسی بیرەو
جگەرەی لاڕۆحی ئەو ماسیە چاو سەوزانەی ژێر باران
خۆمان لە جوانیدا بکوژینو
سەما بکەین و سەما بکەین و سەما..
تا قافڵەی زەمەنە شێتەکان شەکەتمان دەکاو
لە زیندانێکی باوکسالار شەتەکماندەدا
ئەی چڕیترین وێسگەی دارستان:
خۆمو تۆ و خود
زۆر جاران درەنگانی
دەفتەری عەشق دەگۆڕینەوەو
ڕازی سینگە تێکقژقژاو و مەمکە وەریوەکانمان
دەخەینە دەستی چارەنوس
لەگەڵ ـ با ـ و
ئەشکو، گەڵاو، زەمەن دەدوێین
من بە دوای کورسیەکانی هوتێلی قەدەرو
تۆش وەڵامی گاڵتە و گەپی زەمەن.
تۆش بە دوای تێگەیشتن
لە فەلسەفەی ئەزمونەکانی
تەمەن
کی دێرێکی ئایندەمی دەسدەکەوی.. ؟
تا دەستنوێژێکی تا هەتایی
لە کاتی پاکیزەیی
بۆ هەڵگرم
دەگەڕێمەوە بۆ ناو خۆرهەڵاتی برینەکانم
ئەفسوس.. بۆ مەرگی تابلۆی پرچە نەرمەکانی ئەوین
ماڵئاوا

ئەی پێکڤەبوونە
ئەڵماساویەکانی دەمی مەحەببەت
بەخێر برۆن ئەی ڕەوە کۆنوسی حاڵەتی تەجەنون
هۆ ناسکیترین فرمێسکی مانی هاواریمن:
من غەریبیترین حاڵەتی حەڵقەی غوربەتم
هەندەران مەدالیای زوڵمی خست گوی
وازیهێنا لە هەڵخستنی تەنافی داڵدە
بۆ پۆشاکی پیتە ڕووتو ناسکەکانی هەورەمان
تۆ وتت: هەندەران.. هەندەران.. ئەی هەندەرانی
دوور
نەکەن ئازاری ئەو کۆترە سەرسامەی
ڕۆحم بدەن
کەچی ئەمڕۆ جوگرافیە ئەفسوناویەکان
مەرگیان کرد بە پێناسی جوانەکان
مەنفا سڕینەوەیکرد
بە تاریفی حەقیقەت
مەنفا دەرگای جەنگەڵو ڕۆحی هیلاکمی
بە قفڵ سواخدا
ئەی مەنفای دوور هێشوو هێشووی
مەودا ئەزەلیەکانی تەمەنم
وەگەڵ ڕاکردووەکانی ڕۆخ نیل بدە
تەلیسمی پێشبینیەکان لە باغەڵی خودا دزرا
ئیدی من چۆن ئاوەدانی لای ئارامیەکان
بدرکێنم
باسکی خەفەتە ئاورینگیەکانم
بە ئاهێکی ژەنگگرتوو
بپەڕێنە..
تەونی تەمەنم
بە فووی گوناحە
شەهوەت ئامێزەکان هەڵوەرێنە
پەیڤە ژیلەمۆییەکانی پەنا دەوارێك
بەدرۆ خرایەوە
ڕەشماڵ منەتیکرد
بەسەر قەرەجەکانی لێوار بەهەشت
ئەی سیحری سەرم:
توانام نەما
ئیتر
ئێمەیش ڕووەو عەدەم ڕێگامانگرت
خوانی تەبایی بنووسن

پەڕەموچەی جەسەد
بە ڕاهیبی بۆ سەمای زیل بنێرن
خۆڵەمێشو
سیما مەڕمەڕینو
لۆچخواردووەکان
بدەنە دەستی دالی
بە ڕووت ڕووتی ڕابن بۆ ژێر برووسکەی تۆفان
ئەی حەشاماتی نهێنیە پەنگخواردوەکانی سینەم
بەسە ئیتر شوورەی ئەو عەقلە وێرانەم جێبێڵن
جریوە جریوی کازێوەی دڵ وەستانی
لە باکووری
زەمینە وێرانەکانی بالاّم سەریدەکرد
سەرەتاتکێی
کۆڵمی
ڕووبار
ڕاینەپێچام
باڵیۆزی حەسرەتە
ڕامیاریەکانی نامورادی
بوو بە سێبەری سەرانی کۆماری عەقڵم
داخ.. وازبێنە ئەی ئەزموونی شکستخواردووی
دووڕیانی دەریا.. ڕاستە ڕاستە دیوارەکان هاوئاوستن
بەلاّم ئەوی مەزاری گردبوونەوەی
مانگە ڕاکردووەکانی ژێر هەوری هەتوانە
باڵندەی کاروانە بزرەکانی سبەی
لە هێلانەی سەرسوڕمانی جوانی
دابەزێنە..
پرسیاری ڕحلەی دووەمی سەفەرت
لە کاشانی قژی نەفست
بنوسە
نسیب وایگوت
قودس... قودس ئەی قودسی دوور دووور
دەپێم بڵی:
چەند بۆ ناکامی جوانەکانت لە شیوەنی.. ؟
بێئاگا
منو کۆکتێلی ئاهە موگناتیزیەکان
بووین بە باڵی گەلاّیێکی جیوەیی لە ئاوی ناخم
تا ئێستەیش جوێبوونەوە
لە بازنە زیوینیەکانی ئاسمان مەحاڵە
زەمەن.. زەمەن ئەی زەمەنی دوور دووور

دە بە یارمەتی
بمگەڕێنەوە گزنگی زاین
ئۆرشەلیم.. ئۆرشەلیم ئەی دوورترین ئۆرشەلیم
بمبەخشە ئەگەر دەڵێم:
لە فرۆکەخانەی سینگتم دابەزێنە
لە دابەزین دەنوکی قەلی شەڕ
مەمکی درەختی مێشکم دەڕزێنی
بۆیە کاتی هات بڵێم: ئەی ئاسمانی دوور
ئەوەیان سەرەتای کۆتاییەکانە.
دەستم برد
بۆ داگیرساندنی گڵۆپی سەوزو سووری کۆتاییەکان
لە قوڵایی دەماری سینەکانم پەیامی ڕابوو
تۆ ئەی کۆچیترین دەستەواژە:
خاسیەتەکانت بڕیاریان هاورد
تا دووری دوور ئیقامەی ئەویت پێنادەن
سەفەر دەکەم
بەرەو کەناری بوحەیرەی پرسیار
بەسەرسامی دەستی زەمین دەگرمو لەگەڵ ستێری
شەوە نامۆکان دێمە دوان
سەفەردەکەم.. سەفەردەکەم
بەرەو ئاوەدانیەکانی شاری گومان
لەگەڵ هەوری یاخیبووی باڵکۆنی سەرم دوان
من مەملەکەتی نەحەساوەی کچە جێماوەکانم
خستە سەر هێڵەکانی دەفتەری چارەنووس
بڕیارمدا حەڵقەی گوناحێکی ئەبەدیت بخەمە قامك
بمبورە
لە ختوبەی فیراق
ملوانکەییێکی وەنەوشەیی
وەك ملوانکەی تاوانی چاوە برۆنزیەکان
وەك ملوانکەی وەستان لە باڵکۆنی
پەلکی گوڵە وەریوەکان
ئا.. بمبورە
لە خوتبەی فیراق
ملوانکەیەکی وەنەوشیت بۆ دێنم
نازانم لە کوێ هاتیتو دەشزانم بەرەو
کام پەریخانەی ناکامەکان جەنتای داماویت
کردۆتە کۆڵ
لە کەشکۆڵی بێزاریتم هەڵبواسە
من بڕیارم داوە هەر ئەمجارە

لە ئاهەنگی ترازانا
زەماوەندی فیغانت
بۆ دەگێڕم
ئەنگوستەکانت توند دەگرم توند توند
نەختی پازپازانێت بەسەر پەلکە زێرینەی
جنسو عاتیفەو بیرەوەری پێدەکەم
باسکم لە پرچت لوول دەدەم لووول لووووول
لە وەهمی ڕامانم
بەرەو یەکەم دەڤەری چوون بۆ لای
حەقیقەتت دەبەم
بە شۆخیەتی ڕەگە ئاوێتەکانی
دەو زەریاییێکت دەسپێرم
تۆش خوێنی هەناسەم
بخە سەر دەنووکی فڵچەو
بوقعە
بوقعە
لە جوگرافیای پەڕی شەو دابەشمکە
عاشقی مۆری گەردانەی گەردەنتم
تا هەتا هەتایش قەرەجانە خۆشمدەوێی
بۆ من:
1ـ
سەوزێکی کاڵبوویو
بە پانتتایی تێکقژقژانی ڕەنگەکانم
پە.. رش
کر.. د
ی
2ـ
نەهاتن هێنایتو بەرەو ئەوێش گەڕایتەوە
3ـ
تۆ سەفەرت نوسیو
سەفەریش بەرەو پێشبوونی بردیت
4ـ
چوویتە سەر دڵگوشراوی خەرمانی گوناح
5ـ
بە کێشمە کێشمی دیواری ئازادی
دیرۆکو ئەزمون
هەڵ
وا .. سرا
یو

ئەبەدییەتت پێدرا
6ـ
چاوت كەوت بە ڕەنگێگ بە ناوی زەیتونی
دواتریش مەرحەبای
سەنگەرو
ئاستەنگو
سەرابتكرد
7ـ
مۆبیلی تاورێكت دانا بۆ ئەوین
8ـ
كۆمبونی وشەكان لە دەستی
حاڵەتی مەشخەڵی ڕۆحو
زەمەنی شوێنەكانە
9ـ
شتەكانی شتێكی شتێكیان هێنا كە نوسرابوو
10ـ
ببین بە بەربەستی بارینی تاعونو
شەڕیش بە نارەحەتی ئۆقیانۆس دەفرۆشین
11ـ
هەموو كۆتاییەكان ئاسۆییێكی نوژەن دەدەن
12ـ
بە تەنها دوو ئایەت بووین
لە باڵی ئەبرۆو زمانی ڕەنگەكان ئالاین
13ـ
زۆرجاران لە دەستەبەربوونی خەونی زەیتونی
كۆترەكانیش نارازیم
14ـ
یەك حاڵەتی شیعری بڕیاری ژیانیداو
زنجیرێك ڕوداویش ترازان
15ـ
ئێستە ڕقت لە عەشقە و
فێریش بوویت كڕنۆش بۆ چارەنوس ببەیت
منیش
ئاڵۆزەكان ڕەوتی ئایندەم نیشاندەدا
خولیا دەمدەمیەكانی میعراج
چرای شەكو ئەسرینو چریكانی نارد
بە خاچی دۆڵی مەمكەكانم خۆم هەڵدەواسم
لە یاداشتی تەشەنەی ئەعێابی ئەشكتمنی
بمخە نێو ئەلبوومی یادگاری حاڵەتی

چوڕانی
لەززەتو
لای ماسیەکانی دەستە خوشکت باسمبکە
پۆستکاری لەحزەی مەرگی جۆگەڵەیی
لە دیواری قەڵاتی دڵی زەریا هەڵبواسە
چاوی بەحر زۆر زۆۆر فراوانە
لە رەحمی ئارامی خۆتمان هەڵکێشە
ئەی هێزداریترین سیحری زەمەن
بڕوام نەما
ئیتر هاوکێشە موتڵەقەکانم لا رەتە
بێبڕوام یەکویەك نۆسەد و نەود و شەش
بابمرم
ئێستە پڕ بە ئاوەزم رقم لێتە
رقم لێتە
رقم لێ
تە
دەبا بمرمو رقم لێتە ئەی ژیان
لە سەری سەرەوە بۆ ژێریترین لوتکەی
ئاسمان دەڕوانم
لە قولاَیترین
ژێری
روانینم
لەسەر بەرزایی
وردبونەوەی گاڵ و گیڤەی
گوندی کاولبووی خود
رادەوەستم
لە کاڵبوونی شتە جوانەکان
ئەزمونم وەرگرت
ئەزمون حیکایەتی
شەڕو بەرخودانو گوڵیدا پێم
ئەوانەیش خەلیە خەلیەی خاڵی
عەقلیمان بە ئینتیزار
کاشانڕێزانکرد
لە ئینتیزارێکەوە بۆ ئینتیزارێکی نوێتر
لە بڕیارێکەوە بۆ بڕیارێکی زۆر نوێتر
فێری دڕۆێنکردنی باخچەکانی
خاڵخاڵۆکەو رەیحانو
ئاونگ بووم
لە پیسکردنی باخچە بێگوناحەکانی نێە لەپم

دەستم خستە ملی سەرسوڕمانی
لاپەڕەکانی دوێنی
ڕەنگەکانی ئالأی
عەزابو هۆشمەندیو
پەنگرم شەکاندەوە
لە تێکەڵکردنو
تێکشکانی
دیواری زەریاکان
ژێرزەمینی سەراسەری
بەدەنم بوو بەنەوەد و شەش زامی
سارێژ بووی مەسیح
غوربەت خواردنەوەی حەرفو
جەمی عەرەقمی تاڵکرد
دەبا برینە ئاورینگیە رایینەکان
غوربەت بژێنبکرێن
وازم لێبێنە
ئەی شەقامە
رەنگاو رەنگەکانی زیندان
وازم لێبێنن
ئەی
ئەو کیشرانەی پڕن لە کۆتری دەستەمۆو
ساحیری دەستەمۆ
چرای دەستەمۆ
بە چەرخی بەختەوەریتان
وێران لە کاغەزی نەفسم وەردەنو
پێستی کناپەی سیەکانم
هەپرون بە هەپرونکەن
لە دوماهی
جەنگێکی باریکەڵەی چیرِدام
کایەی چڕی رۆشنایی
جەنگەڵ
جەنگەڵ
ئاگیراویان بە کێشکرد
من لە ئاوەدانیەکی تاریك راوەستاوم
پێشبینی سوتانی کەلاوە سەوزەکان
دەکەم
ئەندێشەم جلەوی رۆحمی خستە
ژێر سەقفی رەحمەتی
دوسی ئاوی شەفافی

تەونرێژ
سەیرە من لەسەر
خاکە نەرمە زیبوینیەکان
سیراعم وەرگرت
رومکردۆتە دوڕیانی مەلەوانگە
سیحراویەکانی بەفرستان
پرسیارەکانم بە وڵام دەگۆڕمەوەو
وڵامەکانیش دەخەمە
دەستی داهاتوو
خوێندەوەم نیە
بۆ
بازنەی رەشەبا
رەنگی وێنەکانمان
لە ئەلبومی
حەسرەتە رەنگاڵەییەکانی سیسەت
لەکە دار بوو
لە گوشرانو
کەساسی
نەعزای هەناسەم تێناگەم
ژانی حەزیترین چرکەی ئاوەزم...
یەخە دتدڕانی
ئۆخژنو
وەفاو
لێوو
دەسگوشینی دەمی
ترا
زا
نم
دەخاتەوە یاد
بەخێر بڕۆی
ئەی خەونی پاڵپروکاوی
ئاسمانە زێڕە ئامێزە کانی ئەوێندەر
بیرتدەکەم ئەی ناونیشانی بێوڵەتی
ئاڵۆوالای سترانی تاڤگە
بیرت دەکەم دوورو درێژیترین تاڤگەی نێو
برژانگەکانم بیرتدەکەم ئەی درشتیترین
برژانگی چاوە کزبووەکانی تەمموز
زەنگی کاژێری
سۆزی غوربەتو

ساتە خرخاڵیەکان
کاسم دەکا
کاس
خەندەی نەرمو
ئیلقای بەنازو نوزی تریفەی کانیش
لێرە دلّم بە رفاندنی هوتی رەشی
ئەفسوناوی کوردە ئەڵمانەکانیش
ناکرێتەوە!
ئاهـ چەند بە ئاشنایەتیم شەپۆلّی
هەڵچوی مەمکەکانیان ئارامدەگرێو
چەند
غەجەریانەش
حەزیان بە ڕاکردنە
بۆ کوێستانی ڕۆشناییەکان
بریسکەی ئاپارتمانی بازێرێکی
هەزار رەنگ و
کاتژمێێکی هەڵواسراوی چەقی سێنترۆمە
رەونەقدارەکان و
وازیو ئامبازی باڵای هەرزەکارە چاو
پڕ نازەکان
لەو ڕووناکایە تاریکیەدا
دەبێتە خیابانی هاتوچۆی ڕامان
هەڵوەستە لەسەر
ڕاکردن لە قورگی ئیشکاڵیەتو
میتۆدی خۆڵ
یا بە جێژوانکرنی بەردەمی مەگدۆناڵدەکان؟
چوون بۆ ئاهەنگی ئافاتی کۆڵین
یا مەرگ لە ناو پرچی
نیگرۆی بە باقوبرقی
لەزززەت؟
گەمەکردن لەگەڵ بازنی باسکی ژیانو
ئایسی نەستی کێشان
یا حەلقە لەدەستکردنی
خەرەندو
دوڵو
حەرب؟
لە ڕەوەزی تیشکە ئاسۆییەکان
کەپرێکی پولەکەداری زیبوینم بۆ بێنە خولقان
ئەی مەسیحی ساواقی ڕوخسارم

بەری ڕابونت
ڕەند ڕابەو شەفەق بارانمكە
تۆش پڕ پڕ هێندەی
بارستاییو قەبارەی كۆمەڵەی خۆر
دوشو بارانو دەریاچەم
خەڵاتكە؟
هەلهەلەی شەیتانە گوێزانیەكانی
كۆتای بوون بە موحیب
دواین تەڵاقنامەی بەفرو
كارێو
نەیزەكەم
پێدەنوسی!!
دە پەرچەمت هەڵدەوەو بە نازونوزی غرور
بروسك پژێنمكە
با منیش ڕۆمانی زەیتونێكی
ئەبرۆ هەڵوەریت لە كەوێڵێكی نوتەك
لای چارەنوس بۆ بێنم
ڕۆحەكەم بەفر شادی كەوتە
لای
حاڵەت!
من نەمدیوە
شەوقی میزاج
لە لیمۆی نارنجی سینەی
دار هەنجیری
دەستو پەنجەی
لەیلام
بڵندتربی.
لە سێركی سەری ساڵان
تۆ دەبیت بە خیاباتی پیاسەی رێبواران
خۆت دەكەی بە قژی ڕۆحەكانمان
لە ئاهەنگی جەرائەت
تۆ دەبیت
بە نیشانی
چەقۆی چاوی ئۆرستۆقراتیەكان
خۆت دەگری بە مووی سینگی
ئالیهەی چەرخ
هەموومان
عاشقت
بووین

بە شیعری ئاو رازینابیت
دێیو من دەکەی بە سوڵتانی
نێو پێشبرکێی هەنگامەکان
دەڕۆین بۆ نێو سەوزایی
سەرچیا..
ماچەکانمان
ئا.. ماچەکانمان دەگۆڕینەوە
بەسەماتی لێوەکانمان
لە ڕوومەتی گوڵاڵەیی
دڵەکان
بارز دەکری
دێینەوە نێو ئەسپایی شتە ئاساییەکان
سەهۆڵبەندان دەبم..
لە عەشقی شێتانەی
گەنجە قەرەجەکانی دەستگیرانت
تەنها سەفەرم پێدەبڕی
دواتر لەگەڵ زەبونیی
برا خاینەکانمان
خۆم لە چەقی گەردەلوولی موحیبەکان
دەدۆزمەوە.
ناوەستم
تا
گوڵستانی هوتێلی ڕاستی نەخەمە
گیرفانەکانم
لێرەوە لە خەیاڵی هەموو پیاوە
حەسوودەکانی گەردونم
ڕفاندی
دیسان
برا بێئەقڵەکانمان
لە دڕندەیی هەوری گەزافێگی گەوج
دا دەبەزنو پشکۆی نەهامەتی دەرخواردی
باخچەکان دەدەن
من هەمدیس دەبم بە دەنوکی ناکۆکیەکان
خۆکوشتنی سەرمم
لە چراخانی دیواری
گەشبینیەکان
دادەگیرسێنم
من لەمێژە دەزانم
تاوانە جوانە ئینتیحاریەکان ئەنجامبدەم

دەوەرە بە تێکسمڕاوی دەستەکانت
دوپێك وێسکی لێوەکانتم
بۆ بخە سەما
وا یەکترمان ناسکرد
لە
سەدو هەشتا ڕۆژدا
کەماسی خاسیەتە
ئاوێنیەکان بۆتەیان شکاندو
لە وڵاتی وشکانیەکان
پڕخۆش پڕخۆش
هاتنە خنکان
من لە زەڵەو زەنای
تاریکی سپیەکان گۆڕستانم دیت
پێکەنینم بە دیاری ئەو فرمێسکانە دی
کە هۆن هۆن ڕەدوی ـ با ـ و
مەیتخانە پڕەکانی
ئەو دیو دەرگای
هاتنەوە
دەکەون
چاوەکانی دەستی یەزدانی نمرە دوو
دەرەزیبرد
منیش لە گۆڕینەوەی دێرەکانمان
ئەی پاساری خەونە
مردووەکانی
چارەنوس
بێتاقەت بووم
نازانم چیبو، لە هەڵپەهەڵپی
زەمەنە مەستەکان نەجاتیدام
مادەم وابی ئەی مرواریە جوانەکانی
کەنارەکانی وەفا
ئیحتیکارکەن
منیش بەرەو قولایی خۆرو
باوەشی شەپۆلەکانی ماتیی
هەنگاوەکانم
دادەگیرسێنم
بەیانمکرد
پێشکێشە سوتاوەکانیش
دەخەمە نێو قۆڵی هەتاوی مۆزەخانە
بەناوبانگەکانی سەرم

شوێن نەما
لە مەیدانی هەناسەکانم
تا ورتە ورتی شەماڵی
زوڵمی تێبچێنم
ئەمساڵ منو شێتیەتی
لە نێوانی جوت جوتی جوتە مەمکی
پڕ شەهوەتی ئەوروپادا
جوتی کۆتری
سپی گوناهباری
عاشقبووین
لەبەر
سەرما و سۆڵەی ڕمانی ڕۆشنایی
ئەستێرەکان هەڵدەلەرزین
بە دوو پەنجە
کوڵمی
خەونە سپیە خەفەتبارەکانم دەلەرزێنمەوە
منو خەونە تاریکو سەوزەکانی من
ترسمان هەیە لە چرکەساتی
دڵدانەوە
دورکەوتنم
ئاوازێکی بێزاری جریوە جریو هەڵوەریوە
بەسەر زەردەڵوی هەناسەی
ڕەقەڵاتوی
درەختە ڕەنگ پەڕوەریوەکانی مێشکم
وەرەوە پڕ بە قورگی
زایەڵەی
ئارامی
کەلاوەکانی دوای جەنگ
بحیلێنەو، هەلهەلەی ساتی
گەیشتنی جەنازەم بۆ بچرە
خۆمم لە گۆشەیەکی تاریکیەکانی دوای
ناڵە ناڵی بروسکی گەردەنی مەراق مەڵاس داوە
ئێستەش پەنجەی عەشق
لە ئاڵۆزەکانم هەڵبوسی
سبەینەیەك دی
سەفەرێك دی
ولامە
پڕ یادگاریەکانی ڕۆژگاریش دێن
دەمڕفێنن بەرەو باڵی سەنگەری

ئەو هەڵۆیانەی
حەبیبەی نیشتیمانی
تەلیسمو قەڵغانی سینەتن
لە سەردانی ئەندێشەی وڵاتە سوتاوەکانی
داربەفر
بومەتە میوانی
ماسیە شومە ڕەنگاو ڕەنگەکانی بەدەنم
ئاە دارمێوی لە پایز بوویی
گۆڕەپانی جەسەد
چەند دڵم بۆ پەڕپوتیی نیسانو نسێو
دارسنەوبەری
نیشتیمانە شێوێنراوەکانی ڕۆحم دەسوتی
لە هەڵپەرکێی خەیاڵم
کۆرپەی
شوێنەوارەکانی بەهاری ڕوخاوم بانگکرد
دانیشتمو باغی ڕەزامەندی
ڕۆحەکانی ئاوەدانیتم کۆکردەوە
خودم بوکی بازنەی ئاوەدانیەکانە
دیداری شتە دژەکانی سەرزەمین
کەی لەژێر دار سێبەری دارسێبەری
پەنجەرەی ئاسۆدا ئارامدەگری؟
شیشەی گڵۆپە ئاساییەکان داخرانەوە
ئیتر منو خودو خواو چارەنوس
لەو کۆڕەدا جێماین
ویستمان
گۆڤەندێکی ڕوکەش ڕوکەش بسازێنین
کلاورۆژنەیەکم بۆ زیندانی پرچی ئاوەزم
ئاوەڵاکردو
ئیختیتافم کردی
ڕۆیشتین بۆ قەراغ دەریاچە نارنجیەکان
لە ناو ژیلەمۆی مۆمی کوخێکدا
پرچی پەپولەیی ئارەزوە متبوەکانمان
دایە بەر هەناسەی گەرمی شەپۆلەکان
زووتر لێم لە ڕقراچووی
لە جیاتی
هەلالەو تابلۆی بریندارى گلێنەکانمان
ئەو گوللە و
چارەنوسو
رەهێڵەیەم دایە دەستت

کە تۆم لە ختوبەی تۆڵە پێی فڕاند
دەستت ناگری زریانم دەرخوارد دەی
خاسیتە شێتانیەکانی
شەپۆل ئارامت پێدەگری.. ئارام
ئەی ئارامیترین عاشقی موستەحیل
لە گۆشەیەکی کوخەکەدا شیعرمان نوسییو
زامی باسکە برینداەکانم هێدی هێدی
دەبونە حەقیقەت
وڕێنەکانیشم
بە ئەڤین
تا ئاستی ئیلهام..
خوا سکاڵای بۆ عەشق هەڵواسیو
بە قەدەرمان ڕازی نەبوو
سکاڵای عەشقی بۆ خودا هەڵواسیو
بە ئاوەدانیمان ڕازی نەبوو
عەشق خواو سکاڵاو زامی
هەڵواسیو
بە نامورادیمان ڕازی نەبوو
ڕەوتی گڵوپە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ساتم مراند
ئێستا هەموو تاریکیە بێژەرەکانو
سیما پێچخواردوەکانی
ئەستێرە ئەستێرەی
نێو سەبەتەی سەرم
لا قارامانە
من تاریکیەکانم
بۆ دڵدانەوەی پەڕەسێلکەی ویژدانە
بۆ کی بدوێم
ئا
تۆم خۆشدەوی.. !
کە هێشتا بۆ تەنها جارێکیش
لە باوەشی مینای چارەنوسو
شەمەندەفەری ئێکسپرێسی زەمەن نە پەیڤیوین
تۆم دەوی.. !
هۆ تروسکایی ئەمەل
من نازانم کەی
دەستی برژانگەکانمان پێدەگەن
زۆر جاران بە کافێی ئاوەزم
نامەی پڕ لە نێرگزو عاتیفەو هێوری
دەبەخشمە دایکەکانتان

لە گەڵ پارچەیەك زێرو پەریو
كارغەزال
ئەشكەكانمان بە ئاهی دیدار دەگۆرینەوە
زرینگە و شەوقی تەلەفۆنە رەنگ سپیەكان
لێكدابرانی مەغریبانی كۆڵانەكانە
بێبەش نیم لە بۆنو برینگی غاری
گروپێكی گەورەی كۆترەكان
بەس سێبەرم نیە
تا مێگەلی
پیتە ناسكە گینگڵدراوەكانی
سینەكانمی لە ژێردانێمم
بمناسەو
لەقەد پاڵی فرمێسكی ئەو دیالۆگە ئارامبگرە
بە سەر سینگت راكشێو دەستەكانت بخە
ژێر چەناگە
لە غەرقبونی نێو دێرە قورس و
پر لەززەتەكانی بودلێر
خۆت دەربازكە
بەیانی پێكرا
بە دووقۆڵی
لە دورگەیەك
ئا لەوی لە قەراغی دەریاچەیەك لە بزە و گومان
هەر لەوی
لەنێو بێستانی
پەلكەزێرینە و حەقیقەت
تا دەمرین گوی بۆ شیعری ماسیەكان هەڵدەخەین
تا دەمرین سروشت دەخەینە سەرزەمینی
خەونەكان
تا دەمرین خەونەكانمان
نێودەوڵەتی تر دەبی
تا دەمرین ئاسمانەكانمان
بێ پەرژینتر دەبی
تا دەمرین یەكە یەكەی
پەرژینەكانمان بێئاسمانیتر دەبی
تا دەمرین گوناح دەكەینو تاوانی كچە
قەرەجەكانمان
بەملدادی
ئامادەبەو بەهار مەوسیمی
پشكوتنی بەختەكانە

ئامادەبەو بەخت سوڵتانی
شتە کپوەکانی نێو گڵاسی تەمەنتە
هەرچەند غەریزەی گڕوگاڵی
چراو ئەرخەوان و سیمفۆنیای
دارسەروی ئێوارانم زێتر دەبی
ئەوەتانی دێسێمبەر کاڵترم دەکا
ئێستە بەفر
عاشقێکی گەورەی سەرزەمینە
گیرفانی کەنغرە مەزنەکانی نیشتیمانی
چارەنوسم داخرانەوە
کەی دی منیش لە خۆری بێتاقەتیتان
دەسبکەم بە کۆتاییێکی پر لەسەرەتا
دەرممێنن من:
لە ئامێزی کپی ئەشکەوتی
پەپولەی وشەکانم
پاڵکەوتوم
واگاممێنن من:
لە نێو سینگی هەتاوی
زیندانەکان ڕاکشاوم
بمگرنو لە ژووری تەسکو تریسکی
پرژانگەکانتان حوکمم بدەن
نەبا باوبۆرانی سۆزی مەمکەکانتان
ڕووەو دەرونی کۆمەڵی
کورخانی ڕاڕایی
ڕاپێچمکا
لەشکرێك لافاوی نارنجیو
شالاوێك بازی سیاچارە غروبێکی تاساو و
زەنای زریانێکی ئارام
ملپێچی هاوڕێیەتیتان دەخستە ملی
کاهینێك و فێنکی هەناسەی
شەونمو بارانانو یەقینیان پێدە پچڕاند
ملپێچی ئەبەنوسییان
دەخستە ملی باڵندەیەکی قەرەجو
خۆیان لەکەپکی چارەنوسێکی بالاڕۆشەنی وون
شەختە بەند دەکرد
دواتر (نەحب) یان دەکرد
وەنەوشەو خوناوی (لانەی کۆترەکانیان)
پێدەهەژاند ...
(نەحب) یان دەکرد

ئەو سوارچاکانەی لە مەیدانی (نەحب) و
نامورادی جوانە مەرگبوون
(نەحب) یان دەکردو بێدەنگیت بۆ وەڵامی
کاهینە سەرمەستەکان....
ئەی ئیلاهیمن پرچی ئالیهەو....
مەمکی ویژدانی سبەینەکانیان
لە پەرسگەی پرسینو سەهۆڵبەندان
هەڵدەوەران
(نەحب) یان دەکردو کەرنەڤالی ئافات
زەمبیلەی شەراب ڕەنگی
پڕ لە شیوەنی
دا دەگیر
ساند
سەد هەزار جارە بڵێم: عینادانە منت هەڵبژارد
سەد هەزار جارە بڵێم: عینادانە لێوە تەنکە
برۆنزیەکانت لە زناکی ملوانەکەی سینگی تەرزەیی
چارەنووسم دادەگیرساند
ئەو کات سولاوکەی سەما ڕێچکەی دەگرتو
ئێواران:
چەپکی سیمای ئالووالای بەرهەتاوی
ئارامیو بێمورادی ئامادەی گەشتی
ژێردارگوێزەکانی سەرمەستیو مەلەی
نێو پرچی
راستیەکان دەبوون..
دوو دوو.. سی سی.. سەد سەد
پەیکەری باڵندە چاوکزەکانی ئایندەمان
دەبوون بە دوکەڵو ئێمەیش بە ناکامیو
چاو نزمیەوە
سینگی کریستاڵی عەزارمان جێهێشتو
ئا ئێستەیش لای زڕدایکو دایەنە
ناز هەڵنەگرەکانمان
بەمنەتە مەزنەکانی ئاو ڕازیدەبینو
تا شەکەت دەبین
گوڵەبەرۆژەی تاریکیو جگەرەی
غەریبیمان
پێدەفرۆشن.. !
ئاخ خۆر هەڵات.. کێبون ئەوانەی
بە زەردەخەنەی شەوانی ژێر داستانی
بەفرینی پێکە نارنجی نارنجەکانمان

قایل نەبوونو سێوی سوورتاریکی
سپێدانیان هەڵدەوەران.. !؟
ئاخ خۆرهەڵات.. کێبون ئەوانەی
بە بەختیاری هێشوو هێشووی ترێیە
سەوزەکانی چارەنوسمان ڕازی نەبوونو
ئامێزی
شووشەیی
زەهرایان
هەڵدەوەراند
لانەمان بە پووشی حەرفو سەرخۆشیو پێستی
مامزە ڕازاوەکان ڕادەخست.. شەوێك دەهات
مەرجانی گەردەنی چڕ لەسیحری حەوای
پێدەپچڕاند..
خۆمان لە کەنارێکی یەخەی مۆریە
شینەکانی چاوی زەنوبیا حەشاردەدا
ئیمپراتۆرێکی ڕەش بە ئیرادەیەکی بەزیو..
بەرەو دڵی هەناسەکانمان ڕێگای دەپێوا..
دەسرازەی لانەکانمان
کرانە پژی ئەسپە شەکەتەکانی غوربەت
ئێمەیش بووین بە مارکۆییێکی یەتیمو
بە دوای دایکە کۆرو سترانبێژەکانمان
قەرەجێکی گەورەین..
لە ڕێگادا چاومان دەکەوی
بە عاسیفەکان و حیلەی لافاوێکی نوی
عاشقمان دەبێو
کەحێڵە سپیە ماندوەکانیشمان
هیلاك هیلاك پولەکەی تارمایو تراویلکە
دادەڕێژن..
هیلاك هیلاك سرودی بەزینێکی هێورمان بۆ دەچڕن
دە ئێوەش هیلاك هیلاك گوێبگرن
ئەی باڵە ئاویەکانی پەڕەسێلکە و
کلکی پەلکەزێڕینەیی فەزانە فەزاویەکان و
چاوی کار ئاسکە ئاورینگیەکان و
نەغمەی شمشاڵی ئینتەرناسیوناڵیی
ڕۆحی تاریکو ڕۆشەنی من..
دە هیلاك هیلاك گوێبگرن
ئێستە کاتی گێڕانەوەی حیکایەتی تراژیدی
گوڵەگەنمی پرچی سەردارو دۆڕاو و
شەهێنە ئاوەز تیژە بێئەقڵەکانە.. !

بۆتان دەپەیڤم.. ئەی سەراسەری
ڕۆحی شەقبووی باڵندە قەلەقو
شەوە جوانە ئەفسوناویە ئافاتگرتوەکانی ڕۆحی خۆم
بۆ ئەوەی لە کاتی واگابوون
فرمێسکی پەنهانیەکانی
ئەو سوڵتانە سەر لێشواوە ماچ بکەنو
لە عەشقی عینادانەی
ئەو ڕوبارە قەرەجە تێبگەن..
بۆ ئەوەی کاتی واگادێن..
برژانگی دوورو درێژی سەر
بازنەی سەوز سەوزی چاوی ڕۆمانە لێڵەکانی
نامۆیی هەڵدەنەوە
لە ڕۆژژمێری مەرگە قورسەکانم تێبگەن..
دە ڕابنو تەحەددای مەرگ بکەن:
من بۆ ئێوە دەپەیڤم
دە ڕابنو سینگی دەفتەرە بەهەشتاویە
نوسراوەکان جێبێڵن:
من بۆ ئێوە دەقاسپێنم.. ئەی شانە شانەی
مردووی لەززەتو زام وکامەرانی و
زراڤیترین بەلەنگازی قاسپاندن
دە ڕابە ئەی خودیمن..
بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕابوونت چی گوڵو
فرمێسك و وەفا و سامی نێو ئەو دۆزەخە هەیە
ڕابنو دانس و گۆڤەند و بەختەوەری بسازێنن و
ڕۆحی وشکەبووی دارتووی بالاَی زەردهەلاَتووم
گەش گەش.. بگەشێنن.
غوربەت گەورەترین نەخۆشخانەی
گەردونەو خودم تێیکەوت..
خودم سەرمەستیترین حاڵەتی بوونە و
شیعر تێیکەوت
شیعر گەورەترین دەروازەی
ڕۆحی خەونە و عەقڵم تێیکەوت..
عەقڵێشم پارچەیەکە لە دڵی سەرزەمین..
سەرزەمین دەڤەرێکە لە سێکس و
سوڵتانێکە لە تاریکی
جنس و تاریکیش نازناوی لەحزەساتی
تێگەیستنمن..
ئۆوە لەتێگەیشتنەکان چەند هەرزەکارم
فەرمانبدە ئەی ڕاقیستانی پڕ لە کەیلی

جوانیە وونەکان
فەرمانبەدە: ئەوەتانی دوو ژەنەڕاڵی دوڕاوی
عاشق.. لە ئینارەی هەورێکی گومانئامێز
دادەبەزنو پروسك لە كۆلانو مەیدانو گەرەكو
سەر شەقامە نامۆكانی حەژمەت دەكرن..
بەیانیت شادو پڕ لە نەفرەت ئەی تەنهاییم
فەرمانبەدە:
فەرمانی وێرانبونی سەدە سوریالیەكانی
خەونو فەرمانی دابڕانی كودەتای
سەدە سەختو عاسێكانی بێخەونیو
فەرمانی لە خەو ڕابوونی سەدە نازدارەكانی
ئۆرشەلیم..
شەوەكانت پڕ لە عەشقو ئەشكەنجەی
قورس قورس ئەی بێزاریم فەرمانبدە
فەرمانی دەربەدەربوونی بوكە
بەرگ سوتاوەكانی سەدەی منالیمو فەرمانی
سەرمەستی سكالا سینگ زەیتونیەكانی
ڕۆژژمێری مردن لە جوانیو..
خوێندنەوەی مێژووی دارستان.
دە ئەمركە ئەی چارەنوسی وون
وەك ئەو زەمەنە پڕ لە
كۆڤانو ساواقو برینو ئەوینەی ئێستە
لە شیعر وشە و
نەسم و سەرخۆشیدا
بە ئاسمانی دارهەنار و كێلگەی پڕ لە بارانی
شەراب و خەندەو باقوبریقی تەڵ تەڵی قامچی
ماینە لیتوانیەكان و ژاكاویی دەست و پەنجەی
ناكامی كۆترە سپیە چاو قاوەییەكانی
خۆمان هەڵموەرێنە..
هەزار جار بە دەوری گلێنە رەشەكانتدا
وەردەسورێمو
تەراویحی دوسەد سەدەی ڕێكت
بۆ ئەنجام دەدەم
وەرەوە ئامێزم ئەی ئەو شەوە ئێستەتیكیانەی
گەڕانەوەیان موستەحیلە موستەحیل..
دەبا پێلوەكانت شكۆفە بكەن و ئاسمانی
گەمە زەحمەتەكانی یاد
لە گۆرەپانی شەڕی حۆریەكان
دەسپێبكەنەوە...

شەڕ.. شەڕ.. شەڕ.. ئەو شەڕانەی
لە بەرژەوەندی کاهینێکی زاناو
بازرگانێکی لاتو
سەرابێکی گەنجی سروشت بە سالاچوو دابوون
ئاە کە کیفم بە جەنجالّی ە گەورە بوونی
ئەو جۆرە شەڕانە دەهات
شەڕی دوو سەراب بۆ نزیك بونەوە لە وەهم
شەڕی دوو نەیزەکی خەفەتبار
بۆ گەیشتن بە ئۆقیانوسی ئامبازو مەرگ
شەڕی دوو ئەسرینی قژ بە زێڕو پولەکەی خەون
کە بۆ ئایندە دەمرن..
شەڕی دوو عاشقی ئەفسانەیی یاخیبوو
کە ڕوناهی نیگای شەڕێکیتر پڕ لە مەرگ و
خەرابات شێتی کردبوون
ئاهـ کە کەیفم بە جەنجالّبوونو گەورە بونی
شەڕی یەکەمیان دەهات
ئێستە نەشەڕ ماوەو نە هاواری کەمانیش
لە هەلهەلەی ئەسرینی جەنگاوەراندا
تەنیاو تەنیا دیمەنی ئەو سەرکردە
جل بە قەڵغانانە نەبی کە دوای
سەرکەوتنەکان بە شاری یادم وەردەبنو

هەر یەکە بۆ خۆی سەر سینگو مەمکی
بەفرینی توند تەندی حۆری خەونەکانم
دەکاتە کەونێك لە زەردەخەنە و تا هیلاکی
شەڕیان دەرەوێنێتەوە بە سوراحیێکی زیبوینی
پڕ لە نەخش سەر مەمکە خرپنەکان
بە شەرابی پڕ لە بەهای سەرکردە دۆڕاوەکان
ئاو دەدەن..
نەمامی ناسك ناسك لە پانتایی بالاّی
سینگەکان هەڵدەچوێنن
ژێر خێوەت و پەنا دارسنەوبەر داربی و ناو
پوشو پەلاّشی تەویلەی ئەسپە ماندوەکان و
هەتا ناو کڵێسەش
گەمەی جنسو سوتانی عاتیفە و
بیرەوەریەکانیمنی لێدەکری.
چاوم لێیە کاهینو راهیبە چاو مۆنەکان
ئەوانەی لە شالاّوی شێتو وێتی غوربەت و
تەنهاییو مەرگی قورسی مەنفا نەجاتیان دەدام

ئەوانەی ئامێزەكانیان بۆم كردبوو بە پرچی
پاكیزە و تەڵی مووی برژانگەكانیشیان
بە تەنافی پۆشاكەكانم..
چاوم لێیە راهیبو كاهینە چاو مۆنەكان
ئەوانەی كژە بارانەی ڕەحمەت بوونو ئەزموونی
ئەیوبیان ئەزبەربوو
چاوم لێیە كاهینو ڕاهیبە چاو مۆنەكان
دەروازەی كڵێسەیان داخستوە و ژێر پەیكەرە
پیرۆزەكەی مەریەمو یوسفیان كردۆتە جێژوان
دەگەڕێمو دەگەڕێم تا لەژێر سێبەری سارای
بێتاقەتی خودم دەحەسێمەوە
لە تۆ زێتر بەولاوە كێم هەیە؟
لە تۆ زێتر بەولاوە كێم هەیە
لەو سەرزەمینە پانوپۆڕە تێمبگا دەپێم بڵی پی؟
كێم هەیە لە تۆ زێتر بەولاوە؟
دەمدوێنیو چی بێزاری بارگرانی مەملەكەتی
ئاوەسووبووی سەرم هەیە لەبەر شنەی
ڕۆمانسی حەرفەكان دادەوەشێنی
دەمدوێنیو كچۆڵە بیژیە فڕێدراوەكانی سەردەمە
بێڕەحمەكان دەكەیت بە ویژدان
ڕێنادەیت مەلوَتكە بێگوناهەكان
لە لێوە بەلیكەكانی رووباری پڕ لە تاوان بئاخنم
منیش ئەو كاتانەی خۆمم خۆشدەوی خۆشمدەوێی
منیش ئەو كاتانەی ڕكم لەخۆمە خۆشمدەوێی
منیش ئەو كاتانەی بی دایكو هاورێم لە ناو
ئاپۆرە و گەورەیی ئەو گەردونە گەورەیەدا خۆشمدەوێی
دە بۆم بدوی من لە چاوی خودو ماڵئاوایی
ئەو خۆرەی نایبینمو پرچی زێڕاوی مەغریبو
كامەرانی كۆترە لە دەسچوەكانو و
ڕۆحی ئاوارەبووی خودم بێزارم
دە ئێوارەت پڕ لە شادیو خەفەتی قورس قورس
ئەی بێزاریم فەرمانی بۆ جەنگاوەرە ماندووەكان دەركە
بەسە با بڕۆنەوە ناو باخچە نوتەكە سامدارەكان و
لەوێندەرانێ جەنگی عەشق و ئارەزو دامەزرێنن
بڵی بە جەنگاوەرەكان تا بەر نەفرەتی نەگریسی
سەرابو دژوونی ئەپریل نەكەوتون با سەنگەری
بارانە فەوتاوەكان جێبێڵن
چێژوانتام چۆڵ چۆڵە
هەر بە تەنیا ئەو خەونە سوتاوانەی لێیە

کە نینۆکی بیرەوەریەکانتان سوورتر دەکاو
هێدی هێدیش بۆ خەونە پڕوکاوەکانی ئێوە
پرچی ناکامی خۆی هەڵدەپچڕی
شمشێرەکانتان بدەنە دەستی دارستان
با قەڵغانەکانیش ڕوومەتی مانگ داپۆشی
لێیانگەڕێن با وتاربێژە وێسکیخۆرەکان
خۆیان بڕ و ن بۆ مەتەرێز
لێیانگەڕێن با سوڵتانە هەڵۆییەکان
خۆیان بڕۆن لە دارستانی جەنگ
هەنارو لالنگیو سێوو
مۆزی سەرکەوتن بۆ دەستگیرانە سینگ ڕووتەکانیان
بێننەوە سەنگەرەکان چۆل و هۆڵکەن
قەڵغانەکانتان بکەنە شەبەقەیی بۆ پرچی حەواو
شمشێرەکانیشتان بدەنە
دەستی یەزدان
نەبادا
وەك ئێمە لە پەنجەرەی پشکۆوە ڕووەو دەرگاکانی
سکڵی دەیجوری هەناسەکانتان سەفەر داگیرسێنن
ئاه.. کە ژوورێکی نەفەسبرە
دەبا ئەو پەنجەرەیە ئاوەڵاکەمو
بازنەیەیی لەو سەقفە بنوسمەوە
ئاه.. کە بینینی ئەو دیمەنەیش ئازارمدەدا
چاوەکانم پڕبوون لە پەلاشی ئەو ڕەشەبایانەی
لە پایتەختە گەورەکانی ڕۆمانسیەتەوە دێن
گیاکەی زەنووبیا لە نێو خوێنم پیاسەی ماڵئاوایی
دەبەشێتەوە
شیرینیشم بەینەت دەخاتە سەر
ڕۆحی بالاخانە بڵندەکانی چاوەڕوانی
پەنجەرەی تەواوی ئەنواکە وازی دەکەمو
ناتوانم سەلاو لە نەفەسە مردووەکانم بکەم
تەنیاو تەنیا لە بێریتەیی شەوە بەرەلاکاندا
گوارەی زیوینی گوێچکەی تەنهایم دەزرینگێنەوە
ڕەزمی شەوە بروسکەدارەکانم بۆ دەخوێنێتەوە
ئا ئەو شەوانە تۆم دەکرد بەدەستو قامکو
بەژنی ئەو دارئەستێرانەی کە تازە بناغەی
مەمکەکانیان لەسارا شەپۆلاویەکان دادەڕشت
تۆم دەکرد بە دیمەنی بزۆزیو وەستانو پرسیارە
دژوونەکانی مەرگ لە پرسیار.. تۆم دەکرد
بە خۆمو هەردوو هەناری مێخۆشی

ڕەزی پڕ لە پەرژینی سیەكانیشت
بە كارێزی حەرفو ئاسارەی ساتی ناڕەحەتیم
دەزانم ئاوێتەیی ڕەنگەكان ئازارتدەدا
دەزانم كە بە چاوی مامزینی سۆزە ماندوەكان..
لە پەنجەرەی ڕەنگە تێكەڵەكان دەڕوانی
منت خۆشدەویٚ و دەزانم كە دەمناسیتو گەردەلوولی
ئاگر ئامێزی دێرە قورسە سادەكان ئەزبەردەكەیتو
ڕقت لێمە
منت خۆشدەوی و دەزانم كە ڕۆیشتیشم
دێیتە نێو نوای شەهەوەتو لە بەفری بێتاقەتیو
گومانو
لەززەتو
بیرەوەری
دەخنكێیتو
منت خۆشدەوی..
ئەوەیان گزنگی باوەڕەو
لە شەوەزەنگی شاهانەی ڕۆحمەوە دی
ئەی نیگاری تەونە ئاڵۆزەكانی پەنجەی وەریوم
هەردوو لیمۆی ترش ترشی بێستانی فرۆكەخانە
ئاسماناویەكانت پڕ بە پانتایی میحرابی لێوەكانم
هەڵدەگەزم
قۆپچە و ڕیباو پەنجەرەی پۆلاینی
سەر هەردوو نەخشەی شین شینی دونیاكانت
هەڵزرێنە و دەستت بخە نێو قامكی یەقین و
تا ئەو گێژاوەی جەفەنگی حەشر حەقیقەتم بدی
بۆ ناڕوانیە نیگاركێشە پیربووەكان.. ؟
ئەوانەی عەشقی تۆ بوو بە پەرچەمی نیگارەكانیانو
ئێستەیش ڕووبارێكن لە ڕەنگو ڕاپەرینو
سوراحیێكیش لە گۆرانیە پڕ لە ژانەكان
دەڕۆم بە دوای داندانی نەورەسی نێو كەنار
دەریاچە ئاڵۆزكاوەكانی چاوی وەریم
لە تەك
نافورەیەكی نامۆی شارستانی دادەبەزم
فەنەری ماركێتە سامگرتوەكانی یەڵدا
لە سنەوبەرە گەنجەكانی شەوانی شكانی شوشەی
شامپانیەكان هەڵدەواسم
ئەی سیستەمی بازێڕی بەدەنم:
دەبا ڕووخاویترین بی سەرزەمینی شادمانیم
تەرمی نەمانم خستە گیانی

نەهەنگە ئاڵتوناویەکانی سەما
سەماش دەخەمە نێو
دەربەندی دەمە پڕ لە ئارامیەکانی گیان
ئارامیمن: لە ئاوێزانی جەستەی نیگارکێشەکانو
هەڵوەرینی ئەبرۆی ئاوەدانیەکانە
ئارامیمن: عاشقێکە و
باوکە زۆردارەکان قژی ئاوریشمی هەڵدەپچڕن
ئارامیمن: ونبوونی یوسفو گریانە
بۆ بەرگە خوێناویەکان
ئارامیمن: غەریبێکە لە نێوانی ستیانی مەریەمو
خۆراوای هەردوو چاوە سەوزەکانی ـ ڤالیما ـ
ئارامیمن: هەموو شەوی دێتو بە زەنایێکی ئارام
جاری کڕنووشی ئارامیەکان دەدا
ئەی ڕەوەزو باغی میکیاجکردووی
نێو دۆڵی مەمکە ئارامەکانی خودا
زانیوتە زەمەن ئەتڵەسی
بەر ڕەشەبای کەشتیەکانە
ئاە: لە نووکی ڕمو بەژنی ئاڵاو لاچاوی ئەو کاپتنانە
ئەی زانیوتە زەمەن ڕەشەبای نێو ئەتڵەسی
ئاهەنگی کەشتیەکانە
ئاە: لە کەساسی تەمەن
ڕۆژێك لە ڕۆژان کارنەوەرەسێکی بەختەوەر بوو
بە نزاری سەدەیێکی سەرمەست
گوناهەکانتان دەگۆڕیەوە و چیتر تاجی پیرەژنە حەددیەکانتان
دەکرد بە خانەقایی لە دەفی سێکسو والآکردنی سەری
پیلسی بە کەفوکوفی یاساغیەکان
چی هەیە لەوە تاوانتر.. ؟
بێچوە شازادەکان تەخت
بە شەهوەت بگۆڕنەوە و تەلیسمی تاجەکانیان
ملوانەکەی وەرزێرە لاتەکان بی
بناغەی سکێکم بە تەمەنی ڕەشوڕوت دانا
چاوەڕوانی لەدایکبوونی حۆریەکانبووم
بۆ ئەوەی بیانخەمە سەر شانی لێوەکانمو
تێر کەنارە ڕۆحیەکانی زەریای نا ئومێدیمی
پی ئارامکەم..
ئەو کات ئێوارەیەك بوو
گەلاکانی بەینەت
گوڵالە و لالنگی باسکی ڕووباریان
جوانیپژێن دەکرد

من لە دەڤەری گومانە گەورەکان
بە پردی ئەوینەوە تا پەرچەمی شۆڕەبی ڕاستیەکان
ئەو کات گوێم بۆ شیعرە حەقیقیەکان
ڕادەگرتو
خەون خەون خەونم لە سەرابەکەی بەردەمم
بۆن دەکرد
عەتری رەیحانو
دەستنوێژە جوانەکانی خودم
لە بەژنی نەرمە نازی دەستگیرانداڕەکان دەنوسیەوە
دە ئەمڕۆ ڕێبدە ئەی سەرداری مەملەکەتی
شێوێنراوی هەناسەکانم
دە ئەمڕۆ ڕێبدە با سیحری بزڕکاوی
چەند هەزار ساڵەم
لە مێژووی عەشقە ناکاوەکان بالآبگری
من لە باڵگرتنی خەونە شێتەکانی سەرم تێناگەم
من لە گریانی پرچی هەناسەمو
پەرچەمی سەرح سەرحی ئەستێرەکان تێناگەم
کەی دی من لە ویژدانی پرتەقاڵە سوورەکانی ڕۆحت
حەرفی ڕۆمانسیو جوتبوونی ڕۆمانسیو
گوڵخەندەرانی ڕۆمانسیو خەفەتی ڕۆمانسی هەڵبکۆڵم..
لێم بڕوانە و تەواو تەواو
پەنجەی پڕ لە ئەنگوستیلەی چاوەکانت
لە ئۆقیانوسی ئەندێشەو حەژمەتو ژینەژانم
هەڵچوێنە
سوێند بەحەقی ئالیهە
ئەمشەو ڕەوتی ڕووبەڕووبونەوەی شۆڕشی برژانگەکانو
شەپۆلی ڕاپەرینی زرینگانەوەی گوارەکانت بگرم
سوێندم بە حەقی برژانگو
کلۆڵی چاوە ڕەنگاڵەییەکانی بەفر
ئەمشەو بە هۆزانو تارای گوڵە سیحراویەکان
تاراجو تەختی کۆشکی شاهانەی عاتیفەت هەڵبوەرێنم
سوێندم بە حەقی ئێستەتیکی هەڵوەرین:
ئەمشەو خۆمو زەریاو کەناری ئەم شەوە خاپورە تەواوی
ئەشکەنجەی سامالّی پەنجەکانت بپڕوکێنم
ئەی ئیلاهیمن: سوێندبی بە حەقی تۆ
بەحەقی ئۆخژنی نێو دەماری مەمکەکانت
ئەمشەو ولآتی هەوەس و خەونەکانت تەفروتناکەم
زۆر هیلاکم: ئا تۆ
ئەی وەرزی نەهاتنەوەی هەڵلەرزینی جەستەی ماسیەکان

زۆر هیلاکم بە دوای ئەو هێڵە دوور و درێژانە
ئا هێڵی ئەو شەمەندەفەرانەی کە دواخاڵیان بەهەشتە و
لەوێندەرانی
سەرزەمینەکان
تاعون و بومەلەرزەی میهەرەبانی
هەڵدەمژن
زۆر هیلاکم بەدوای ئەو هێڵە دوورو درێژانە
ئا هێڵی ئەو
مێژووە ڕەنگاوڕەنگانەی دیمەنی سروشتی ڕەنگاوڕەنگی
ئایندە دەدەن..
زۆر زۆر بەدوای ئەو کوپە زیوانەی لە یەزدانەوە
بۆم جێمان سەرگەردانم..
ئێستە دوای مەلەکی تاووس خۆمم سەرداری تاقیگەی
هەورە ئازمایشدارەکان
ئێستە دوای ئەزمونەکانی نێو دەریا
خۆمم دەڕۆم بۆ لای ئەشکەوتی نەهەنگەکان
ئێستە دوای ڕژانی تنۆك تنۆکی خوێنی نینۆکە سورەکانی
قامکی مانگ خۆمم وەریسی زامەکانی ئەو
ئێستە دوای کوشتنی پیاوە خائینەکان خۆمم دەبم
بە باوکی ئەستێرە تێهەڵدراوەکانی چارەنوسم
ئێستە چۆن دەستت گرتی بەم شەوە پڕ لە بروسکەیە
بەرەو فەنا تێمان هەڵدەی.. ؟
چەند دڵۆپە دوکەڵێك لە یادەوەری
مەرکانێکی پڕوکاو
(بە بۆنەی بیرکەوتنەوەی ـ با ـ و ڕێزنان لە
هەڵمەتی شەپۆڵ)
ـ 1 ـ
لێرە لەنێو ئەو چاوە ژاکاوو شکاوانەی
دڵۆپی دوکەڵو
زەخرەفەی شڵەژاوی سیمای تاریکی مەرکانێك
با خۆری قەسیدەیێکی سکاڵا ئامێزی بێگوناح
بکەینە دەریاوانی ئەڵماسە لەتبوەکانی
بوحەیرەی بەختمان
لێرەوە ئا لێرە، لەم خاڵی دەرچونو ڕۆچوونە
با پەنجەرەی فرمێسکە داخراوەکان
لە باڵای گەردەلوولی
داستانە ڕەشەکان
بخەینە سەر پشتو
بەسەر خاچی گوناهە ئەبەدییەکانی ئێوەیش

دەرگای دەربەندی برینەکانمان ئاوەڵا بکەین
لێرەوە ئا لە گۆشەیەکی پڕ ئەزمونی
ئەم کەوێلە نوتەکەدا
دەبا لەسەر کایەو شەونمو لاپاڵی داستانی کلۆڵیمان
حیکایەتی دوورو درێژی دوکەڵ بنوسینەوە.
2ـ
(کازیوەی حیکایەتی ئەو شەوانەی
ـ تۆفان و ئەستێرەکان گۆرانی دەڵێن ـ)
کاڵیەتی ئەستێرەی بەیانیو ئاسمانی بلۆندی هەناسەو
زولفی پەرێشانی حەرفە دۆشداماوەکانت.. نمنم
لە چرپەتی دڵی ئاراماییو بێ نەفەسی چاوی عەردو
دەستە
دەستەیش
ڕۆندکو ئازمایشی بەفرە رووناك و رەنگینەکان
لەسەر تەریقەتی ـ با ـ سەما دەکەن و ستران دەچڕن
ئای لەو گوڵە هێرو شیلانو بەیبونە وەریوانەی تەمەنم
ئەوەیان فەرهەنگی بەیانیێکی درەنگ کاتی
چەند پڕ لە شەوەزەنگی چرستان ئامێزە بۆ سەحەر؟
ڕووباری پیلزی کولمَەکانو
ڤاینی فیردەوسینی سەر کێوی مەمکە حەزینەکانت
بخە سەر ئاوەدانی مەمکەکانم
ئەی خامۆشیترین ڕەهێڵەی دورگە تەنهاکانی عەدەم
ئاخ.. لەو گوڵە پەژموردانەی تەمەنم جارێکی تر.
لەو لافاوانەیش
کە دەمپروکێننو، چەپکی گوڵاو و شووشەییێك شەونم
نابەخشنە گۆڕەکەم.
گۆڕیمن میحرابو زۆزانی نیشتیمانی کنایپەیێکە
شەوانە دەیانو سەدان فریشتەی ڕاقیسەچیو
سەدانو سەدان شەیتانی سەرخۆشو
سەدانو هەزاران پێغەمبەری کاپیتاڵ
دێنو لە ئاگرو لە خاچو لە شەهوەتی بەزمەساتی خۆیان
هەڵمدەکێشن
تۆ ئەی پاڤلینی بەنازونوزی ئێمە
ئەوەیە سزای ئەو کفریانەی
کە بۆ (چیمەنو) کە بۆ (فورات) ت دەهێنایە خولقان
ئاهـ کە سەحەرێکی بێویژدانو دەرەنگکاتی
چەند بێئیرەمو عەردو خوایە بۆ ئەڤین و
مەرقەسێکی چەند بێشەرابیش
بۆ سەما لەو ئاگری ڕاموسانە... ؟

سەر هەڵبڕەو بڕوانە دوكەڵو تەمتومانی
ئەو دەڤەری كاولبونە و
ئەو وێسگە وێرانبوانەی یەقین.
سەرهەڵبڕەو هەڤپەیڤینی بومەلەرزە بكەو بڵی:
بە قژی بڕۆنزی چاڵكراوی پڕ لە باقوبریقی خوداوەندی
جەنگو
جەنگو
جەنگو
بە بنی شەقیوی ملوانكەی
پڕ لە دۆزەخی دەربەندی كەحێڵە گریاوەكان و
بە شمشاڵی گەردەنی (فورات)
پێیانبڵی:
فاكسی لە كاروان جێماوی كاژێرەكانی نێو گلێنەتم پێگەیی
سەر هەڵبڕەو دیمانەی ئەو ئەو بینایی نادیارییە بنوسەوە
كە سەرزەمینی پرسیارەكان هەڵدەكۆڵن.
سەرهەڵبڕەو بڕوانە دوكەڵی ماڵی كاولبویی
ئەو وێستگانەی گومان
سەر هەهەڵبڕە
ئیتر ڕۆحێكی تاریكو تاریكو
سپێدەیێكی نووتەك نووتەكی بێ پرسیاری درەنگكاتی
پڕ لە ڕەنگی هەورە بۆ ئەوین
سەر هەڵبڕەو شێتانە، بڕوانە ماڵی كاولبوویی
ئەو وێسگە تاریكانەی گومان
سەر هەڵبڕەو
بڕوانە ئەو دارنەهەنگانەی لە ئەرخەوانی وێسگەكان
چرۆ دەكەن
سەر هەڵبڕەو بڕوانە
خەرەندێكی چەند تاریكو، بەیانییێكی چەند بێهەوارە
لە شیعر
تەماشاكە و بڕوانە ئەسپی شەكەتی ماڵی دۆڵەكان
منیش وەكو ئەوان.. ئێواران
هەورێكی بەغاری نەرمونیانی ڕەشپێست دەكرم
لە تنۆك تنۆكی گۆی مەمكی ـ ڕاین ـ و
شەفەقی بەفری باڵای ـ ئەلپ ـ و
خەفەتو مەراقی خەونەكانی تەك
ـ داستانی ڕەش ـ غەرق دەبم
تۆ هەر بەسەر باڵای فێنكی داری بەختت ڕاكشاوی
لە لێواری چاوی ڕەنگاوڕەنگی
كۆتری ڕەشئەسمەری چاوەكانت ڕادەبم

تۆ هەر بەسەر باڵی باڵی مەمکی مەملەکەتی
هێرۆین بارانکراوی فەنتازیاکانت ڕاکشاوی
ئێستە ئێوارە بارانێکی زۆر چڕترە
بلاجکتۆری سەفاو سروشتو سروشی خۆشبەختی
وشەی ئاوەدانی کەزەبم هەڵوەری..
تۆ هەر بەسەری پێدەشتی پڕ لە کوریك و قەنەفری
سینگی مانگی هیجرانت بەڕووتی ڕاکشاوی
تۆی هەر بەسەر پێدەشتی پڕ لە کوریك و قەنەفری
سینگی مانگی هیجرانت بەڕووتی ڕاکشاوی
تۆیش هەر بەسەر پێدەشتی پڕ لە کوریك و قەنەفری
سینگی مانگی هیجرانت بەڕووتی ڕاکشاوی
ئێستە پەڵدابارانێکی زۆر چڕترە
حوسنی شناپسو شامپانیای
سەرمێزی دەرگاوانی یادەکان بوون
بەو ڕەوە پاپۆرەی
کە لە زەریای تواوەی عاتیفە
پەنجەرەی کەنارەکانیان داخراوە.
ئا.. چریترین ماسکو تروسکەی بومەلەرزەییێکی
بازنەیی بارانە ئەمشەو.
تۆش هەر بەسەر باڵی باڵی مەمکی مەملەکەتی
ئەستێرەبارانکراوی خەونەکانت ڕاکشاوی
دەرکەوە ئەی ئیشراقی گوڵزاری مێژووی ئاورینگو
سەرداری مەعبەدە پڕ لە خاڵخاڵۆکەو
مەرجانە گیان خەوتوەکانی دەڤەری شەرابەکان دەرکەوە
دەرکەوە
دەرکەوە
دەرکەوە
با باغو دەوەنو کریستاڵی نیشتیمانی زوحەلە سوتاوەکانی
سەر خەرمانی سینگم
هەزاران جاریتر گەوهەرو ڕۆبینی شەو بنۆشنەوە
تۆ ڕاکشاویو
تۆ ڕاکشاویو
تۆ ڕاکشاوی
بە ڕاکشاوی
گوناحەکانم لە لانکی مەمکەکانت دەسرازەکەو
بمهەژێنەو
خەونی خەوی بەختەوەریم فێرکە
مەمکەکانت لە لانکی خەونەکانم دەسرازەکەو
بمپروکێنەو دەرسی گوناحم فێرکە

ئەوەتانی ئەو کەشتیە
زەیتون هەڵگرانەی
لە دەریایی ناوەراستەوە دێن
وەك غاری بەر بارانی کەحێڵی
لە تەمتومانی سارای ئایەتەکان
بارانی لە دووری دوورەوە
بەرەو گوڵەگەنمە وشکەڵاتوەکانی
کێڵگەی تەنهایم دی
ئەوەتانی بە هاتنی ئەو پاپۆرە نامە هەڵگرانەی
لە مینا پانوپۆڕەکانی هامبۆرگەوە دێن
وەك تێهزرینی پڕ لەدێوەزمەی ئاسکی
کە لە چنگی شەهوەتی لێوەکانی پڵنگی رادەکا
بارانی لەوی
لە ئاگری زەماوەندو
لە تاریکایی زریانو
لە گلەییەکانی دڵی دڵی خواو
لە ئەشکی لەت لەتبووی بەردەرگای
ماڵە جەهەننەمیەکانەوە .. دی
ماڵە جەهەننەمیەکانەوە .. دی
ماڵە جەهەننەمیەکانەوە .. دی
پاداشتی ژانەکانم لێت ناوی
تۆ ئەی سیحری پەرچەمە هیلاکو
گڵۆپە پڕ لە زەیتونەکانی باران
ئەوەتانی لە نۆژەنەوە
ڕێمدایە سەرابە نزیکەکان
دەستبخەنەوە باوەشی کەشتی
سزای مەراقەکانم لێت ناوی ئەی خودی تۆ
بەڵام دڵنیابە، لەشکری سەرابم پڕ چەککردوە
ئێستەیش وان
خۆیانو شمشێری ترازانو
لافیتەی پڕ لە دروشمی خەزان
ڕەوتی دەریای دڵی
سەرچنارو
سەرچنارو
سەرچناریان
دا
گیر
ساند
ئەوەتانی

ئێوارەیەو
زۆر بە هێوری
ڕێمدایە سەرابە نزیکەکان
دەستبخەنەوە باوەشی کەش
ـ 3 ـ
(ئەو دۆزەخانەی ملوانکەییێکن بۆ گومانو
بازنەیەکیش بۆ بەختەوەریەکانی نەسیم)
ـ یەکەمین دۆزەخ ـ
کاپتنی ئەو کەشتیانەی نێرگزو نەسیمو ڕۆناهیو
ڕەیحانیان لای حۆریەکان دەهێنا.. ڕادەکەن.
ئەوانەیش
ئەوانەیش
کە نەخشەی ئۆقیانوس دەڕفێنن
پۆل پۆل دێنو
ئالای شادمانی سەرکەوتن لەسەر
شەقامی شەپۆلەکان دەنەخشێنن.
ـ دۆزەخی دووەم ـ
تۆ بریارتدا
لە سکلۆ لە گۆڤەندی بیبانی پشکۆو
لە نائارامی خۆلو لە هەقیقەتی تێنەگەیشتنەکانا
تێبگەی
ڕێتدا ڕەقیبە دۆڕاوەکان
مەیدانی گەلای درەختەکانی چاوت بکەن بە پەیژە
پەیژەیش تەمەنتی دایە نێو
خولگەی هەلالە مردووەکان 0

ـ سێیەمین دۆزەخ ـ

جارێکیتر دۆزەخە
خۆلاوی هەتاو دەداتە دەم
ڕۆنیەتی روباری نەفەست و
بیری دارئەرخەوانی چاوە بڕۆنزیەکان
شێلوترین دەکا 0
ـ دۆزەخی چوارەمین ـ
ئەوجارەیش سەردەمی بەختەوەریت شاد
ئەی جەنجالێترین سەردەمی دۆزەخ 0
ـ پێنجەمین دۆزەخ ـ
قوببەی شەونمی شەونمی شەوانی دەربەندی بەختم

سەفەرت خۆش
پەلکە زێرینەی دەربەندی دارسەروو
سەرمەستی چراو جەننەتو
ئەو دەوارانەیش
کە ڕێبوارانی وڵاتی حۆریەکان
جەنگی ئەوینیان تێدا دەسازاند
سەفەرت خۆش
تۆیش
بڕەقسەو
بەسەر سککەی تونێڵی وێستگەکانی جەحیم پاڵکەوە
بڕۆ بۆ نێو پڕشەنگو پەلکەزێرینەی مەملەکەتی
وشە
وازبێنە لە لافی ئەو دارئاواتانەی
لە قودسیەتی نوێژی گوناح تێناگەن
قەدەح نۆشبەو
لەگەڵ هەیڤ ژوانێك
لە ناوەڕاستی زەریایی ئارامدا بسازێنە
لەگەڵ منیش لەبەردەمی (فورات)
لەگەڵ منیش لەبەردەمی (قەڵات)
لەگەڵ منیش لەبەردەمی (خوا) و
لە بەردەمی دۆزەخ و لەبەردەمی (نەمری)
ئەی بەرد بە بەردی سەوزاتی مورادو
مۆریو مەرجانە ڕوخاوەکانی فرمێسکی شکاوت هەڵمژم.
ژیانپۆشبەو
دەبا جارێکیتر جەنتاکانمان بەرەو فەتارەتی
بەختەوەری تێکنێین.
ـ 4 ـ
بە ملپێچبوونی جەنگو ڕێگا بازنەییەکان
بۆ پێشبینی چەوتی خەونە ئاواژوەکان دیاریە
ـ جەنگ ـ
دارەوانێکی سینگ بە هەلهەلەی
شێت و سەرسامە
لە دارستانی ئەستێرێیەکی تاریك و
لە مەملەکەتێکی پڕ لە گەڵای زەردهەڵاتوو
لە گۆشەیەکی زێدە ئەفسوناوی هەڵدەکا.
ـ جەنگ ـ
بە تەورو شەوو گەردو درەخت و
ڕەهێڵەی ڕهێڵەی ئەو گەردونی لێرەوارە ئاشنایە و
بە ئاقاری سینەو شاخیەتی گلێنەکانیشی

لای شاژنی ئۆفیسەرە سوڵتانەکان
بەناوبانگە
(بەختەوەری) کۆیلەی ڕەشپێستی جەنگ سەدبارە
لە نیوەڕۆی شاژنەکانی دەربەندی شەڕ ترسی هەیە
لە مانگی ئارەزووی ژنی سوڵتانەکانی شەڕ ترسی هەیە
لە بومو لە هەڵۆو لە غەزەبی غەمناکی چاوی ئۆفیسەرە
پەککەوتوەکان
ترسی هەیە.
ـ 5 ـ
ژوانی زاتە ترازاوەکان جارێکیتر لەواری حەرف
هالآوی تراویلکەیی یەکبونمان.. سەقەمێکی تێنوە
ئاخ بینایم.. بۆچ سەوڵو پەڕە موچەی هەڵواسراوی
دێوانەیی سەرم، مەلۆتکەی سروشتی ئاوەدانیمە؟
بۆنی هالآوی تێکەڵبونمان خوداوەندێکی یاخیە
ئاخ بینایم.. بۆچی تۆیش لێواری لێواری
سروشکی مەلەوانگەی بورکانەنی؟
لەنێو لمی ئەو کەنار زەریایە بەڕووتی بەرەو
ڕوگە سەرمەستەکانی ئاو غلۆربەوەو
غلۆربەوە
ئەی کۆنفراسی گۆڕستانەکانی
نێو جەنگی خۆراوای خەیاڵم
جلەوی رووبارەکانی ڕۆحت بەردەو
ئاوەدانیم تەنهاکە
جلەوی
شیعری چاوەکانت
ئا.. ئەو چاوانەی لە کەناری ئۆقیانوسی قەرەباڵغی
ڕۆنیشتونو، قەسیدەی تێکەڵ بوون دەفرۆشنە زەریا
پەنجەرەی شیعری ئەزمونت ئاوەلآکە و تەنهایم
ئاوەدانکە.
ئاوەدانیم تەنهاکە و خەڵوزی جەستەم
لە شوشەیەکی ڤاین بنوسەوەو بە زەریام دادە
ئاگاداربە، لە نێو لمی ئەو لێوار زەریایە
ڕۆشناییەکان و تاریکی دەخەمە نێو
جامێکی زیبیونی پڕ لە زەخرەفە
لێدەگەڕێم، قفڵەکانیش هەناسەم برفێنن و
بە ئۆخژنی لە ڕۆحی شەیتان و
لە ڕۆحی باران و
لە ڕۆحی خودادا
ئارام بگرن.

لێدەگەڕێم قفڵەکانیش بۆ تاهەتایی لە ڕۆحی دۆزەخ
گرێبدەن
هاڵاوی بۆنی گەردەنمان میهرەو
لە کێڵگەو مەملەکەتی
ئەو کژە باران و حکومەتی نیسانە دەڕوێتەوە.
ئاگاداربە...
کەشش دەکەین ویساڵی کۆمبوونی ئاوێتەیی
بڵێسەکان.
زەمەنەکان کەشش دەکەین و
دەس بەندی سەفەری تێکەڵ بوونمان دەبین
منو تۆ بە قورسی تێکەڵ دەبین
منو ئەو لەکافور بە قورسی تێکەڵ دەبین
منو ئێمە بەقورسی لە مەلەوانگەی کافوری ڕوَح
تێکەڵ دەبین.
منو ئێوە لە گیانی دەڤەری کافور
ئەمڕۆ بەقورسیترین خەستی تێکەڵ دەبین
منو ئەوان لە دەڤەری کافوری ڕۆح ئەمڕۆ ئێوارە
بە خەستیترین شێتی تێکەڵ دەبین.
منو خۆم هەرئێستە لە ڕۆحی دەڤەری خەرابات
دوورلە مەمکی کافوری دڵی دڵی یەزدان شێت دەبینو
تێکەڵ دەبین.. تێکەڵ دەبینو دەبیەوە بیرەوەری
ـ 6
داستانی بەفرو ـ پەڵەی ڕوانی دوکەڵێك
بە بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی فیردەوس
بە دۆزەخ پێشکەشە
لێگەڕی با پۆشاکەکانت ڕوگەی ئۆقیانوس
بیـ
ڕفێـ
نـی
بڕۆ لەدەریاچەی خاڵی گیانت
بە ڕەنگی شەو بڕەقسەو
بە پەیژەی فنجانێك لە دوکەڵ
بەرەو دەمی هەڵچوونی هەور هەڵزنی
دەرگای دەربەندی نامەی مەمکەکانت داخەو
لە پۆستخانەی سەفا
بۆ کارئاسکی نارنجی چاوی کۆترێکی سەماکاری
بەر دەروازەی کڵێسەکان
بۆ نیانیی گلێنەی سوری گڕکانەکانی پۆستکە
بێ شەپۆلدان لە ئەستێرەی شەقیوی ڕۆحت بڕوانە

بۆ لافاوی دورگەی پەنجەکانیشت سەرمەستبەو
تنۆکە حەرفی شەیتانی چاوەکانت دەربازکە.
پێڵوەکانت بەبی چرپە داگرەو
بانگی ئەو چیرۆکانەیش سازدە
کە لە دوماهی
فیلمی ڕۆمانسی عەشقی لێدەبێتەوە
تۆ بەرەحەتی چاوت زەمەن دەکرپیتو
لەویش دەبیت بە ڕۆماننوسێك هەر بەتەنها
ئەو سپێدانە دەخوێنیتەوە
کە لە دەستی کچە سێکسیەکان زناکدراون
خۆت سەرمەستکەو بە رووتی جەستەت بنوسێنە
بە جوگرافیای کەڤەرێك
ئەو ژاوە ژاوەیش جارێکیتر بڕواتبی
بەو دورگانەی کە دوای هەژدە ساڵ جارێك
دەبێتەوە کاروانسەرای کەشتیەکان
بۆ ڕحلەی ئەمجارە مەهێڵە
ئەو پاپۆرە گوێی لە نەغمەی دوکەڵی پشکۆکانتان بی
بڕۆوە بەرەو خاڵیبوون
خاڵیبونێك ئەی مەرگ
تەنانەت لە ڕۆحیش
خاڵیبەو داستانی
ڕۆحانیی روخانی بەفر بێژەو
پەڵەی ڕوانی دوکەڵیش مەبە
لێگەری با پۆشاکەکانت ئۆقیانوس بیرفێنو
لە گۆڕستانی بەستەڵەکی ئامێزیشت
هەرەمی ڕوَحت بڕوخێنە
ئیڤلی (فوراتی) بێکەسیت وێرانکەو
تۆی وا بەژێر
سێبەری گزنگە رووتاوەکانی پەڵەو
دۆشدامانی درەختی ئیمپڕاتۆریەکی هیجرەت نامەیەك
ڕا.. کشا.. وی
چاوی ئەو هەورە پێخەڤە..
لە بەفری نامورادی کێڵگە زەردەکانی
تۆفان
بخەوە..
باوەشێنی بەو
ڕەهەندی چری پڕ لە هەڵقەهەڵقی پەیژەکانی
نائوێدیت بخوێنوە
لە بورکانە ڕووناکە بەرەو فەتارەتی حاڵیبوون

لەو سەهەندی زریانە بەڕێکەوە.
پشتت بخە باوەشی قەدەرو
هێدی هێدی کەزی زەنگیانەیی پڕ لە ئاگراوی بۆ
بنەخشێنە
باوەشت بخە پشتی قەدەرو
بە مسکو شەونمو خوا چەوری بکە
لێگەری با پۆشاکەکانت زەمەن بیرفێنێو
منیش
منیش
حیکایەتی بەفرت بۆ دەکەم
لێگەڕی با پۆشاکەکانت ڕەهێلە بیرفێنو
منیش
منیش
ڕۆمانی پەناهەندە بوونی ڕووبارت بۆ دەکەم
لێگەڕێ با پۆشاکەکانت خوا بیرفێنو
منیش
منیش
قورئانی پڕ لە گەوهەری ژوانەکانت بۆ دەکەم
لێگەرێو لێگەڕی با بەم ئێوارەیە
پۆشاکەکانت خوا بیرفێنو
ئێمەیش
ئێمەیش
بەڕووتی لە دۆزەخی ئەو زەمزەمە
بانگەشەی مەلە تێکەڵبوونمان
لەو میحرابە کاولبووە جەنجاڵەدا
بدەینە دەم شنەی بەدبەختیمان
ئێمە گەڕاین
بۆ ئەوەی ڕۆژی لە نهێنیەکانی عاتیفەی بەدبەختی
تێبگەین.. ئێمە ئەستێرەکانمان خستە نێو لەپەکانمان
بۆ ئەوەی لە تەمتومانی سپێدانی دۆڵی دوکەڵ تێبگەین
من هەڵسامو گوتم:
بە هێنانی مانگ دەتوانم لە تاریکایی ئەو قەیرە لافاوانە
تێبگەم کە ڕووباریان لە خاچی پەلکە زێرینەی شیعر
هەڵواسی
ئەودەم بەفر دەخزایە دەم مەمکی ڕووبارو
بە سەوڵی یەقین پیتەکانی دەخستە نێو گەنجینەی
شاعیرە شاهێدەکانی ڕۆمانسیەت.
ئاخ لە هێواشیی ئەو دۆزەخی توانەوەیەدا تێناگەم
دەژییو شێتیەتی بە قەسیدەیی

بۆ ئەستێرەکان ڕادەگەینی
دەژییێو سوڵتانیەت بە ئەستێرەیەك
بۆ بەرو مەمکی
مەریەم ڕادەگەیەنی
دەژییێو بە یەزدانبوون
بە هەردوو گۆپکەی مەمکی مەریەمێك
بە سادەیی سەرزەمین ڕادەگەینی
دەژییێو بە تاریکایی
چاوی شەوی دەڵی: عاشقی دەربەندی تاریکیتم
دە ڕوناهی بەخشبە.